# ڕێبەندان بۆ خاکەلێو

ڕێڤان عوسمان



# ڕێبەندان بۆ خاکەلێو

ڕێڤان عوسمان

ناوی پەڕتووک: ڕێبەندان بۆ خاکەلێو
نووسینی: ڕێڤان عوسمان
تایپ و دیزاینی بەرگ: هەوار نوری
دەزگای چاپ: چاپخانەی چوارچرا
بابەت: سیاسەت و کلتوور
ئەرکی چاپ: گۆران هادی
ساڵی چاپ: ٢٠٢١
تیراژ: (٣٠٠) دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار یان دیاریەکە بۆ تۆی خوێنەر یان هەر نرخێک کە پێت گونجاوە...

پێشکەشە بە هەموو ماندووانی ڕێگەی ڕەوا
پێشکەشە بە گیانیی بەرزەفڕی
شەهید ئاکۆی سەلمانی کفری

# 'باس و خواسەکان '

پێشەکی .......................................................... ٧
چوار .............................................................. ٩
ماسک ............................................................ ١٣
پرسیارێکی تر ................................................... ١٧
ڕاکان ............................................................. ٢٤
بۆ کۆت کراوین؟ ............................................... ٣٣
هەڵبژاردن ....................................................... ٣٥
ئەگەر کورد بوونایە ........................................... ٤٠
کام خراپین؟ ..................................................... ٤٣
دەسەڵات و کلتوور ............................................ ٤٨
دەوڵەت و کلتوور .............................................. ٥٣
گۆزە .............................................................. ٥٦
دوورپەرستی ..................................................... ٦٧
ڕای باو ........................................................... ٦٩
ترسی خەڵک ..................................................... ٧٢
سیستەمی نەمروودی ........................................... ٧٧
زۆرینە ............................................................ ٨١
ئامانجە داتاشراوەکان ........................................... ٨٤
بیر و پێوەر ...................................................... ٨٧

کاردانەوە یان کار؟ .............................................. ٩١
باوچی ................................................................ ٩٣
پاڵەوانی مێژوو .................................................... ٩٨
پەیمان ................................................................ ١٠٢
دەستکاری دونیا .................................................. ١٠٥
شەڕەکە .............................................................. ١١٠
کۆتایی ............................................................... ١١٤

# پێشەکی

لەم دونیایەدا کە ئێمەی کوردی تێدا دەژین، هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە خەریکی ژیانکردنین وەک گەلێکی: ڕەسەن و دێرینی ناو چیاکان و خاوەنی شـــــارســــتانییەتە کۆنەکان. کەچی ئەوەی هۆشـــمەندان درکی پێ دەکەن، نەبوونی تیژ و هزری تایبەت بەم گەلەن، کە بەشـــێکی زۆر لە نەهامەتی و قەڵبەزەکانی مێژووی پڕلەســـەختیمان پەیوەندی بەم بۆشـــاییەی پەڕتووکخانەی گەلەکەمانەوە هەیە! زۆرن ئەو پەڕتووکانەی کە لە بواری شـەن و کەوکردنی کۆمەڵگە و چنینەوەی چارەســەریی گرفتە سـیاسـی و کـۆمەڵایەتـییەکـانـدا نـووســـراون، بەڵام ئەم پەڕتـووکەی لەبەردەستتدایە بنکۆڵێکی: ڕەسـەنە و هەڵقووڵاوی ناو کۆمەڵگەی کوردی و ئـاریشـــە و نـاهەمووارییەکـانییەتی. جگە لەمەش چـارەســـەری وەهـا لەم پەڕتووکەدا خراونەتە ڕوو، کە کـاتێک خوێنەر پەڕتووکەکە بە کۆتا دێنێت ڕاستییەک درک پێ دەکات کە پێشـتر کەمجار خەرمانی نووسـینی پەڕتووکەکانمان بە خۆیەوە بینیوە، نووسەری ئەم پەڕتووکە بە زمانێکی شیرینی نەتەوەکەمان و بە تیکسـمڕاندنی زۆرێک لە زاراوە کوردییەکان شــەن و کەوی ئەو بارودۆخە گرفتبارە دەکات، کە ئێسـتا گەلەکەمانی تێدا دەژی. نووسینەکانی دەست دەخەنە سەر کێشە بنچینەییەکانمان کە هەتا چارەی ئەوانە نەکەین ناتوانین هیچ چارەســـەرێکی بنەڕەتی و یەکجاری بدۆزینەوە و لە ئاکامدا هەر بە شـــێوازی کاتی و فریودەرانەی خەڵکانێکی هەلپەرسـت کێشـەکانمان بەردەوامی پێ

دەدەین. ئەو: ڕیشـــەیەش چارەســـەری کولتوورمان و هەڵکەوتەی هزرمانە. نووسەر بە چەندین گەڕان و توێژینەوە و کاری کردەیی لە ناو خەڵک و چەشتنی نەهامەتی ناو نەتەوەکەمان دەگاتە ئەوەی بڵێت کولتوورمـان حوکمـان دەکـات. بە درێژایی خوێنـدنەوەی پەڕتووکەکە تێ دەگەین لە ڕاستی ئەم بابەتە و لەوەش تێ دەگەین لە ژیانی ڕۆژانەمان سـەدان کێشـەی جۆراوجۆرمان بۆ دێتە پێش کە لەم گرفتەوە توشـــمان هاتووە، بەڵام ئێمە وا دەزانین گرفتەکە لە لایەکی دیکەوەیە. بە گوزەرکردن بە نـاو چیرۆک و حیکمەتە پڕبەهاکانی پەڕتووکەکەدا، کە هەندێکی بە زمانی سـەرگوزشـتە و هەندێکی تری بە دواندنی خودی خۆمان لەم کاتەی ئێســــتاماندا، ئەوە ڕۆشندەکاتەوە کە چەندان کۆت و بەند و گیرۆدەیی قووڵمان هەیە کە کەڵەکە بوونەتە سـەر یەکتری و ئێمەش دۆشـداماوین لە مامەڵە کردن لە تەکیاندا. بەنرخیی ئەم نووســـینە لەوەدایە وەک ئـامرازێـک دەمـانخـاتە نـاو بیرکردنەوە لە خۆمـان و لە ژیـانی نەتەوەکەمان و تێدەگەین بۆچی ئێمە لێرەین؟ بۆچی دۆخمان بەو جۆرەیە؟ بەرەو کوێوە خەریکین ڕێ دەکەین؟ بۆیە ئێســـتا تۆی خوێنەر و ئەودالّی زانین و ڕاســـتی بەختەوەریـت کە ئەم پەڕتووکەت لەبەردەست دایە و دەتوانیت بە دوورییە جیاوازەکانی ناوی ئاشـــنا ببیت و نزیکببیتەوە لە وەڵامی ئەو گرێ و گۆڵ و مەتەڵانە کە مێژووی هەزاران ساڵەمان پێمانی بەخشیوە و ئێمەی مەحکوم کردوە بەم دۆخەی ئێستامان.

گۆران هادی

# چوار...

دەگێڕنەوە لە مەملەکەتێکـدا چوار کەس دەژیـان، ئەم چوارە ناوەکانیان: (هەموو کەسێک)، (کەسێکیان)، (هەرکەسێکیان)، (هیچ کەسێکیان) بوو. ڕۆژێک کارێکی زۆر گرنگ هاتە پێشەوە (هەموو کەسێک) دڵنیابوو لەوەی (کەسێکیان) پێی هەڵدەستێت. ئەگەرچی (هەرکەسێکیان) دەیتوانی ئەو کارە بکات، بەڵام (هیچ کەسێکیان) نەیـانکرد. یەکێکیـان بەمە زۆر تووڕە بوو، چونکە کـارەکە هیی هەموویـان بوو! هەموو کەسێک وای بۆچووبوو کە ڕەنگە هەرکەسێکیان هەڵسێت بە کردنی کارەکە، بەڵام هیچ کەسێکیان بیری لەوە نەکردبووەوە کە هەموو کەسێک نایکات. سەرەنجام ئەم کـارە هەرکەسێکیـان دەیتوانی بیکـات، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێکیان نەیکردبوو، هەموو کەسێکیان کەسێکیانی تۆمەتبار دەکرد. ئینجا خوا بکات ئەم مەملەکەتەی باسی دەکەین، ئەوەی ئێمە نەبێت. بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئێرە نییە. ئێرە کەسانی مەردی زۆرە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و لێی ڕانەکەن. ئەم بەرپرسیارێتییە سەفەرێکی دوور و شەڕێکی گەورەی لە چارە نووسیوین.

وای دابنێ لە شارێکی گەورەدا لە گۆڕەپانێکی چوارڕێیانیدایت، هەر ڕێیەک و بە ئاراستەیەکدا دەڕوات. لەم چوارڕێیانەدا هیچ تابلۆیەک نییە و تۆش جێیەک هەیە دەبێت بۆی بڕۆیت، سەرەتا

ڕێگەی دەستە ڕاست دەگریت و دەڕۆیت زۆر دەڕۆیت؛ ناخۆشی چاڵوچۆڵی، سەختی ڕێگاکە، برسێتی و هیلاکییەکی زۆر ئەمانە هەمووی دەبینیت لە کۆتایی ڕێگاکەدا تێدەگەیت کە هەڵە بوویت، تەمەنێکت بردەسەر، چ کەم بێت یان زۆر، کەچی ئەم ڕێگایەش هەرگیز ناتگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە بۆی هاتبوویت. ئینجا لە کۆتایی ڕێگاکەدا، دوو ڕێگا هەن: یان بەرەوام دەبیت و ناگەیتە مەبەست، یان ئەگەڕێیتەوە بۆ خاڵی سەرەتای چوارڕێیانەکە و دەست پێ دەکەیتەوە. کەسێکی بەورە و کۆڵنەدەر کە مەبەستی گەیشتنەکەی بۆ گرنگە دەگەڕێتەوە و دەستپێدەکاتەوە، با وای دابنێین یەکێکیت لەوانە. ئەم جارە ڕێگای بەرانبەر یان ڕێگای ڕێک پێچەوانەی ڕێگای سەرەتا هەڵدەبژێریت و سەرلەنوێ ملی ڕێگا دەگریت و دەڕۆیت. ڕێبوارێکی ماندوویت سەرەتای ڕێگاکە کەمێک جیاوازە! بەردەوام دەبیت تا وردەوردە بۆت ڕوون دەبێتەوە و زیاتر درک بەوە دەکەیت کە ئەم ڕێگایەش ناتگەیەنێتە مەبەست، لەوێ سێ ڕێگا هەیە: یان گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا و دووبارە دەست پێکردنەوە، یان بەردەوام بوون و نەگەشتن یان وەستان و کۆڵدان! ئێ ئاساییە کەمێک دانیشە و ئاهێک بکێشە! دەمەوێت بڵێم بێهیوا بوون لە شتێک، ڕێگایەک، حیزبێک ئاساییە! هەر بەو سانایییەش دەکرێت لە شتێک یان کەسێک بێهیوا ببیت، نەک لە هەموو ژیان. مەگەر ئەو هەڵەیەت کردبێت ئەو کەسە یان ئەو ڕەوتە یان ئەو شتەت بە هەموو ژیان دانابێت. لەبیرت نەچێت تۆ ئێستا بە ئەزموون بوویت، شارەزای ئەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی

ڕێگاکانیت، ئیتر بە ئاسـانی دەتوانیت و دەزانیت ڕێگای ڕاسـت لەنێوان ڕێگـاکـانـدا هەڵبژێریـت، بە ئەزموونەوە بە وردی و دڵنیاییەوە تا مەبەسـتەکەت دەتوانیت سـەفەر بکەیت، سـەفەر سەلامەت هاوڕێ، ڕێگا دوورە و شەڕێکی سەخت لە پێشە.

ئەوە ڕاسـتە ئێمە کەوتووینەتە نێو قەیرانگەلێکی تاقەتپڕوکێنەوە، بەڵام بەڕاسـتی درک بەوە دەکرێت کە ئێمە قەیرانی هەسـتی شـۆڕشـگێڕانەمان هەیە بۆ چارەسـەری کێشـەکانمان، هەر لێرەشـەوە پووکانەوە و بێتوانایی دەسـت پێدەکات. نائومێدی بەکۆمەڵ یەکەم هۆکاری تیاچوونی گەلان بووە لە مێژوودا بەڵام ئێمە وەک (زێوەر) دەڵێت:

تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ

بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میسال

چەنـد پـایەیەک دونیـای ئێمەی ڕاگرتووە: پـایەکـانی هەڕەمی کۆمەڵایەتی، بیر، دۆخی سیاسی و کولتوور لە گرنگترینیانن. ئێمە پێویسـتمان بە شـۆڕشـێکی بوومەلەرزەئاسـا هەیە، کە دونیامان بهەژێنێت. ئەم شـۆڕشـە سـەرەتا لاوازترین و خراپترین پایە دەشـکێنێت و شـکاندنی هەر پایەیەکیش بڕسـت لە پایەکانی تر دەبڕێت و دەبێت ئاگاداربین ئەم شـکانانە وەک تەقینەوەیەک، ئەگەر بە هۆشـیاری و توانا و هۆشـێکی ئەندازەییەوە بکرێت ئەوا لە جێگەیان دونیایەکی جوان و باشـتر درووسـت دەکرێت. خۆ ئەگەر بە هۆشـیـاریی نەتەوەیی ئەم تەقینەوەیە نەکرێـت، ئەوا

کارەساتە. لەبری بوونیادنان خاپوورکردن دێتە پێش، کە کەسمان ئەوەمان ناوێت. بۆ ڕوودانی ئەو بوومەلەرزەیە پێویستە چاو بە هەموو بەڵگەنەویستەکاندا بخشێنینەوە و دووبارە بیانخەینەوە ژێر پرسیار.

بێگومان ئەم ئەرکە ماندوومان دەکات، بەڵام ئەو کەسەی ماڵی خۆی لە جێ خانووی باوکیدا درووستبکاتەوە دەبێت ڕووخان و درووستکردنیش بکات. ئارەزوو دەکەیت ئەم ماڵە بۆ خۆت و باوکت و نەوەکانیشت خۆش بکەیت؟ ئەوا شەڕ بۆ ملیۆنان مرۆڤ دەکەیت تاکوو ماڵ و ژیانیان خۆشتر ببێت، ئەوەش بزانە گەر خودا ئارەزووییەکی خستە دڵتەوە، دڵنیابە توانای بەدیهێنانیشی پێ داویت.

## ماسک...

ئەوەی ئێســـتا هەیە ئەنجامی کارکردن یان بێدەنگبوونی دوێنێیە، ئەگەر ئێســـتامان بەدڵ نییە! هەر هەوڵێک بدەین بۆ چارەســـەری دۆخەکە سەرەنجام بێ ئاکام دەبێت، چونکە چارەسەر لە هۆکاردا دەکرێـت، نەک لە ئەنجـامـدا! ئەنجـام بەرهەمی هۆکـارە و هەر جووڵەیەکمان کرد پێویســـتە لە هۆکار تێبگەین تا بە چارەســـەر بگەین.

فریودان و پۆپۆلیزم باوکی چەکە کۆمەڵکوژەکانە، بەڵام جیاوازی ئەم چەکە لەگەڵ چەکەکـانی تر ئەوەیە، کە ئەم چەکە بە تەنیـا گەمژە و نەگبەت و هزرکۆڵەکان دەکوژێت! چەندین هۆکار هەیە کە وات لێ بکات دژی ستەمی سـەر سـەرت ڕاپەڕیت و چەندین بەڵگەت هەیە کە بۆت بســـەلمێنێت ئۆپۆزســـیۆن تەنیا بەکارت دەهێنێت. سـەرباری ئەوەش هێشـتا تۆ لە یەکێک لەو دوو لایەیت، لە هەرکام لابیت بە درۆ باوەڕ دەکەیت حەماس دەتگرێت، لێت ڕوون بێت هەر بەرەیەک هەڵتخەڵەتێنێت تۆ هەر هەڵخەڵەتاویت، کاڵایت، هیچ نیت جگە لە ژمارە، دەنگدەر، حەشـــامات، ئاخر تۆ نیت، بوونت نییە لە هاوکێشـــە هزریەکەدا، ئەوەی دیکارت دەڵێت: "مـن بـیـر دەکەمەوە کەواتە مـن هەم"، ئـێـمەش دەڵـێـیـن: هەڵـدەخەڵەتێنرێین، هەڵـدەخەڵەتێین کەواتە ئێمە نین، ئێمە نین لە مێژوودا بۆیە مێژوومان نییە، ئەوەی هەشـــمانە ئاوایە کە هەیە، ئێمە واین باوک و باپیریشـــمان وا بوون! با منداڵەکانمان وا نەبن،

ســـەیرە هەریەکەیان بە بەرەیەک هەڵخەڵەتاون شـــەڕیان لە دژی یەک کردووە یان یەکیان گرتووە، بەڵام هەر جارەو بە درووشمێک فریویان خواردوە.
شـــازادە هەمان عەقڵی پاشـــای پێشـــوی هەیە، دەی با بە قســـەی کوڕەکانیان هەڵنەخەڵەتیین! زۆرمان هەڵکڕاند لە باوکیان با وەک بـــاوکمـــان نەبین، بنەمـــایەکی ژینگەیی هەیە دەڵێـــت: "نـــاوخۆیی بیربکەنەوە جیهانیی ڕەفتار بکەن" یان بەشـــــیوەیەکی تر دەڵێت: "ناوخۆیی بیربکەنەوە بە جیهانیی دەبن" ڕەنگە ئەو پرســـــیارەت لا درووســـــت بووبێت؛ کورد چۆن بچێتە مێژووەوە بەم ئاڵۆزیەی دونیاوە؟
ناوخۆیی بیربکەینەوە و نوێنەر و ســـەرکردەی باش هەڵبژێرین لە نـــاوخۆدا دەتوانین جیهـــانیـــانە ڕەفتـــار بکەین و بچینە مێژووەوە. ئادەی پێم بڵێ تۆ ئێســـــتا کێت هەڵبژاردووە چیت کردووە؟ چی؟ شـــتی گەورە بڵێ لە ئاســـت نەتەوەیەکی وەک کورد خاکێکی وەک کوردســـتان. لێت تێدەگەم! ئەم جارەیان وا مەکەرەوە، ئەمجارەیان خۆت یان کەســـێک کە خۆت درووســـتت کردبێت، بیهێنە و بیکە بە نوێنەر و ســـــەرکردە. ئەگێڕنەوە، جارێک لە جاران ناحاڵییەک ژن دەهێنێت شـــــەو لەگەڵیدا دەخەوێت، بۆ بەیانی ژنەکە پێی دەڵێت: بەیانیت باش گیانەکەم، ناحاڵییەکە دەڵێت: تۆ ســـــەیری ئەو چاو و ڕووە، بۆ من کەسێک شەو ئاوام لێبکات بەیانی ڕوومدێت سەیری ڕوخســـاری بکەم! ئاخر ئەم ناحاڵییە بە عەقڵێکی نێرانەوە ناتوانێت لە مێیەک تێبگات، نازانێت لە ڕوانگەی مێ بوونەوە ئەویش وەک

نیرەکە خەوتووە و جیاوازییان نییە! دەی ئاخر ئێمەش تا زەلیل بین ناتوانین لە هەزار پلانی دوژمنان لە ناوخۆ و دەرەوە تێبگەین، ئێ ڕوونە بە ئەقڵێکی زەلیلانەوە ناتوانین شیکاری هێز بکەین.
ئەگەر کەسێک شارەزای ماڵی خۆی نەبێت، پرسیاری گەڕەکی لێ مەکە، ئەوەی خۆمانە نەناسێت پرسیاری بێگانەی لێ مەکە.
دونیای ئاڵۆز پێمان دەڵێت: بە سێ ڕێگا خۆت خۆشەویست بکە، ڕێگای یەکەم ماسک بکە، ڕێگای دووەم ماسک بکە، بەڵام ڕێگای سێیەم هەر دەڵێت ماسک بکە. خۆ لەسەرەوە لەخۆمەوە قسەم نەکرد ئارەوەڵڵا تا ماسک بە نوێنەرانی خۆت فڕێ نەدەیت ناتوانیت لە دەسەڵات تێبگەیت. ماسکی ئەوان ئۆپۆزسیۆنە. تا ماسکی دەسەڵاتیش لانەدەیت ناتوانیت لە کاری داگیرکەران تێبگەیت ماسکی بێگانە دەسەڵاتدارانن. بەداخەوە ئێمەش هەرجارەو بە ماسکێک بەرەیەکمان خۆش دەوێت، ماسک بۆتە ئەسپی پاڵەوانی ئەوسا، کێ بیبەستێت دەبێتە پاڵەوان، پف لەم پاڵەوانانە.
ئا، با بیرم نەچێت بەداخەوە ئێمە زۆر زوو شتە گرنگەکانمان بیردەچێت؛ ئەها ئەو کاتەی وتم ئێمە واین و باو و باپیرانیشمان وابوون، هێشتا ئەوان باشتربوون و زۆر نەتەوەییتر بوون، بەڵام ئێستە کۆیلەبوون لە ناخماندایە! عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەڵێت: دەبێت ئێمە هەوڵبدەین لە ناخی تورکدا هەستی پێنج سەد ساڵ شۆڤێنیزم و خۆبەگەورەزانین نەهێڵین و تەواو دەریبهێنین. بەڵام من پێم وایە تورکیشمان چاک کرد ئەی فارس؟ ئەی عەرەب؟ ئەی ئەو

هەموو کۆیلە ناوخۆییە؟ ئێمە کێشـــەکە لەناو خۆماندایە دەبێت هەســتی کۆیلەبوونی دوو هەزار ســاڵ لەناو ناخی تاکی کورد دا دەربهێنین.

ڕاستە بەشێکی زیرەکیی بۆماوەییە، بەڵام گێلێتی مرۆڤ ئەنجامی کاری خۆیەتی، ئاخر مەعقول نییە قالۆنچە و مرۆڤ جیاوازییان نەبێت، چەند ســـەیرە هەمان کاربکەیت بە هەمان ڕێگا کەچی چاوەڕێی ئەنجامێکی تازە بیت. ڕێک وەک چۆن قالۆنچە دە جار بە دیوارێکدا ســـەردەکەوێت و دەکەوێتە خوارەوە، کەچی هەر بەردەوامە لەسەر ئەم نمایشە بێمێشکانەیە. کەواتە چاوەڕوانکراوە بەهەمان ڕێگا هەمان ئەنجام، گێلێتی ئەوەیە ئەوانە هەڵبژێریتەوە کە لە مێژە فریوت دەدەن، بەڵێن دەدەن و درۆ دەکەن و ئەم وڵاتەیان وێران کرد. بەڵام ئەوپەڕی گێل و خۆبەشـــتزان ئەوانەن هەمــان ڕێگــا بەکــاردێنن بۆ گۆڕینی ئەوانەی وایــان لەم گەلە کردووە.

## پرسیارێکی تر...

ئەم هەموو جوینەوەیە لە فکر و لە وەســــتانەوە بەرانبەر ناکامی چییە؟

ئای ئەمە چەند پرسیارێکی قوورسە، بەڵام من چی بڵێم چی وەڵام بدەمەوە؟ ئاخر تەنیا قســــەیەکی (فیختە)م بیرکەوتەوە کە دەڵێت: (کۆمەڵێک وەڵامم پێدرابوون پێش ئەوەی پرســــیار دەربارەیان بکەم و ئەوەم دەبیست کە وترابوون، لەبەر ئەوە نەمدەتوانی خۆم لەم دەســــتەواژانە بە دوور بگرم). بیرم دەکردەوە بە خۆم دەوت پرســــیارێکمان نییە و بەتەمای جوڵەین! چەند پێکەنیناویە وەلێ چەند بەئازارە کە عەقڵمان بە پرسـیارێکی تر ناشـکێت! ئەرێ هەر بەڕاسـت ئێمە عەقڵمان بەپرسـیارێکی تر ناشـکێت؟! لەم گەردوونە لەم دۆزەخی ســــیســــتەمە لەم مرۆڤانە لەم ناکامییە لەم هەموو دەرئەنجــام و بەرەنجــامە ئەم کەون و کــائینــاتە هیچی جێی پرسیارێکی تری تێدا نییە؟

ئەو ڕۆشــــتبوو من هەر بیرم دەکردەوە ئاخر ئێمە کە کەســــمان پرسـیارێکمان نییە، تۆ بڵێی گوێمان لە شـتێکی تازە بێت؟ من نەم دەزانی کە بە دەنگی بەرز لەبەرخۆمەوە ئەم دێڕەم وتوە، ئاوڕی دایەوە وتی: نەوەڵا تا پرســــیارێکی تازەمان نەبێت ئەوەی ئەیلێین ســــواوە، قەوانە، ئەوەی ئەیکەین جووڵە نییە. ئیتر پێی وتم ئەوەی خەڵک دەجووڵێنێت پرسـیارە لە خۆیدا وەڵام خەڵک دەوەسـتێنێت، خۆی وەڵام بۆ ئەوەیە خەڵــک لە گەڕان و کۆشــــش و هەوڵ

بوەســـــتێنێت! دوورکەوتەوە، چاوم داخســـــت هەناســــەی پڕی ســــییەکانم دەرکرد و ئۆخەیم کرد وتم ئەم باوکســــەگە وام لێ دەکات بیربکەمەوە، ئاخر هیچ مرۆڤێک نییە ڕقی لە بیرکردنەوە نەبێت و لەناو مرۆڤەکانیش دا کەســــیان هێندەی من ڕقیان لەبیرکردنەوە نییە.

لەم خەیاڵەدا بووم لە دوورەوە هاواری کرد، بیرم کەوتەوە بیرم چووبوو پێت بڵێم تەنیا بێ پرســــیاری ئێوەی کڵۆڵ و بودەڵە نەکردووە، ئێوە سـیفاتێکی ناشـرینی ترتان هەیە ناوم ناوە (ئەقڵی جمهووری ساحەکە) دەزانیت ئەمە چۆنە؟ کەمێک وەستا و ئینجا بەردەوامی بەخۆی دا، نا نازانیت با پێت بڵێم ئێوە ســــەیری یاریگاکە دەکەن کێ باشتر یاریکرد چەپڵەی بۆ لێدەدەن! ئێوە قەت هەوڵتان نەداوە خۆتان بچنە گۆڕەپانەکەوە، بۆیە قەت نەچونەتە ناو مێژوو. بە ئەســــپایی وتی: هەی بێمێشــــک ئێوە ئەوەندە شــــوێنکەوتەی براوەن، تەنانەت نازانن کە دەبێت هاندەری کام لا بن. کێ بیباتەوە بۆ ئێوە باشــە، بێدەنگ بوو، مۆڕەی دەکرد و ئەو جنێوانەی بەتەمــابوو پێم بــدات نەی دەدا و نەی دەوت و دەیخواردەوە. لە حەماســـدا دەلەرزی، مشــتی توند کردبوو؛ لە پڕ هاواری کرد ڕیزی پێشەوە ڕیزی مەردانە، جوامێرانە، پێشڕەوانە؛ کەچی ئێوە هەمیشــە دەڵێن: کێ بیکات من دووەم کەسـم! ئێوە لە خۆتان ڕا نابینن جوامێر و سـوارچاک بن، ئەی ئەگەر ئاوا نییە بۆ هەمووجار فەرموو لە خەڵک دەکەن بۆ ئەو کارە و خۆشــــتان لە

مێژە ڕیزی دووەم و سێیەم، کە ڕیزی کۆیلە و شوێنکەوتووانە بۆ خۆتانتان گرتووە.

ڕووم لەوان نییە خۆ ئەوان هەر گوێیان لەم هاتوهاوارەی من نییە. من تۆ دەڵێم تۆ، ئەگەر مەردی ڕابەر بە، یەکەم بە، بە قسەی ئەوان مەکە کە دەڵێن: "مەبە بە سووری بەر لەشکر" بەرەوەڵا ببە بە پێشڕەو. دووبارە بێدەنگ بوو، حەزی دەکرد منیش قسەیەک بکەم، بەڵام بەڕاستی من خەوم دەهات. ڕێک لەوکاتەدا کە وتی: ببە بە پێشڕەو بۆ ئەم گەلە، من باوێشکم دەدا. بێدەنگ بووم و ئەویش بێدەنگ بوو، کەمێک تێپەری وتی: خەوت دێت، وتم نا کێشەم نییە! وتی: هەموو گیانت، فکرت، کولتوورت، وڵات، خاکت، ئەم خەوە ناوەختەشت، هەمووی کێشەیە ئیتر چۆن دەڵێیت کێشەم نییە؟ بۆ نموونە؛ با کێشەیەکی ترت پێ بڵێم، ڕەنگە ئەمە سەرەکییترین جیاوازی نێوان ئێوە و خەڵک بێت. وتی: "ئێوە تاکە قەومن کە ڕەحمەت بۆ ئەو کەسە دەنێرن کە خراپەی بەرانبەر کردوون" لەبەر خراپەکارێکی تر، باشە ئێوە بۆ نازانن باش هەڵبژێرن و هەموو خراپەکارێکیش بە نەفرەت بکەن؟ ویستم قسەبکەم و بکەومە بەرگریکردن لە خۆمان و کولتوور و بیرکردنەوەمان، بەڵام ئەو بەردەوامی بە خۆی دا و وتی:

ئێوه ڕەحمەت بۆ کفندز دەنێرن[1]، وتی: خۆت ئاوا دەڵێیت و باو و باپیرانیشت هەر ئاوایان وتوه. وتی: ئەی خاک بە سەرت، ئێوه بۆ کفندز و کوڕەکەشی بە نەفرەت ناکەن؟ ئەرێ ئێوه چی بێهۆشێکن؟ شەرم دایگرتم و سوور بوومەوه هەر بەردەوام بوو؛ وتی: ئا بەو سوور بوونەوەیەتا بیرم کەوتەوه جیا لەوەی دەستکاری هەرچی دەکەن خراپی دەکەن، ئێوه لە تاو گەرما ڕادەکەنە ناو ئاگر. بێدەنگبووم، ئەویش کەمێک وەستا، پاشان وتی: دەی من دەڕۆم تۆی خەواڵووش برۆ بخەوه خوات لەگەڵ.

وەڵامم نەدایەوه دەستی کردەوه بە قسەکردن وتی: بۆ بێدەنگی؟ "دەزانیت نوام چۆمسکی لەسەر بێدەنگی دەڵێت چی؟" وتم؛ نازانم! ئەو چەنەبازە دەستی کردەوه بە قسە، وتی: "ئێ تەبعەن نای ناسیت نە پۆڕنستارە، نە مۆدێلە چۆن بیناسیت! وتی: تۆ پێت وایە بێدەنگی چییە؟ وتم نیشانەی ڕازی بوونە. وتی: "نا نوام دەڵێت بێدەنگی بەتەنیا نیشانەی ڕازی بوون نییە بەڵکوو پشتگیری

[1] (کفندز): دەگێڕنەوه لە مەملەکەتیکدا پیاوێکی بەدخوو هەبوو، هەرجارێک کەسێک دەمرد و دەیان ناشت، ئەم بەدخووه گۆڕەکەی هەڵدەدایەوه و کفنی مردوەکەی دەدزی. خەڵکی لەسەر ئەم کارە زۆر تووک و دوعایان لێ دەکرد. ئەم بەدخووه کە کەوتە سەرەمەرگ وەسیەتی بۆ کوڕەکەی کرد، دوای مردنی کارێک بکات خەڵک ڕەحمەتی بۆ بنێرن. ڕۆژێک بەدخوو مرد و کوڕەکە دەستی کردەوه بە ئیشەکەی باوکی، بەڵام ئەم کە کفنی لەبەر مردووەکان دادەکەند لە پێشدا دەستدرێژی سێکسی دەکردە سەریان ئینجا کفنەکەی دەدزین، بۆیە خەڵک لەو ڕۆژەوه هەموو دەیان وت ئەی ڕەحمەت لە کفندز.

کردنیشـــــه". ئەم جارە بە هێواشـــــی وتی: "دەزانیت تۆ هەردەم بێدەنگی ئەسـڵەن هەر بە قسـە نایەیت". "دەزانیت هەموو نێچیرێک کاتێک ڕاو دەکرێت هاتوهاوار دەکات تەنیا ئەو ئاژەڵانە بێدەنگن کە نازانن وا خەریکە ڕاو دەکرێن، ئەوان زۆر بێدەنگن وەک ئێوە، چەنـد گەمـژانەیە ئەم بێـدەنگییەتـان، لە کـاتێـکـدا هەمـوو چواردەوریشـــــت خراپەکارییە: کەواتە تۆش پشـــــتگیری ئەوانی، ئەسـڵەن تۆ نەبیت ئەوان ناتوانن ئەوەندە خراپ بن. هەی لە گەلی فیرعەون چوو، بەڕاســـت تۆ خراپەیەک نابینیت چاکی بکەیتەوە و قسـەی لەسـەر بکەیت و هەڵوێست بۆی هەبێت، ئەرێ تۆ چی کەڕ و کوێرێکیت؟ دەموچاوی گەشـایەوە بە بزەیەک، دەسـتی پێکردوو دواتر قاقەیەکی لێدا و وتی: چڵکن بەس لە حەمامدا دەنگت دلێرە دەی دەی من بە دووعا بە هێواشی وتم سەرچاو.

وتم بوەســـــتە ئەوە من بڕیـارمـدا نەخەوم بزانم بەم بێداری و بەئاگابوونە چیم پێ دەکرێت. دەسـتی خسـتە سـەر شـانم و وتی: هیچ، ئەو ئەقڵەی کێشـەیەکی درووسـت کردووە ناتوانێت کێشـەکە چارەســـــەر بکات. وتی: تۆ برۆ مەنهەجی خۆت لە ڕەگەوە بگۆڕە، ئینجا تۆ خۆت و باو و باپیرانیشـــت فێری چاوســــاختان کردووە خۆی کوێر بکات[2]. وتی: ئەگەر دەزانیت ئێرە شاری کوێرانە، بە قســــەی باوانت مەکە کە دەڵێن: دەســـــت بە چاوتەوە بگرە، تۆ سەیرکە بەو کوێری و خۆ کوێرکردنە دۆختان چۆنە؟ چۆن ئەدەن

---

[2] پەندیکی کوردی هەیە دەڵێت: چویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە.

به یەکدا؟ ها جگە لە ئازار نە کێشـــە و نە چارەکەی نابینن دەزانم کە خۆت کوێر کرد هیچیان نابینیت بەڵام خۆشـــت دەزانیت ئازار پیویســـتی بە چاو نییە بۆ بینین، بۆیە خۆت کوێر مەکە بڵی نـا عەقڵیش دەڵێت نا، ئا لەم شـــاری کوێرانەدا تۆ دەســـتی کوێرێک بگرە ئەوەی باوکت وتی: بۆ خۆی وت. ئەسڵەن تا ئێستاش بۆ ئەو بەڵام لەمەو دوا چاوت زیاتر بکەرەوە و لە جیاتی دەســـت بگری بە چاوتەوە دەست بخە سەر کێشەکان. دووبارە و چەندبارە هەر بێدەنگ بووم و ددانم خســتە ســەر لێوم و قووڵتر لە هەر جارێک بیرم دەکردەوە.

ئەو دەستەی کە لەسەر شانم دابینابوو توندی کرد و وتی: ئێوە بە لاوێک یان منداڵێک لەبری ئەوەی بڵێن نەوەی دوارۆژ، پێی دەڵێن منداڵی حیز، لەبری ئەوەی بڵێن تەمەنت چەندە؟ تا تەمەنی بزانن، پێی دەڵێن ســـاڵی لەدایکبوونت چەندە؟ تا بەراوردی بکەن بەوەی لەو ســـاڵەدا خەریکی چی بوون، پف جا خەریکی هەرچی بووبن چیتان دیارە! وتم شانمت دەرهێنا ئەو دەستەت لابەرە، من ئەڕۆم، تۆش بڕۆ لەوە زیاتر بڵێیت من تێناگەم، بێتاقەتیشـــت کردم ئەگەر هەیە بکێشـــم بە ناوی دەمتا، دە بڕۆ دەی. ترســـا دەیزانی چ بێ مێشـــکێکم هەموو کێشـــەکان بە شـــەڕ چارەســـەر دەکەم و ترسـنۆکیشـم، ئا چاکیش دەیزانی ئەوەی پێی بوترێ فکر من لێی تێناگەم بە بێدەنگی ڕۆشـت، لە دوورەوە هاواری کرد یاسـایەکی شـــەقام هەیە دەڵێت: (ئەگەر گورگ نەبیت گورگ دەتخوات) بۆیە سنگت بەرز ڕابگرە و سەربەرزانە ڕێ بکە. ئاگداربە شەو درەنگە

شــار پڕە لە خوێڕی و پیاوی مەســئوول. وتی: هەر لێرە ئاوا نییە مەکەوەرە گلەیی کردن، یــاســــــایەکی جیهــانی هەیە دەڵێــت: (هاوســــەنگی ترس، یان نزیکی ئاســـتی هێزەکان لە یەکترەوە، مەرجی درووســت بوونی ئاشــتی و ڕوونەدانی شــەڕە) بەدەم ئەم قســانەوە نزیک بووبووەوە و گەیشــتبووە بەردەمم. وتی: دەزانیت بۆ خاکەکەتان وەک خانوی خوار شــــەقامە؟ ئاســــمان ڕێژنەیەک بکات ئاو دێتە ماڵتان؟ چونکە چ جارا ئێوە ترستان نەخستۆتە نێو دڵی ئەوانەوە، دەی ئێوەش بیـان ترســــێنن بـا واتـان لێ نەکەن. هەرخۆی بێ ئەوەی من قسە بکەم وتی: پیاوی چاک ئەڕۆم سەرم ئێشــــاندی، وتم وایە وتی: بەڵام بەخوا گورگ نەبیت ئەم چەقەڵانە لەت و پەتت دەکەن وەک چۆن کردویانە. ویستی دەست پێبکاتەوە ئەمجارە من ڕۆشــتم حەوســەڵەم نەما، چەند هاواری کرد من جێم هێشت.

## ڕاکان...

دەزانم ئەم قسـانەی دەیکەم و کردوومنماڵن لەسـەرم، بەڵام من قەت بەرگرییان لێ ناکەم، ئەگەر گوێم لە قسەیەک لەمانە باشتر و پێویستر بوو ئەوا من پشتگیریی ئەوە دەکەم. ئێ خۆی ئەم قسانە بۆ خزمەتە، بۆ نموونە، با من داهێنەری تەور بم، کە مشـارم دی یەکەم کەسـم کە بیکرم. هەر لەم باسـەوە ئەو شـەوە دریژانەی زسـتانم بیرکەوتەوە کە تا دەمەوبەیان لەگەڵ هاوڕێکەم[3] بەدەم باسی کەون و کائیناتەوە پیاسـەمان دەکرد. تەنیا هەوای ساردی زستان دەیتوانی سـەبووری بدات بە هەناوی گڕگرتوومان بۆ ئەم گەلە. ئەو هـاوڕێیەم نموونە و ڕاکـانی بەڕاسـتی جوان بوون، لەسەر گەشەی واتای وشە و خواست دەیوت: ساڵانی زوو ئەگەر کەسـێک دە کۆیلەی هەبوایە و لەگەڵ هەر دەیان بە سـۆز و باش بوایە دەبووە دادپەروەری سـەردەمی خۆی، بەڵام لە ئێسـتادا بوونی کۆیلە ئەوپەڕی بێدادیە، بە ڕام ئـامـانجمـان ئەوە بێت کە خـاوەنـداری لە خـاکی خۆمـان بکەین بە عیزەت و کەرامەت و خۆشگوزەرانی تێیدا بژین، من ئەوەم وت کێ باشتری وت و کرد من سەرباز و پارێزەری ئەو فکرەیەم.

لێرە سـەدان وردە کێشـە هەیە بەڵام تەنیا یەک کێشـەی سـەرەکی هەیە ئەویش کێشـەی نەتەوەیە، بێ چـارەسـەرکردنی ئەم

---

[3] ئەو هاوڕێیەم کاک گۆران هادی بوو.

کێشـــەیەمان ئومێدێک شــک نابەم. من ئاگادارم هەندێک فریووی درووشمە نەرمەکانیان خواردووە، کە هاوشێوەی ژەهرن بۆ گەلە لەت و ژێردەســـتەکان (ڕام وایە هەر کوردێک چەند دەیەوێت مرۆڤ بێت یـان دەیەوێت خزمەت بە مرۆڤـایەتی بکـات دەبێت ئەوەنـدە کورد بێـت، هەر کوردێـک تـا کوردتر بێـت مرۆڤترە). هەرکەسـێک واز لە حەقی خۆی بهێنێت ناحەقی کردووە، سـتەمی ســـەرخســـتووە، هەر کوردێک واز لە کوردبوونی خۆی بهێنێت هاوکاری ئەو جینۆسـاید و هێرشـە کۆن و بەردەوامەیە کە لەسـەر ئەم نەتەوەیە هەیە، تەنانەت دژی خەڵقی خوایە کە ئەم نەتەوەیەی درووست کردووە.

ڕەنگە کلیلی چارەســەری زۆر لە کێشــەکان وشــیاری بێت، بەڵام هیچ هۆشـیاریەک سـودی نییە پێش هۆشـیاری نەتەوەیی، کێشـەی ســـەرەکی ئێمە نەتەوەییە و تاکوو ئەو کێشـــەیە چارە نەکەین هەموو چارەکردنێکی تر، کوردواتەنی پینەکارییە (کاری بە پینە و پەڕۆ ناگاتە نیوەڕۆ). ســەرچاوەی کێشــەکانی ئێمە نەتەوەییە و تا چارەی ئەم کێشـــەیە نەکەین کەس لێرە ئۆخەی ناکات، نە ئێمە و نە دوژمنانمان و نە لە ترسـان و نە لە برسـان دەسـت لەم مافەی خۆمان هەڵناگرین. من کوڕە هەژارم و لە ناوەڕاسـتی نەوەدەکانی ســەدەی ڕابردوودا لە دایکبووم، ئەو کاتەی لە مێژووی نوێدا پێی دەڵێن گرانییەکە، بەهۆی ئەوەی بە هەژاری لە دایکبووم بەر لەوەی فێری خۆشــگوزەرانیی بم فێری پێویســـتیی بووم. کاتێک مێژوو دەخوێنمەوە، یان سـەیری دۆخی ئێستای ئەم گەلە دەکەم،

که بیر له داهـاتوومـان دەکەمەوە ئەو بڕوایەی کە هەمە، پتەوتر دەبێت کە هۆشـــــیاری نەتەوەیی بۆ ئەم گەلە، هێندەی نان و ئاو گرنگە.

مەزانۆ ئا شــەوە چنی بە ڕۆ یاو ناوە،[4] بەیانی زوو چومەوە دەف ئەو مێرەی ڕۆژا بوری تەمام گرتبوو بکێشم بە دەمیدا، چوومەوە خزمەتی تا ئەو قســـــانەم بۆ بکات کە دوێنێ دەیکرد و من جێم هێشـــت. چومە لای خۆی و ســــڵاوم لێ کرد، ســــەیری نەکردم دەستی وەک خونچە لێکرد و بە ئەسپایی وتی: بوەستە بوەستە ســــەری ڕێک و بەرز گرتبوو بۆ دوور ئەیڕوانی منیش وەک ئەو سەیرم کرد هیچ حاڵی نەبووم. وتم: ئەرێ کابرا چ باسە؟! دووبارە وتی: بوەستە دەستی درێژ کرد و وتی: ئەو پیاوە دەبینیت؟ چەند ڕۆژێکە لەم ناوەیە ئەو پیاوە ســـــەری لێ تێکداوم لە بەیانییەوە دەمەوێت یارمەتی بدەم، ئەو پیاوە خەڵەفاوە دەڵێم، دەمەوێت بانگەوازی بۆ بکەم لە ڕادیۆیە شــتێک، بەڵام نازانم بڵێم ئەو پیاوە خۆی ون کردووە یان ماڵەوەی بزر کردووە، ئینجا ســەیری کردم وتی: بەڕاســــت تۆ نازانی کامیانە؟ خۆ کێشـــــەکەی ڕێک وەک کێشـەکەی ئێوەیە، وتی: ئای مرۆڤی بێ نیشـتمان چ بوونەوەرێکە؟ وەک خەڵەفاو وایە، کە دەچێتە دەرەوە کەس نـازانێ خۆی ون کردووە یان ماڵەکەی. ئاهێکم کێشــا و وتم بەڵام ڕوونە هەمووان

[4] ئەو دێڕە بە دیالیکتی شیرینی هەورامی نوسراوە واتە: نازانم ئەو شەوەم چۆن بە ڕۆژ گەیاندەوە.

دەزانن بێ شـــوناســـە. وتی: ئا ئا دەی دەردی خۆی بۆ خۆی با خۆی چـارەی بکـات، ئێمە حەقمـان چییە ئەگەری هەیە دە جـار برابێتەوە مـاڵەوە. ئەم دەردە تەنیـا بە خۆی و لەنـاو خۆیـدا چـارەســـەر دەکرێـت، دۆخی وەک هێلکەیەک وایە هەرچەنـدە تویکڵەکەی ڕەق دیارە بەڵام ناسکە، ناوی شل و بۆگەنە، هێلکەش ســرووشــتی وایە ئەگەر بە هێزی دەرەوە بشــکێت ژیان کۆتایی دێت! ئەگەر هێلکە بە هێزی ناوەوە بشکێ ژیان دەست پێ دەکات. وتم من چی؟ من دەمەوێت ئەو قاوغە بشــکێنم وەک پێشــتر پێم وتی: دەزانم پێویســـتی چییە و پاڵدانەوەم ناوێت. هاوکارم دەبیت ئەو کێشـــەیەم چارەســـەر بکەم؟ ئاخر منیش وەک کاکەی فەلاح: (دڵم دەڵێت، وەک زمانم، خۆشـــم ئەوێ نیشـــتمانم) وتی: ئا بۆ نا ئامادەم لەگەڵتا هەوڵبدەم، هاوکارتبم، تەنانەت شـــەقیشـــت لەگەڵ بخۆم بەڵام لەبری تۆ نا، دەستی کرد بە ڕۆشتن بە خێرایی منیش لەگەڵی ڕۆشتم دەستی کرد بە قسە و وتی: (مووچە تلیاکی گەلی ئێوەیە) سـەردەمانێک بۆ شتێ پارە دەبوون بە جاش، ئێ ئەمەیان تا ڕادەیەک ئاســاییە زۆر گەلی دونیا ئەناســم و گەلێک ناناســم جاشـــی نەبوبێت. بەڵام ئێوە لەگەڵ بڕانی مووچە ئینتیماتان نەما. بەڕاســـت هەتیووی ناکەســـبەچە ئەو مووچەیەی ئێوە وەرتـان دەگرت لەبری ئینتیمـاتـان بوو یـان کـارەکەتـان؟ وتی: دەترســـم قسەت بۆ بکەم، خۆ لەوە ناترسم سەر بە لایەک بیت و بە گرت و کوشـــتم بدەیت، بەڵام دەترســـم قســـەت بۆ بکەم دوایی بە یەک

مووچە هەموو قســـەکانم پوچ بکەیت. ئاخ و هەناســـەی قوولّم لە گەروو دەرکرد و سەرم نەوی کرد، ئێ ئاخر چیم بوتایە؟!
وتی: بەڕاســـت تۆ چی بەو خواردنە دەکەیت کە دەیخۆیت تا پێت بلّێم تۆ کێیت تۆ جاشـــیت یان، دێزیزمیت[5] یان مشـــوور خۆریت! ئەمڕۆ نانت خوارد دواتر چیت کرد؟ ئەم قســانەی زۆر بە خێرایی دەکرد منیش هەر بەو خێراییە وتم هـاتمە خزمەت تۆ. وتی: بە هیوای چیت؟ وتم مینەی ڕێگایەک دەکەم. ئەم جارە زۆر لەسەرخۆ وتی: ئافەرم، ئافەرم چەپلّەی بۆ لێ دام وتی: بۆیە چەپلّەت بۆ لێ دەدەم ڕەنگە تۆ گوێت لە چەپلّەی ســـەرکەوتن نەبێت، وتی: تۆ مرۆڤێکی گەورەیـت مـادەم خۆت خەریکی کێشـــەیەکی گەورە کردووە مرۆڤ بەقەد کێشەکانی گەورەیە. لەوە دەچێت ئەمە باری لاری هاوکێشـــەکە ڕێک بکاتەوە، ئومێدم پێتە. ئینجا وتی: دەزانیت ئیمپراتۆریەتی ســـاســـانی چۆن ڕووخا؟ لەو ڕۆشـــتنە خێرایەی وەســـتا و ســـەیری کردم! منیش هەر وەســـتام و ســـەیرم کرد، بزەیەکی کرد و وتی: ئا تێگەشـــتم نازانی، وتی: کە ئیمپراتۆریەتی ساسـانی ڕوخا (بوزورگ میهر) سـەری خۆی هەلّگرت و ڕۆشـت بۆ ولاّتی (تەتەرسـتان) لەوێ لێیان پرسـی بوو هۆکاری ڕووخانی وەها ئیمپراتۆریەتێکی گەورە چی بوو؟ لە وەلاّمدا (بوزورگ میهر)

[5] دێزیزم: جۆرێ بیرکردنەوەی کەری دیزە کە دژایەتی دوژمنەکەی (خاوەنەکەی) دەکات لەسەر حسابی زیان و ژیانی خۆی وەک کورد دەلّێت: کەری دیز حەزی بە تۆپینی خۆی و زەرەری ساحێبیەتی.

وتبووی لەبەر ئەوەی کاری گەورەیان بە خەڵکی بچووک دەسپارد و کاری بچوکیشـــیان دەدا بە دەســـت خەڵکی گەورەوە، بۆیە گەورەکان بەکاری بچووک ڕازی نەبوون و هەمیشـە هەسـتیان بە زوڵم دەکرد ئیشـــەکـانیـان بە بـاشـــی نەدەکرد. بچوکەکـانیش دەرەقەتی کـاری گەورە نەدەهـاتن چونکە هیچیـان لێ نەدەزانیـت، سەرەنجام هەموو شتێک ڕووخا.

خوێنەری ئازیز بێ حاشـــا ڕام وایە هەر بزاوتێک، کۆمەڵەیەک، گرووپێک یان هەر کەســـێک بیەوێت خزمەتی ئەم گەلە بکات، بێ دوودڵی و بێ شەرم بەوپەڕی خۆشویستنەوە، نابێت گوێ بە ڕای گشـتی بدات و نابێت شـوێن ڕای گشـتی بکەوێت. خەڵک نازانێت چی دەوێت، و ئەگەر بزانێت چی دەوێت ئەوا نازانێت چۆن دەستی دەکەوێت. دەبێت ئێمەومانان ئەوە بکەین و بڵێین کە بۆیان باشـــە کە ناوم ناوە شـەڕەکە، ئەوان هەرشـتێک تازەبێت ڕەنگە دژی بن، ئەم دژایەتییە گرنـگ نییە. هەر بۆ ئەوەی ڕوونتر بزانیـت ڕای گشـــتی چۆنە و چییە، ئەوا ســـەیری ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکە. هەر لێرە نـا لە جیهـانـدا، بۆیە کەڕ بە لە ئـاســـــت بۆڵەبۆڵ و جنێوەکـانیـان، پێغەمبەرئـاســـــا هـاوار بکە و بڵێ: خوایە گەلەکەم نەزانن لێیان خۆش بە، هاوکارییان بکە بۆ سـەر ڕێگای ڕاسـت. بە کوورتی ئێمە ئەبێ ئەوە بکەین کە گەل پێویســتییەتی نەک ئەوەی گەل ئەیلێت.

من ڕوو دەکەمە ئەوانەی دەیـانەوێـت و یەکلایی بوونەتەوە کە هەوڵبدەن بۆ چارەسـەری کێشـەی ئەم نەتەوەیە. ئا ڕێک مەبەستم

تۆیە، بێ حاشـــا (بۆ چارەســـەر، هۆکار پێش چارەیە) بۆ نموونە گەر ویســـتمان دیوارێک بڕوخێنین دەبێت ســـەرەتا بزانین ئەم دیوارە بۆ لەو جێگەیەدایە؟ ئەگەر ســـەربانەکەمان تکە دەکات و ژوورەکە تەڕە، ئێمە لەنـاو ژوورەکەدا هەرچی بکەین، کـاتبەر و کاری زیادەیە، چارەسەری ئەم کێشەیە لە سەربانە. ئەم کێشەیەی ئێمە ئەوەندە قووڵە، لە فەیسبووکەوە چارەسەر ناکرێت، بە قسەی بێ ناوەرۆک و ڕووکەش چارەســـەر ناکرێت. خەتایەکی گەورەیە؛ گوێ گرتن لەوانەی ئامانجیان خۆدەرخستنە، کاتکوشتنە، ئەسڵەن ڕێگری و دەســـت گرتنە بۆ ئەم کارە مەزنە ئەوەی ئەوان دەیڵێن قســەی کوتاڵفرۆشــە، تۆ وەرە فەرش بچنە، ئێســتا دەمەوێت داغڵ بم بەڵام هەســـتـدەکەم جـارێ مـاویەتی کەمێـک بوەســـتە و پیاسەیەکیش بکە.

ئێ، هێمن هێمن وردورد بەردەوام بە کاتی دێت، محەمەد ماغوت دەڵێـت: بە درێژایی تەمەنم لەخوا دەترســـــام، تـا دواجـار بۆم دەرکەوت هەر ئەو پشـــت و پەنامە، پەنا بەخوا ســـەردەکەوین. بە فکر و بە ورە دەســتپێدەکەین ئەو کارەی دەبێت بکرێت، ئەگەر تۆ نەیکەیت، ئەوا ئەو دەیکات. تۆش بۆ کردنی پێویســـت بە ئەو نییە، ئەم شـــەڕە فکری و حەتمییە و ئەم ئاگرە خەفە نابێت و ناکرێت. حەز دەکەم بێمەوە سەر باسەکەی دەوڵەتی ساسانی دووبارە لێی ڕابمێنین، خۆ ڕەنگە هەر پێچەوانەکەی چارەســـەر بێت! ئەگەر لە دیـرۆکەکە ورد ببـینەوە تـێـدەگەیـن، هەر کـاتـێـک بتەوێـت ئیمپراتۆریەتێک بە بێ بەکارهێنانی هێز بڕوخێنیت تەنیا ئەوەندە

بەسـە (ئیش و کار بە گوێرەی بەهرە و توانا دابەش نەکەیت) ئیتر هەموو پایەکانی (ڕامیاریی، کارگێڕیی، خێزان، ڕاگەیاندن، یاســـا، بەها، ڕەوشـــت، ســـنوور، دامەزراوەکان، بیرکردنەوە و ورەش) هەموویان یەکبەدواییەکدا دەڕوخێن. خۆ ئەگەر ئێمە بە تەنیا لەو پەرەگرافەی ســـەرەوە ڕســـتەی ناو کەوانەکە چاک بکەین ڕەنگە کێشەکە چارەسەر ببێت واتە ئەگەر (ئیش و کار بە گوێرەی بەهرە و توانا دابەش بکەین)، ئەمە دەبێتە چارەســـەری کێشـــەکە! بە دڵنیایی نەخێر، وەک وتمان هۆکار پێش چارەســـەریشـــە، ئەگەر بمانەوێت دەســـت پێ بکەین (بوون) پێش هۆکاریشـــە، ڕوونتر دەبێت ئێمە خۆمـان لە نـاوەوە و دەرەوە بســـەلمێنین، بوونمـان بەیان بێت، دەبێت خۆمان ڕۆڵ بدەین بە خۆمان نەک خەڵکی تر، کێ بڕیاری داوە لەسـەر ئەو سـەکۆیە من ئەکتەربم ئەو دەرهێنەر! جگە لە خۆمـان کەس مـافی ئەوەی نییە بڵێـت ئێمە چین و چی بکەین.

بە نزیکەی 300 ســاڵ پێش ئێســتا ڕۆســۆ وتویەتی: (هەر کاتێک ئیش بە گوێرەی توانـا و بەهرە و لێهـاتوویی دابەش نەکرا، لە ڕاســتیدا هەمووان بێ کارن). ئەو وتەیە بۆ ئێســتای ئێمەیە. ئەگەر ئەمە دۆخەکەیە، ئەی چـارەســـەر چییە؟ دەبێـت بە بوونمـان دابەشـــکاری لەوانەوە بگۆڕین بۆ خۆمان، هەر ئەو دابەشـــکارییە بڕیار لەسەر ئەنجام دەدات.

چەند ڕۆژێک بوو نە من ڕۆشــتبووم بۆ لای، نە ئەو دەهات. بەڵام ئیتر ژیـان وەک جـارانی لێ نەدەهــاتەوە. ئەم ڕۆژانەی دوایی

بەردەوام بیرم دەکردەوە، ئەم جارە کە هات یەکسەر من دەستم کرد بە قسە، وتم: دەزانم ڕێگا چەند دوورە بەڵام ڕێگا هەرچەند دوور بێت ئێمە پشوو درێژین، وتم: تۆ دەزانیت قەحبەنیزم چییە؟ زۆر پێم خۆش بوو وتی: نا نازانم. وتم کێشە نییە، ئەوەستم بیربکەرەوە. وتی: نازانم، نا وتم هەر ئەوەیە کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا باستکرد ئەوەیە کە لە پێناو تێرکردنی ورگیدا ئامادەیە سکی پڕ بێت. ئەوان نەفس و نەقس دەیانجوڵێنێت بەڵام من وەک ئەوان نیم، لەو تلیاکەی ئەوانیش ناکێشم، قسەکانمی پێ سەیر بوو! بە بێدەنگی وەستا بوو، پێم وت: ئەو ڕۆژەت بیردێت کە باسی وەڵام و پرسیارەکانمان دەکرد؟ وتم: دەزانیت زۆربەی وەڵامەکان دایکم پێی دابووم، وتم دەزانیت منداڵان زۆربەیان پرسیار لە دایکیان دەکەن دایکانی ئێرەش دیلن، ئێ دیلیی هۆکارێکە بۆ نەزانین، خەتای کێیە باسێکی ترە، پێم وت بەتەمای چیت، لەو کۆمەڵگایەی ڕۆڵەکانی بخاتە بەردەست دیلێک؟ بەتەمابێت فێری ئازادی و ئازاییان بکات؟ وتم بەتەمایت چیت لەو کۆمەڵگایە دەست بکەوێت ڕۆڵەکانی بخاتە دەست دایکێکی نەزانەوە؟ وتم ئەی زانین چۆن درووست ببێت؟

ویستی موناقەشەکە بگۆرێت و نموونەی دایکی سەرکەوتوو لێرە بێنێتەوە، ئیتر پێم وت دەزانیت دەریا بە گەورەیی خۆی کە هەمووی ئاوە، پەڵەپەڵە وشکانی تێدایە پێی دەڵێن دوورگە. وتی: دەزانم! وتم دەی ئەوەی من باسی دەکەم گشتگیرە تۆ بانگم مەکە دوورگەیەکی قەتیس، بۆ یەکەمجار بە بێدەنگی ڕۆشت.

# بۆ کۆت کراوین؟

زۆر بە سانایی هیچ کەسێک ئەسپی تۆپیو نابەستێتەوە (مادەم کۆت کراوین کەواتە هێشتا زیندووین). ڕاستە ئێمە کە لە دایک بووین دۆخ هەر ئاوا بوو، بەڵام ئەوەی کە ڕێگەیدا بەردەوام بێت ئێمە بووین ئێمە. ئێمە کێشەی ناسینمان نییە دوژمنانی بێگانە و ناوخۆش دەناسین، بەڵام ئەرکی خۆمان بەرانبەر دوژمن دیاری نەکردووە. دەی خۆ هەرکەسێک باسی ماف بکات بێ باسکردنی ئەرکەکانی، تەمەڵە، ئێمە کێشەی تەمەڵییمان هەیە، مەگەر وانییە؟ ئێمە ئەگەر گۆڵیش بکەین هەر نایبەینەوە، ئاخر ئێمە پێشتر گۆڵی زۆرترمان لێ کراوە، زۆر لە دواوەین. نەک نابێت تەمەڵ بین، ئازایی و زیرەکیش دادمان نادات، ناچار دەبێت ئەفسانەیی و قارەمان بین تا باری ناهەمواری ئەم گەلە ڕێک بکەینەوە. ئەوەتەی هەین لە فەوزادایین، لە فەوزادا زۆر هێز درووست دەبن گەورە دەبن پێکدادەدەن دۆخەکە ڕوون نییە. لەو لێڵییە چاو نابینێت تەنیا گوێ دەبیستێت لەو هەموو قسە و هاوارەدا جیاکردنەوەی قسەی ڕاست ئەستەمە، کاتێک فەوزا نەما ڕووی ڕاستی هەمووان بەدەردەکەوێت. بەڵام هەتا ئەمە ڕوو دەدات، زەمەنێک دەڕوات چەند پیر دەمرێت و چەند جوان پیر دەبێت و نەوەیەکیش لەو کێشەمەکێشەمەدا پێ دەگات. ئەگەری هەیە، ئەو دەمیش کاتی دەرکەوتن و درووست بوونی فەوزایەکی تر بێت. تاکە چارە و چارۆکەی ئەم کەشتییەی ئێمە، ئەوەیە ڕێگربین لە

درووســــــت بوونی فەوزا. فەوزا ژینگەی لەبــاری فرەبلّیّ و پۆپۆلیســــتەکانە. پۆپۆلیســــت وەک ئەو پیاوەیە کە لە پارکێکدا کلیلەکەی ون کردبوو لەبەر ڕووناکی گلۆپێکدا بۆی دەگەڕا و زۆر مشەوەش بوو، خەڵک لێی کۆبوونەوە و لە حاڵیان پرسی و وتیان چییە کـابرا بۆ ســــەغڵەتی؟ وتی: کلیلەکەم بزر کردووە! وتیـان لەکویّ؟ ئا لێرەدا؟ وتی: نا لەو تاریکاییە. وتیان ئەی بۆ لەژێر ئەم گلۆپەدا بۆی دەگەڕێیت؟ وتی: ئیّ ئێرە ڕووناکە خۆ لەو تاریکاییە هیچ دیار نییە. ئەو پۆپۆلیســــتانە قەت کلیل نادۆزنەوە چونکە لە شوێنی هەڵەدا دەگەڕێن و فەوزاش پۆپۆلیست دەکاتە سەردار.

# هەڵبژاردن

کارەساتێکی گەورەیە ئەگەر گەلێک هۆشیار نەبێت و سەرۆک هەڵبژێرێت. لای هەمووان ڕوونە ڕەوڕەوەی مێژوو ناگەڕێتەوە بۆ حوکمەتە فیوداڵ و خانەدان و شاهانەکان. دەی ئەگەر تازەترین نموونەی ئەقڵپێشکاویی مرۆڤ هەڵبژاردن بێت! مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەکە چاودێری سندوق و کاغەز و قەڵەم نییە! بەڵکوو هۆشیارییە. دەی کەواتە دەبێت لای ئێمەومانان ئەوە ڕوون بێت؛ بەدەستهێنانی هۆشیاری گشتی بەبێ شۆڕشی فکری کردەیی نییە.

لامان ڕوونە (بەبێ گەلان مرۆڤایەتی بوونی نییە، بەبێ مرۆڤی ئازاد گەل بوونی نییە، مرۆڤی مەزنیش بە بێ گەلی مەزن بوونی نییە، دەی گەلی مەزنیش بێ نیشتمان پەروەری بوونی نییە) نامەوێ زیاتر بڵێم لەوەی کە (ئەگەر هەر شۆڕشێک بزوێنەرەکەی فکر نەبوو، ئەوا شۆڕش نییە، و هەر فکرێک خزمەتکاری مرۆڤ نەبوو یان ئەگەر وەک باقی فکرەکانی تر مرۆڤی کردە خزمەتکار ئەوەش نابێتە هۆشیاری).

ئێمەومانان، کە دەتوانین ژیان بگۆڕین و دەستکاری دونیا بکەین کارمان ئاسان نییە و مەحاڵیش نییە! ڕابوون بەم کارە ئیشێکی پێویست و ژیرانەیە، ئەم کردەیە مەردانە و مەیدانییە. دەبێت بکەرانی لە هەموو جێگەیەک بە ئەرکی ئەخلاقی و کوردانە و مرۆڤانەی خۆیان ڕابن. لەم شەڕەدا گۆرەپانەکە گەورەیە و

کارەکە گرانە. بازبازێنە لە نێوان تیاچوون و شـــــکۆدا، لە نێوان مەرگ و ژیاندا، وەی بە ماڵم لەم کێبڕکێ خۆشـــــە. ئای چەند بە شــکۆیە ئەو کەســەی شــەڕ بۆ ژیانی ملیۆنان کەس دەکات، نەک تەنیا شــەڕی ڕزگاری، بەڵکوو شــەڕی ئازادی و ژیان خۆشــی و کەرامەت و زۆر شتی تریش.
ئەگەر قەرارە ڕۆژێک کەسێک لە خۆشیدا بفڕێت، ئەوا ئەو کەسە دونیاگۆڕەیە کە لە کاتی ســـــەرکەوتندا پەڕ و باڵ دەر دەکات و لەگەڵ شـــــکۆ و ڕێزدا بەرز دەبێتەوە. کــاتی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری، هاوکاتە لەگەڵ ڕووخاندنی بتەکاندا، ئاخر مادەی خامی بتەکان نەزانییە دەبێت خاوەنشــکۆیان، نە بەپەلە بن نە هەڵەشـــە. بەڵکوو دەبێت جدی و ورد و لەســـــەرخۆ بن، ئەها کاتێک تۆپی بلیـارد زۆر بەهێز دەنێریـت بۆ لایەک ئەو زیـاتر لەو لایە دوور دەکەوێـتەوە، بـۆیە ئـێـمە بە تەواوی بـۆ هەر جـوڵەیەک دژی بەکارهێنانی هێزین.
دەگێرنەوە جارێک شــێتەکانی شــێتخانەیەک، دەرگای شــێتخانەکە دەشــکێنن و ڕادەکەن. هەرچەند پاســەوانەکان لێیان دەدەن ئەوان شـــــێتتر دەبن و زیاتر ڕادەکەن تا دکتۆرەکە دێتە گۆرەپانەکەوە. دکتۆری دانا بە هاتوهاوار و هەلهەلە لێدان دەکەوێتە نێو شێتەکان و پێشــیان دەکەوێت دوو کۆڵان بە دەوری شــێتخانەکە دا ســووڕ دەخۆن و دواتر پێشیان دەکەوێت بۆ ناو شێتخانەکە. شێتەکانیش شـــوێنی دەکەون تا جێگەی مەبەســـت بەبێ بەکارهێنانی هێز، من لەو دکتۆرە فێر دەبم و دەبێت هەمووومان بزانین، کە دەبێت بچینە

نێو گەل و لەگەڵ ئەوان ئەو کارە بکەین و هێزیش بۆ وەها کارێک بنیادنەر نییە. لام ڕوونە هەر بتێک بشـــکێنێن ڕێگری زۆر هەیە و شـــەڕی فراوانیش. تا گیانیشـــمان دێتە گۆڕەپانەوە. بەڵام ئێمە کە خۆمــان یەکلایی کردۆتەوە بۆ ئەم کــارە نــاســـــڵەمینەوە و ناگەڕێینەوە. هۆشـــیاری ڕاســـتی کە دەبێتە چارە و چارۆکەی کەشـتییەکە، کام کەشـتیی! و کام چارۆکە! ئەو کەشـتییەی کە لەم تۆفــان و نەغـرۆبـوونەوە دەمــان بــاتە دوورگەی ئــارام، کە چارۆکەکەی هۆشیاری و فکری نەتەوەییە.

گەلانی ئەورووپا کە ئێســتا خۆشــگوزەرانن لەچاو زۆربەی گەلانی جیهاندا، بەڵام هەر ئەو ئەورووپایە ڕابردووی لێوانلێوە لە قوربانی دان لەپێناو شەڕی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەییدا.

دیرۆکی گەلانی دونیـا پێمـان دەڵێت (ئەو گەلە زووتر دەگـات بە خۆشـــگوزەرانی کە زووتر درک بە هەســـتی نەتەوەیی دەکات و کاری بۆ دەکات) گەر قســەکەم بە کورتی بەیان بکەم هەموومان دەبینین ئەم دەسـەڵاتە بێ دەسـەڵاتە لە هەمبەر داگیرکەراندا، چەند خراپ ئەم گەلە بەڕێوە دەبــات! ئەی چی بکەین؟ بۆ ئەوەی دەسـەڵات بگۆڕین! دەبێت ناوەرۆکی دەسـەڵات بگۆڕین. بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی دەســــەڵات بگۆڕین دەبێت کۆمەڵگا بگۆڕین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بگۆڕین پێویســـتە تاک بگۆڕین. هیچ تاکێک ناگۆڕێت هەتا فکری نەگۆڕێت. دەســـەڵاتەکەمان دەبێتە دەســـەڵاتێکی نیشــتمانی، ئەگەر فکرمان کردبێتە فکرێکی نیشتمانی.

ئەوپەری کەمئەخلاقی و خراپترین جۆری دزی، ئەو دزییەیە کە لە حەقی گشـتی دەکرێت. کەچی هەندێک هێشـتا لۆژیکیان وایە دزی کاتێک دزییە کە لە ماڵێک یان لە کەسـێکی بدزرێت نەک لە حەقی گشتی، چونکە ئەوەی دووەم بە حەڵاڵ دەزانێت.

هەندێک کەس ئەندامن لە پارتە ئۆپۆزسـیۆنەکاندا، بەدەم تا ئەو پەڕی دژی گەندەڵیی ڕۆشـتوون، کەچی هەر خۆی ڕقی دونیای لەو مامۆسـتا و فەرمانبەر و بەڕێوەبەر و مرورەیە کە یاسـا جێبەجێ دەکەن. هەر ئەم بـاش مەزهەبە واسـتە و نۆرەبڕی لەسـەرە و خۆدزینەوە لە باج بە گەندەڵی نازانێت، گەر بڕیارە شـۆڕش و شـەڕێک بکرێت دەبێت لەم خاڵەوە دەسـت پێ بکەین (من کارەکانم بەپێی ڕێکار و ڕێنماییەکان دەکەم، سـەرە دەگرم، کێ بە واسـتە حەقم بخوات بێڕەوشـتە، کەواتە واسـتە کردن بێ ڕەوشـتییە). ئەها دیسـان چاوت بزبووەوە، ڕقت لە من هەسـتا، چونکە ئاوێنەیەکی سـافم لەبەردەم کردارە ناشـرینەکانتا داناوە. واسـتەش وەک دزی وایە ئەوکاتەی دەیکەین ئاسـان و خۆشـە ئەوکاتەی بەسەر تۆدا دەکرێت وەک دزی لێ کردنە کە ڕەنجت بە بـا دەدات، زۆر لێرە نـامێنمەوە بـا بڕۆین بۆ بەرەیەکی تری شەڕەکە.

ئێمە نابێت ئەنجامی شـەڕەکە هۆکاری شـەڕەکەمان بیر بباتەوە، ئەمە چ مەنتقێکە؛ بڵێیت ئۆپۆزسـیۆن دۆخەکەی ئاوا لێ کرد و بیرت چوبێتەوە کە ئۆپۆزسیۆن خۆی بۆ دروست بووبوو؟ دەی با لۆژیکمان ئەمە بێت ئێمە دوژمن دوژمنمانە، نەک بیانوی پێ

بدەین، دەکرێت ڕەخنەمان هەبێت لەوانەی بەرگریان لێ کردین، نەک لەبەر ڕەخنەگرتن لەوان تەرکی شەڕی دوژمن بکەین.
ئیتر با نە بیانوو بدەین بە زاڵم نە شــەڕ بە بەرگریکار بفرۆشــین، ئەی قوڕبەســــەر ئەو ســـــەربازەی کە نـازانێت بەرەی خۆی و دووژمن جیابکاتەوە. وەها سـەربازێک نازانێت تەقە لە کوێ بکات، وەک ئەو فەوزایەی ئێسـتا لە میدیا و لە نووسـین و لەبیردا هەیە. خراپتر دەبێت دۆخەکە ئەوکاتەی تەقە بکات. وەک ئەو نووسـین و وتارانەی بە ناوی ڕەخنەوە ئێســـتا هەن، بە کوورتی بەرەی ئێمە بەرەی قەومیی گەلی کوردە، واتە ئەوەی بۆ بەرژەوەندی ئەم گەلە خراپ بێت دوژمنمانە، چ داگیرکەر بێت یان خۆمانەیەکی گەندەڵ. ئەوەی دوژمن نەناســـێت، ناتوانێت دۆســـتیش بناســـێت و زۆر قوورســـە لەناو دۆسـتەکانیشـدا باش هەڵبژێرێت. هەڵبژاردن کاری ئەقڵە و هەموو هەڵبژاردنێک بەڵگە و پێناسی توانای ئەقڵە.

# ئەگەر کورد بوونایە

حەمدی بەگی ســاحێب قران لە خۆیەوە نالێت: "قیمەتی ئەشــیا بە جێگەیە" ئەمە حەقیقەتێکە هەموو ڕۆژێـک چزە لە لوتمــان هەڵدەســـتێنێت و بیرمـان دەخـاتەوە کە جوگرافیـا دایەگەورەی مێژووە و کێ تۆ زۆر بە موهیمی دەزانیـت ئەگەر خەڵکی کوردستان بوایە نەوعێکی تر دەردەچوو مەسەلەن بۆ نموونە:-

تەها حسێن ـ لە مەولوی ژنانا قورعانیان پێ دەخوێند.

بریجید باردۆ ـ کاکە شێخێک دەیکرد بە سکرتێرەی خۆی.

ئەدیۆسن ـ پەیژەی دایرەی کارەبایان پێ هەڵدەگرت.

پاولۆ کۆیلۆ ـ پارەی سێ سەد چایەکی چایخانەی شەعب قەرزار دەبوو.

ئێدوارد سنۆیدن ـــــ لە ئیستیعلاماتی پاک سیتی ئەیان کرد بە حەرەس.

شەجەریان ـ ئەیان برد بۆ گەعدە.

مادام کۆری ـــــــ وازیان لە خوێندن پێ دەهێنا و ئەیان دا بە کوردێکی سەلەفی لە نەرویج.

مێرکل ـ ئەو پەڕەکەی مەگەر دەموچاوی هەڵگرتایە.

پۆتین ـ بە هۆی ناوەکەیەوە شێتیان دەکرد.

محەمەد ماغوت ـ بیری سوری لێ دەدا.

ئادەم سمس ـ لە ئیدارەی گشتی دەبوو بە لیجنەی موشتەریات.

ستیفن هاوکینگ ـ لە فولکەکەی مەجی بەگ سواڵیان پێ دەکرد.

هەر لەو تەنزەوە ئەمەویٚ بڵێم هەرکاتیٚ گرنگ بە ســـوک بکەیت، ســـوکیش بە گرنگ دەکەیت. چ بیٚ ئەقڵیەکە، چاوەڕیٚی باشـــی و خۆشـــی لە ســـوک بکەیت. ئینجا بزەیەک دەکەیت و دەڵێت ئەوان چەند سەیرن و پێت وایە ئەوان بۆگەناوەکەن و تۆ سازگارەکەیت. لە ڕاســـتیدا هەمووان وەک تۆ وان تۆش وەک ئەوانیت هەســـت دەکەیت ڕاســـتییەکە تۆ دەیزانیت حەقیقەتیش لای تۆیە، لات وایە هۆکاری کێشـــەکە یان ئەســـلی کێشـــەکە ئەوانن، چارەســـەری کێشـــەکەش بە تۆ نەبێت بە کەس ناکرێت. ئەوانیش وەک تۆ وان هەست دەکەن ڕاستییەکە لای ئەوانە پێیان وایە هۆکاری کێشـەکە تۆیت و ئەگەر ئەوان چارەسەری نەکەن بە کەس چارەسەر نابێت. ئەم چەلەحانیٚ بیٚ مانایە کاتێک کۆتایی دێت کە ئێمە پێناســـەی کـارەکـان بکەین و هێڵەکێک دابنێین بکەر و کـارەکە لە هێڵەکەکە بدەین؛ ئیتر دەزانین کیٚ چی کردووە. دەزانین کیٚ بـاشـــە و کیٚ خراپە تەنانەت بۆ خۆشـــت دەزانیت باشـــت کردووە یان خراپت کردووە. بەم پێناسانە داری دادوەری باڵا دەکات، ڕەنگە مێژوو لە ئێســـتاوە ڕێک بکاتەوە، ئەم پێناســـانە وا دەکات ڕۆژێک بێت کە هابیلە زوڵم لیٚ کراوەکان بە ناوی برایەتییەوە هاوار بکەن (ئێســتا کاتی قابیل کوشـــتنە) هابیلەکان هاوار دەکەن: کارەکانی قابیل ناچێتە ژێر پێناســەی برایەتییەوە، ئەمجارە ئیشــەکەی هابیل حەقە و مێژووی لەسکەدەرچوو دەخاتەوە سەر ڕەوڕەوەی خۆی (قابیل و کوڕەکانی و هاوشێوەکانی کە مایەی کوشتن و دزی و فەسادن لەســـەر زەوی لەو خـاڵەوە ڕێک دەبێتەوە کە هـابیل دەســـت

بوەشـــێنێت، هـابیلەکـان بڵێن: وەک گورگ لە کوڕەکەی یەعقوب بێبەرین تەنیا ڕێگریمان کرد لە خراپەکاری زیاتر.

ئاخ ئێســـتا هەزار باوک مردە لێم ڕاســـتدەبنەوە، دەڵێن: هەڵەیت ئەمانە یان پێناســـەی برایەتییان لا نییە یان وەک کۆیلەکانی ئەم چیرۆکەن: دەڵێن لە زەمەنی پێشـــوودا کۆیلەکان لە ئەمریکا دوو جۆر بوون کۆیلەی کێڵگەکان و کۆیلەی ماڵەکان، ئەوانەی کۆیلەی کێڵگە کشـتوکاڵییەکان بوون لە ژیانێکی زۆر دژوار و ناڕەحەت دا بوون شـــەو و ڕۆژ کاریان پێ دەکردن و زۆر ئازاریان دەدان بەڵام کۆیلەی مـاڵەکـان خۆیـان بە کۆیلەی خۆشـــبەخت دەزانی، لەبەر ئەوەی پـاشـــمـاوەی خۆراکی گەورەکـانیـان دەخوارد و جلوبەرگە کۆنەکـانی ئەوانیـان بەکـاردەهێنـا، هەرکـاتێک کۆیلەی کێڵگەکان بیریان لە شـۆڕش و ئازادی و ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی بکردایەتەوە، کۆیلەی ماڵەکان بەرهەڵســـتییان دەکردن و زۆر بە خێرایی هەواڵی شـــۆڕش و ڕاپەرینیـان دەگەیـانـدە ئـاغـا و گەورەکانیان، ئەوانیش دەستیان دەکرد بە ئەشکەنجەدانی کۆیلەی کێڵگەکان و لەناوبردنی خەونەکانیان..

کۆیلەی ماڵەکان ئەم کارەیان هیچ ئامانج و حیکمەتێکی لە پشتەوە نەبوو تەنیـا لەبەرئەوەی پـاشـــمـاوەی خواردن و بەکـارهێنـانی جلوبەرگە کۆنەکـانی ئـاغـاکـانیـان لە ئـازادی لا گرنگتر بوو. تـا ئێســـتەش ئەم جۆرە کۆیلانە هۆی شـــکســـتی هەموو هەوڵێکی ئازادین.

# کام خراپین؟

مرۆڤ زۆر خۆشەویست دەبێت کاتێک خۆشەویستیی دەردەبڕێت. خۆشەویستی جوانە جگە لەو کاتەی خۆشەویستی بۆ سەرۆک بێت، ئاخر خۆشەویستیی مرۆڤ شێت و کەڕ و کوێر دەکات ئەی ئەگەر سەرۆک زاڵم بوو؟ خۆ ئەوکات نە ناڵەی خەڵک دەبیستێت، نە زوڵمی سەرۆک دەبینێت، نە ئەقڵی هەیە تا لە حاڵی ئەو خەڵکە تێبگات، بۆیە دەمەوێت بڵێم: بەڕاستی خۆشەویستیی سەرۆک ناشرینە و هەستێکە ڕەگەکەی لە کۆیلەبووندایە. ئەو خۆشەویستییە بەدە، لە خاکی بێ ئەقڵی دەڕوێت و بە کۆیلەبوون ئاو دەدرێت و کۆتاییەکەشی ئەو سێبەرەیە کە ئێستا حاڵی ئێمە لەژێر سایەیدایە.

لەو کەسە خراپتر ناناسم و نەمدیوە؛ کە بەرانبەر ئەو کەسە بێ دەنگە، یان خۆشی دەوێت کە ستەم لە گەلەکەی دەکات! زاڵم بێگانە بێت ئەم جاشە، زاڵم خۆمانە بێت ئەم کۆیلەیە. مەرگی ئەو دەسەڵاتەش حەتمییە کە گەلەکەی پێیان وایە مەرگی سەرۆک لە بەرژەوەندی گەلە، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە لە وەها دۆخێکدا مەرگی دەسەڵات پێش مەرگی سەرۆک دەکەوێت. هەرکاتێ هەستت کرد کە سەرۆکەکەت خراپە ئەرکی ئەخلاقی و دینی و نیشتمانییە، دەستی بگریت و ڕاستی بکەیتەوە، نەکرا پشتی تێ بکە و گەر لەو باشترت دی هاوکاریی بکە.

ئاخر من زۆرم ڕق لەو پەندەیە کە دەڵێت: ســـواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب، نەوەڵا ئەو دەمەی بۆت دەرکەوت سواربوون عەیبە دابەزین فەرزە، نەوەڵا تۆ کام ســـوارت بینیوە دانەبەزێت. دەبێت ئەقڵ ئیشــی چی بێت ئەو دەمەی کەسـێک بزانێت هەڵەیە و هەر بەردەوامیش بێت، فکر و کۆبوونەوە لە فکریک ئامرازن بۆ ئامانجێک، ئەگەر ئامرازەکە بە کەڵکی گەیشـــتن بە ئامانجەکە نەهات، یان لە کار کەوت ئەوا دەبێت واز لەو ئامرازە بهێنین، چونکە ئەو داشــقەیە تێچووی زیاترە لە ســوودی. شــتێک نییە بە نــاوی ئەمبەر و ئەوبەری بەری حیزبی، حیزب دەبێـت خەم و مشـــوور لە کۆمەڵگە بخوات. دەبێــت کیشـــەکــان ببینێــت و چارەسەریان بکات، ئەگەر حیزب خۆی بووە مایەی کێشە بۆ گەل دەبێت ئەندامەکانی هەوڵبدەن چاکی بکەن، ئەگەر نەیانتوانی دەبێت لێی دوور بکەونەوە و دژایەتی بکەن. ئەم دژایەتی کردنە کە ئێستا لای ئێمە شـــەرمە، بەڵام بە لەبەرچـاوگرتنی بەرژەوەنـدی گەل کارێکی شـکۆمەندانەیە. وەک دەڵێن هەر شـتێک خراپ بێت خوێی پێوە دەکەن ئەی ئەگەر خوێ خۆی خراپ بێـت؟ ئێ ئەقــڵ بۆ ئەوەیە چاک و خراپی پێ جیابکەیتەوە، کەسـێک بزانێت کە کارێک خراپە و بەردەوام بێت ئەی ئەقڵ چ کارەیە، هەر ئەم بێ ئیشـییەی ئەقڵە هەندێک کەس بۆ خووە خراپەکانیان دەڵێن ئیتر تەبیعەتە یان تەبیعەت دەرمانی نییە. نەوەڵا سەرت دای لە بەرد، جگە لە کەرێتی هەموو شتێک دەرمانی هەیە. هەرکاتێک کارێکم سەلمێنرا خراپە و

بیکەم، خویەکم بەدە و بەردەوام بم، ئەو دەم من تەنیا خویەکی خراپم نییە بەڵکوو عەقڵیشم نییە.
باوەڕبکەن ئەو بیر و بڕیارە بەدانە بەردی بناغەی حوکمڕانین لێرە، بۆیە ئەوە حاڵمانە ڕێیەکی ئاسان هەیە، بۆ نموونە با خوە خراپەکان بناسێنین ئیتر هەرکێ کردی خۆم یان کەسێکم کردی هەر خراپە لێرە دەبینین دایک لە ڕۆڵە، خزم لە خزم بەرگری دەکات کە دڵنیاشە ڕۆڵەکەی یان خزمەکەی خراپەی کردووە.
مامۆستا شەماڵ موفتی جوانی فەرموو: مرۆڤ تەنیا بەوە ئازار ناخوات کە کەرامەتی دەڕوشێنرێت بەڵکوو مرۆڤی مەرد بە ڕوشاندنی کەرامەتی ئەوانی تریش ئازار دەخوات. چ نا مەردییەکە بەرگری ناڕەوا، ئێ هەر ئەمەش ئەساسی واستە و بەرگری کردن لە حیزب و عەشرەت و بکوژ و داڵدەدانی تاوانکارە، بەرگری ناڕەوا یەکێکە لە کردەوە ناشرینەکان، کە نموونەی ئەم بێئەخلاقییە، ئەم بێویژدانییە لای خۆت و لەم لا و لات زۆرن. چ نامەردییەکە پشتی ستەمکار بگریت لە دژی ستەم لێکراو تا باجی کاری هەڵەی خۆی نەدات لێرەوە پێویستی شۆڕش دەردەکەوێت کە دەبێت پشتی حەق بگرین و سەری بخەین و خەتاباریش سزای خۆی بدرێت. بنەمای ئەم شۆڕشە دەبێت وابێت: خراپ هەر کەسێک بیکات خراپە، دەبێت خراپەکار سزای تاوانەکەی وەربگرێت، هەر کەسێکیش بەرگری لێ بکات وەک ئەو تاوانبارە و بۆ ئەویش سزا هەیە. چەند بە سانایی بەیان بوو یەکێک لە پایەکانی بێدادیی، بەرگری ناڕەوایە بەرگری نزیکەیە (خزممە،

برامە من ئەیناسم) ئەم بەرگرییە لە دۆست ستەمکارییە، پایەیەکی بێدادییە تا ئەو پایەیە نەشـــکێنین، ســـیســـتەمی کوشـــتن و بڕین هەرەس ناهێنێت. چۆن بیشکێنین؟
وەک تۆڵســـــتۆی دەڵێت: بەرلەوەی چاکە بکەیت هەوڵ بدە خراپە نەکەیت. کەواتە با لەو پرسـیارەوە دەسـت پێ بکەین، خۆمان کام خراپین (مامۆستای خراپ، خزمی خراپ، هاوسەری خراپ، ڕۆڵەی خراپ، باوانی خراپ، گەلی خراپ) ئێمە کام خراپین؟ فریشـــــتە لەگەڵ تۆمە کام خراپەت کردووە؟ (خیانەت، دزی، درۆ، بێدەنگی بەرانبەر ستەم، خەم ساردی، بێویژدانی، ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی، پشـــتگیری خراپەکار، لایەنگری بۆ ســـتەمکار) کام لەم خراپانەت کردووە؟ فریشـتە قسـە بکە بیڵێ کام خراپەت کردووە بیڵێ بە من نا، بە خۆت بە هێمنی خۆت و خۆت پێکەوە بدوێن تۆ کام خراپیت؟ شــــــار و وڵات و لادێ و قەزا پڕی خراپە و خراپەکـارین تۆ کـامیـانیـت؟ تۆ چیـت کردووە خۆ تەنـانەت ئەو زینـدانیـانەی تاوانەکەیان ســـەلمێنراوە ئەوان هێشـــتا خۆیان بە تاوانبار نازانن، تۆش فریشــــــتەی وڵاتەکەمیت! خۆم دەزانم تۆ لەبەر خۆ بە چاک زانینـت خراپەکـانی خۆت نـابینیـت، ئەهـا (مەحفوز بن مەحمود) دەڵێت: ئەوەی چاکەکانی خۆی ببینێت، توشـــــی دیتنی خراپەکانی خەڵـک دەبێـت، ئەوەی کەموکوورتی خۆی ببینێـت چیتر دوای کەموکوورتی خەڵک ناکەوێت. دەتەوێت قسـەیەک بکەیت؟ دەی خۆ دەزانم قسـەکەت چییە، مرۆڤ توشـی هەر قەیرانێک ببێت قەیرانی بیانوو نابینێت. قەت بێ بیانوو نابێت، بیانو شـاڕێی چاک نەبوونە.

بیانو خۆراکی تەمەڵییە دژی هەستانەوەیە. بیانو لەمپەڕی بەردەم ڕابوونە. بیانوو بەرهەمەماڵوێرانکەرەکەی گەلی ئێمەیە.
زۆر بەسـادەیی؛ با خۆمان چاک بکەین بۆ ئەوەی ژیانمان چاک بکەین. ئەگەر باسـەکە چڕبکەینەوە و ڕێیەک ئاوەڵا بکەین بۆ گۆڕانکاری، ئەگەر بە زمانێکی تر بدوێین ئەم وتارەی دکتۆر ڕۆبیتان بە باش دەزانم، لێرەدا وەک خۆی دای بنێمەوە تا خوێنەر باشتر لێم تێبگات.
پارادایم شیفت:-
"بۆ ئەوەی دونیا بگۆڕیت ئەبێت هزر و تێڕوانینت بگۆڕیت. تا ئەو دونیایەی دەتەوێت درووستی بکەیت، لەناو خۆتدا درووستی نەکەیت لە دەرەوەی خۆت بۆت درووست ناکرێت. لە ئەگەری سەختی واقعی دەرەوەی هزریشمان پێویست ناکا واقیع ڕەت بکەینەوە دەتوانین واقعی هاوتەریب درووست بکەین. سەرەتای ئەم هەنگاوە بە گۆڕینی کۆی کەرەستەکانی مامەڵەیە لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گۆڕینی (پارادایم)دا. لێرەوە دەتوانین دەستکاری واقیع بکەین بە تایبەتیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە (چەک و نەوت و گاز و کارتێلە سیاسی و ئابوورییەکان) ڕەنگڕێژی سیاسەت و چارەنووسی دەکەن".

## دەسەڵات و کولتوور

ڕوونتر بڵێین دەسەڵاتی کولتوور، ڕەنگە زۆربەمان ئەو پرسیارەمان کردبێت: باشە لە زۆر جێگە دەبینین و دەبیستین کە کولتووری ئەم گەلە داب و نەریتی ئەو گەلە خراپە، ئەی پارێزەرانی ئەو داب و کولتوورە خراپانە کێن؟

زۆر بە سادەیی، دەسەڵات! ئیتر لە باوکەوە تا سەرۆکی وڵات پارێزەری کولتوورە بۆ پارێزگاری کردن لە پێگە و دەسەڵاتی خۆیان لەمەوە دەکرێت بڵێین (دەسەڵات پاکترین ئاوێنەی کولتووری گەلە). خۆ ڕەنگە ئەندێشە بزانێت کام داب ناشرینە و کام داب جوان، بەڵام ئەم باکڕاوندە کولتووریە تەحەکوم بە هەموو جوڵە و ئاکار و بڕیارێکی مرۆڤەوە دەکات. واتە دەزانێت هەڵەیە یان دەیکات یان لە باشترین حاڵەت دا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت کاتێک بە بەرچاویەوە دەکرێت.

ئەرێ بەڕاست تەنیا دەسەڵاتداران و کاندیدەکان درۆ دەکەن! بیر بکەوە دەی بیر بکەوە! ئەی خۆمان و کەس و کارمان چەند درۆزنین، ئەوەی بێشعوور و بێباکە بەرانبەر بە ئێستا و داهاتووی ئەم گەلە تەنیا دەسەڵاتە؟! یان ئێمەش؟ ئەرێ ئێمە تەنیا سیاسییەکانمان نەزانن! ئەی ئەو گەلەی کە ئەوانی هەڵبژاردووە؟ ئەرێ ئێمە چیمان کرد بەرانبەر بە دەسەڵات کاتێک ستەممان لێ دەکەن تا ئەوانیش وا بکەن بەرانبەر داگیرکەران! دەمەوێت بڵێم تەنیا دەسەڵاتە کە تەعدا قبوڵ دەکات یان ئێمە و دەسەڵات

سـەرداخسـتن لە کولتوورماندایە. لێرەوە دەتوانین بڵێین (ئەوە کولتووره حوکممان دەکات). لە ماڵدا کەمترین جار باوک پێ لە هەڵەی خۆی دەنێت و داوای لێبوردن دەکات. ئەی چۆن بەتەما بین خۆپیشـاندان جێی خۆی بگرێت، کاتێک لە کولتوورەوە ئیحساسمان بەو جۆره بێت، داوای لێبوردن ئیشی کەوتووەکانە. ئێمە هەڵەی خۆمان نابینین، خۆ ئەگەر بیبینین دەڵێین تەبیعەتە و چاکی ناکەین. بۆ ئەمەش درووشـمێکی قەبە و ناشـرینمان هەڵگرتووە (تەبیعەت دەرمانی نییە) واتە سـەدلەسـەد بۆم بسـەلمێنیت کە کردەوەکەم خراپ و ناشـرینە من هەر دەیکەم (چونکە ئەو بێ ئەقڵییەی من دەرمانی نییە)، بۆ پاسـاو و ڕەوان بێژی بێ ئەقڵییەکەیان کردووە بە تەبیعەت.

بەم هیچییەشـەوە زۆر لەخۆبایین وا دەزانن جیلی پێش خۆیان هیچی نەزانیوە و نەکردووە. منداڵەکانی سـەردەمی خۆیان بە منداڵی حیز و لوس بانگ دەکەن. ئەو ژنانەی ئێسـتا دایکن دەڵێن دایکمان لە نۆ و دەساڵییەوە ئیشی پێ کردووین و ئەم قسەیە لە کاتێکدا دەکەن کە گلەیی لە کچە پێگەشتووەکەیان دەکەن کە ئیش ناکات، ئەرێ بەڕاسـت خاتوونی دایک بۆ لەناو سـێ جیلدا پێش خۆت و دوای خۆت بە تەنیا تۆ ئیشـکەر بویت؟ ئەرێ ئێمە بۆ ئەوەندە لەخۆڕازین و وا دەزانین هەڵبژێردراوین بەڵام ئەسلەن نە هیچمان کردووە نە هیچین نە لە مێژوودایین.

کۆمەڵگایەک کە نکۆڵی هەبوونی نەخۆشی لەخۆیدا بکات وەک ئەو نەخۆشەی لێ دێت کە نەخۆشییەکی هەبێت و خۆی لێ کەڕ بکات

و نەیەوێت گوێ بۆ پزیشـــک بگرێت تا برینەکەی بۆ تیمار بکات وەک گۆرانی شاعیر ئەیوت:

کوردستان! ئەگەرچی دوورە دونیای تۆ،
دۆڵ و دارستانی چۆڵ و تەنیای تۆ؛
دووری لە شارستان، لە ژینی تازە،
لە شەوی ڕووناک و پڕ لە ئاوازە،
پڕ لە پێکەنین و پڕ لە نەنووستن،
پڕ لە سووڕانەوە و پڕ لە کۆڕبەستن...
ئەگەرچی تۆ دووری لە ڕۆژی شاران،
ڕۆژی پڕ لە گەردش، هاتوچۆ و جووڵان،

ئەوەندە بێزاربووم، لە هەموو شـوێنێک حەزم دەکرد بڕۆم. چووم بۆ لای وتم ئێرە دەبینیت؟ دەی لاتراسـکە مەبەسـتە لایەک بە لای ئەم باسـەشـدا بکەرەوە. وتی: لە جیهاندا کاتێک دەسـەڵاتێک خراپ حوکم بکات شـــۆڕش و ڕاپەڕین ڕوو دەدات، وتم ئێ! وتی: ئێ و ئێ بۆ ئەنجامیش ئەوەی کە ئایا شـــۆڕشـــگێڕان دەیبەنەوە یان دەسـەڵات دەکەوێتە سـەر ئەوەی کە زۆرینەی ئەو گەلە سـەر بە کامیانە، ڕووی تێکردم برۆیەکی بەرز کردەوە سـەری ڕاوەشـاند وتی: خۆ بەتەما نیت شـۆڕش بکەیت بۆ خزمەت و چاککردن. هەر خۆی وتی: نا هێندەش بێ عەقڵ نیت بەم ڕەوش و ڕەوشـــەتەوە شـۆڕش! قاقایەکی لێدا و لە نیوەیدا وەسـتا، دەسـتی کردەوە بە قسە، خۆ گریمان بیشیکەیت سەرەنجام بێئاکام دەبێت چونکە ئێوە

خراپ حوكم كردن له خێزانەكانتاندا هەیە لەگەڵ شیردا تاكڕەویتان پێ دەدرێت، له زۆربەی وڵاتان یەك دیكتاتۆر هەیە، تۆ پێت وایە لای ئێوە چەند دیكتاتۆر هەیە؟ نا گەمژەی خەیاڵپڵاو من پێت دەڵێم لای ئێوە هەزاران بگرە ملیۆنان دیكتاتۆر هەیە، ئێوە هەمووتان بە جۆرێك لە جۆرەكان شەقوەشێنن بۆ خوار خۆتان ئەرێ بەڕاست مالۆس كە پشیلە دەبینن بۆ ڕاوی دەنێن؟ بۆ هەر باڵندەیەك دەبینن دەتانەوێت بیگرن؟ كەچی هەر باسی دەسەڵات دەكەن سەیرە، هەر خۆی وتی: دەزانیت بۆ دەسەڵات ئێستای درووست كردووە ئێستای پێ خۆشە. بە سادەیی و ساردی وتم بۆ؟ وتی: ئەگەر عەقڵتان وا نەبێت خێزانەكان منداڵەكان وا پەروەردە نەكەن و پێش بكەون ئەوا هیچ میللەتێك نییە لەم كەونەدا ئەم پۆخلەواتانەی لای ئێوە بە سەردار و سەرۆك پەسەند بكات. ئێوە خێزانەكانتان ماكینەی كۆپین باشترین كوڕ لەلای باوك ئەو كوڕەیانە كە وەكوو خۆیەتی، بە شێوەیەكی تر دواكوتووترین كوڕیانە كە ئەقڵی لە هیی چل بۆ پەنجا ساڵ پێش سەردەمی خۆی دەچێت...

بۆیە چەند سەدەیە ژیانتان هیچ نەگۆڕاوە، شكسپیر بۆ ئەم كۆپیكردن و نەگۆرانە دەڵێت: كاتێك دەمانتوانی قسە بكەین وتیان گوێ ڕاگرن، كاتێك دەمان توانی یاری بكەین فێری كاركردنیان كردین. كاتێك كارمان پەیدا كرد هاوسەرگیریمان كرد، كە هاوسەرگیرمان كرد منداڵ پەیدا بوو، كاتێك پێویستمان بە منداڵەكانمان بوو جێیان هێشتین، كاتێك فێربووین بە چ شێوەیەك

بژین، ژیانمان تەواو بوو! من باپیرم وابووە باوکیشم هەروا بەڵام من هەوڵ دەدەم وا نەبم و نابێت منداڵەکەم وابێت، شـــانێکی لێدام وتی: ئەوە خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆشـــتووە حیزباب ئەی من قســـە بۆ کێ دەکەم وتی: مرۆڤ نموونەی ئەو شـــوێنەیە کە لێوەی هاتووە تۆ نابیت بە بەشـەر دەست و دەمی دەلەرزی. لە توڕەییدا وتی: با پێت بڵێم ئێوە کێن و چین، درۆزنن، ســــاکارن، پەرتن، ناکۆکن، توندوتیژ و ترســــنۆکن، خەســــاون، جنێوفرۆش و خۆبەکەمزانن، ژنکوژ و ژنپەرستن، بێفکر و چەنەبازن، شڕەخۆر و فەرهودچی و دژن، دەســــەڵاتەکەشـــتان ئەوپەری ئەوپەری هەر وەکوو خۆتان وایە نازانم بۆ هەموویم بیر نییە بەڵام بێگومان بە ئەم لیستە زۆر ناتەواوە، بۆیە هەســــتە، لا لەبەرچاوم کەی خۆت چاککرد وەرە باســــی چاککردنی ژیانی گەل و شــــۆڕش ئەکەین لەو کاتە لە قسەکردن وەستا سەری بردە دواوە لە بنی پێم تا سەرم سەیری کردم چاوی لە چاوم نا وتی: بەم ڕەوشتانەوە شۆڕش؟! دەستی کرد بە قاقا لێدان منیش ســــەری هەمیشــــە کزم شــــۆڕ کرد و ڕۆشتم...

# دەوڵەت و کولتوور

کەســـــایەتی کۆمەڵگە کولتوورەکەیەتی، کۆمەڵگەش وەک تــاک هەڵگریی ناســـنامە و کەســـایەتیی تایبەتی جیاکەرەوەی خۆیەتی، بەو کەسایەتی و تایبەتمەندییە دەڵێن (کولتوور،culture).

کرێکارێکی ڕووسی لە کارگەیەکی دروستکردنی سەماوەر ئیشی دەکرد، هەموو خەونی بووبوو بەوەی ببێتە خاوەن ســەماوەرێک، و توانای کڕینی سەماوەری نەبوو، بۆیە ناچار هەر ڕۆژێک هەلێک بڕەخســـایە پارچەیەکی ســـەماوەری لە کارگەکە بە نهێنی لەگەڵ خۆی ئەبردەوە مـاڵەوە، بە کوردییەکەی دەیـدزی، ئیتر بەرەبەرە پارچەکان زۆر دەبوون، بەڵام هەمووکات کە دەیویست سەماوەر درووســـت بکات کە پارچەکانی لە یەکتر دەبەســـت کڵاشـــینکۆف دەردەچوو.

دەتوانرێت لێکدانەوەی زۆر بۆ ئەم حاڵەتە بکرێت، بەڵام ئەوەی لە هەمووی ڕوونترە پێکدادانی خەیاڵ و کولتوورە، کاتێک ســـەیر دەکەین ســـەرئەنجام ڕووســـیا وڵاتێکە لە ڕووی ســـەربازیەوە لە پێشـــترە وەک لە درووســـتکردن و وەبەرهێنان، ئەم ڕەنگدانەوەی کولتوورە لە دەوڵەتی ڕووسیا، ڕووسیای بەهێزی لێ پەیدا بووە، بۆیە من پێم وایە (هیچ دەوڵەتێکی بەهێز درووســـت نابێت ئەگەر پشـــت بە کولتووری نەتەوەکەی خۆی نەبەســـتێت). لێرەدا دوو پرسـیاری گرنگ چاوەڕوانی وەڵامن، ئەرێ بەڕاسـت مرۆڤ خۆی کولتوورە؟ یان لە پشـــتی کولتوورەوە مرۆڤ هەیە؟ لەو نێوەندە

جوڵەیەکی سـەیر هەیە، کولتوورەکان مرۆڤ پەروەردە دەکەن ئەی کولتوورەکان درووستکراوی کێن؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسـیارەی سـەرەوە زیاتر خزمەت بە باسـەکە بکات، با پرسـیاری دووەمیش بکەین، ئەی ئەو نەتەوانەی کێشـەی کولتووریـان هەیە چی بکەن؟ ئەوان چۆن دەوڵەت و کولتوور گرێبـدەن؟ پرسـەکەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر کولتوورێـک نەگونجـا چی! ئەی کولتوور خۆی کێ درووسـتی کردووە؟ (من کە پێم وایە دەسـەڵات ئاوێنەی کولتووری گەلە) کە وابوو بۆ گۆڕینی دەسـەڵات یان بۆ بنیادی دەسـەڵات دەبێت کار لەگەڵ کولتوور بکەین.

دەمزانی بە گشتی شەوان لە کوێیە شـەو چووم بۆ لای بە گشتی باسـەکەم خسـتە بەردەمی، یەکسـەر وتی: مرۆڤ زادەی ژینگەی خۆیەتی، وتم کەواتە مرۆڤیش وەک دار و ئاژەڵە، وتم ئەی ئەقڵ چ کارەیە ئەی فێربوون چی دەکات لەم هاوکێشانەدا، وتی: هەر ئەوە فێردەبێت کە لە ژینگەکەیدا باوە. چ چەشـنە دونیا بینییەکی باو زاڵبێت ئەویش ئەوە فێر دەبێت. هەناسـەیەکی قووڵی هەڵکێشـا، وەک ئەوەی بیرەوەرییەکی تاڵی بیر کەوتبێتەوە! زۆر بە هێواشـی وەک ئەوەی چپەم بۆ بکات وتی: گرفتی گەورەی مرۆڤ کـاتێک سەرهەڵدەدات کە بیەوێت لە دەرەوەی ئەو دونیابینییە بیر بکاتەوە. من هیچم نەوت ئەویش کەمێک لە من ڕاما، هەردوو برۆی گرژ کرد و وتی: تەنـانەت پێغەمبەران و فەیلەسـوفەکـانیش هەر لە جوغزی ئەو مەنزومە کۆمەڵایەتییە نەیان توانیوە دەربچن. سـەری

ڕاوەشــاند وەک ئەوەی کۆتایی بە باســەکەمان هێنابێت، وتم ئەی باشە چۆن دوو ژینگەی جیاواز درووست دەبن؟ وتی: تایبەتمەندی نەتەوەیی و ســـــایکۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆجی و کۆمەڵگە و جیۆپۆلۆتیک، کە کولتوور جیا بوو ژینگەش جیاواز دەبێت. ئێســتا ئەو هەورامییەی لە هەورامان دەژی، دڵنیابە دونیا بینی جیاوازە لەو هەورامییەی لە هەولێر دەژی! وتم ئەنجــامم بــدەری! ئەی کولتوور کێ دروووســتی کرد؟ پرســیارەکە لەســەر ئەســڵە نەک ئێستە کە چۆن جیاوازییەکە دروست بووە؟

دەنگی بەرزکردەوە وەک ئەوەی شەڕمان بێت! وتی: بابە جیاوازی درووســـت دەبێت چۆن درووســـت نابێت، وتی: کولتوور کەڵەکە بووی ڕەوشـــتی مرۆڤەکانە لە ژێر کاریگەری ســـرووشـــت و هەلومەرجی سیاسی و ئیداریدا.

لە پرســیارەکانم بێزار بوو دووبارە وتم ئەی ڕەوشــتی مرۆڤ و هەلومەرجی سیاسی و ئیداری کاری کێیە؟ دیار بوو حەوسەڵەی وەڵامی درێژ و قسەزلەکانی نەمابوو یەکسەر وتی: مرۆڤ، منیش وتم دەی کەواتە هەر مرۆڤ جیاوازییەکەی درووســـت کردووە. شۆڕشگێرەکان دەتوانن جیاوازیەکی تر درووست بکەن، مرۆڤی باڵا بۆ خۆی ئادەمێکە کە دەبێتە باوکی گەلێک. کە کولتوور و ئاکاری تایبەت بە خۆیان هەبێت، پێداهەڵچوونەوە بە کولتووردا ئامانجێک نییە ئێمە دامانناببێت، بەڵکوو پێویســـتییەکی واقعیی کۆمەڵگەیە، کاری ئێمەیە کار لە گۆڕینی کولتوور بکەین.

# گۆزە

سـیاسـەت و کولتوور دوانەی یەک سـکن، بە ڕام پەنـدە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە تێزی سـیاسـی لە هزردا، بۆیە لام وایە (دایک و مامۆسـتا) بوونیادی دیدی سـیاسـی دەنێن، و ئەگەر گۆڕانێک ڕوویدات دەبێت لەوێوە دەسـتپێبکەین، چونکە ئەوەی ئێسـتـا بە کولتوور و ئەخلاقی کۆمەڵگە نـاو دەبرێت بەرهەمی پەروەردەی ئەوانە.

بۆ نموونە توندوتیژی، لە ماڵەوە، لەلای مامۆسـتا هەروەها لە پەندە کۆمەڵایەتییەکاندا پێمان دەوترێتەوە. مامۆسـتا لێماندەدات و دەڵێت: وەک دایک و باوکتان وام، کولتوورمان پێمان دەڵێت: ئەوە دۆسـتە کە دەتگرییەنێت، ئێ هەر ئەمە وا دەکات دۆسـتەکانمان تا دۆسـتایەتی بسـەلمێنن بمان گرییەنن یان بمان گرییەنن و بە دۆسـتایەتی پاسـاوی بدەنەوە. کەواتە، کاتێک ئەوەی لە ئێمە گەورەترە لە (باوک، دایک، خوشک، برا، خاڵ، مام و مامۆستا) کە بمـانگرییەنن، ئیتر ئەم بـاش و چـاک و نزیـک و خەمخۆرانە تێمانهەڵدەن، ئیتر من چۆن ئەوەی لێمبدات بە کەسی خۆم نەزانم؟ چۆن لێدان لە من نەبێت بە نیشانەی گەورەیی ئەوان...

دایکان ئەمەیان بە چیرۆکێکی هەسـت بزوێن، هەڵخەڵەتێنەر جوان کردبوو، دەیانوت جارێک دایکێک لەسـەرە مەرگدا بۆ مێردەکەی وەسـێتی کردووە، کە مردم دەسـتم ببڕە و لە خامی بگرە و ئەوە

بده بە باوەژنی منداڵەکانم با بەوە لێیان بدات. ئیتر هەر جارێک باوەژن بەو کوتەکە لێیدەدان ئەوان گەورەتر دەبوون، ئاخر دەستی دایک بۆ لێدان منداڵ گەورە دەکات چەند سەیرە! چەند درۆیە! ئەمەیە بۆتە نەخۆشی بۆ ئەم گەلە، کە ناوم ناوە (سیندرەمی کوردی[6]) خۆشویستنی ئەو کەسەی کە ئازارمان دەدات وا دەکات کێ بۆمان خراپ بێت لە ناوخۆ و لە بێگانە خۆشمان بوێت و بە گەورەی بزانین.

جارێک هاوڕێیەک کە توێژەر بوو لە کوردستان بۆ دکتۆراکەی لە ئەوروپا دەیخوێند. وتی: کەیسێکم هاتە بەردەست کە نەمدەتوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەم؛ باوکێک زلەیەکی لە بن گوێی کچە شەش ساڵانەکەی دابوو، وتی: کچەکە توشی خەمۆکی بووبوو زۆر بە قوورسی، وتی: ناوماڵی خۆمان و کۆڵان و بەردەستی مامۆستام بیرکەوتەوە وتم باشە ئەی ئێمە بۆ هیچمان لێ نەدەهات، منیش

[6] (سیندرەمی کوردی): ئەم چەمکەم لە ناوی نەخۆشییەکی دەرونییەوە داتاشیوە، نەخۆشییەکە ناوی سیندرەمی ستۆکهۆڵمە(Stockholmsyndrome)، نەخۆشانی ئەم نەخۆشییە زاڵم و چەوسێنەری خۆیان خۆش دەوێت. مێژووی نەخۆشییەکە بەم شیوەیەیە، ساڵی ١٩٧٣ دوو کەس ویستیان بانکێک ببڕن، لەناو بانکەکەدا چەند هاووڵاتییەکیان بە بارمتە گرت، بەڵام بارمتەکان هاوسۆزی دزەکان بوون و هاوکاری پۆلیسەکانیان نەدەکرد بۆ ئازاد بوون. ئەم نەخۆشییە لە کۆمەڵگەدا لەنیوان ژن و مێرد یان دایک و باوک و منداڵدا دەبینرێت هەندێک لە گەلان توشی دەبن کە دەسەڵات یان کەسە داپڵۆسێنەرەکانیان خۆشدەوێت، ئیتر بیگانە بێت یان لە خۆیان بێت، گرنگ نییە.

وتم دکتۆر دوو ڕۆژ ســـــەیری هەواڵەکان بکە دەزانیت چیمان لێ هــاتووە! چۆن هیچمــان لێ نــایەت (کوشـــــتن و بڕین، دزی و ســەرشـۆڕی و ماسـتاو)! دکتۆر ئێمە زۆر شـتمان لێ هاتووە ئێمە وامــان لێ هــاتووە ڕاهــاتووین بە هەموو شـــــەقێک، بۆیە ئــاوا سەرشۆڕین، خۆزگە قەت بە شەق خواردن ڕانەهاتینایە.
ئەوەی هەیە، ئەوەی دێــت، بەرهەمی کولتوورە، (کولتوورمـــان حوکممان دەکات)؛ بوونیادی کولتوور دایک و مامۆســـــتا دەینێن ئێمە چەند خویەکمان هەیە کە زۆر جار هۆکاری کەوتنمانە، بەڵام ڕاهاتن بۆ ئێمە گەورەترین هۆکارە بۆ ڕازیبوون بە دۆخی خراپ، بە ســـەرۆکی خراپ، بە داگیرکەر، لەســـەر ئەمە باســێکم هەیە: لە زانکۆ بووین لە نهۆمی سێ وانەمان دەخوێند، لەپڕ هەموو شتێکی ناو ئەو ژوورە دەجوڵانەوە زەمینلەرزە بوو، دیاربوو هەندێک لە خوێندکارەکان ترســـــان و دەنگەدەنگ درووســـــت بوو! دکتۆری وانەبێژ خۆی توڕە کرد؛ بێ دەنــگ بن مەجوڵێن هیچ نییە بومەلەرزەیە! بەڕاســـــتی منیش توڕە بووم وتم: دکتۆر چۆن هیچ نییە ئاخر بوومەلەرزە دونیا کاول دەکات، ئێمە لە نهۆمی ســـێین. وتم دکتۆر ئەم ڕاهاتنە نەگریســـــە چییە بە بومەلەرزەش ڕاهاتن؟ ئەمە چی بوو لەو مـاوەیەدا دوو یــان ســـــێ جـار بوومەلەرزە ڕوویـدابوو بۆیە دکتۆری دانـا ڕاهـاتبوو ئەی وت هیچ نییە، ئەم باسەم بۆ ماڵەوە گێڕایەوە دایکم و باوکم پێکەنین دیاربوو باسێک لەم باسـانە لای ئەوانیش هەبوو! دایکم وتی: کاتی شـەڕی ئێران و ئێراق، ئێران بەردەوام تۆپبــارانی دەکرد هەنــدێ جــار دەنگێکی

گەورە دەهات کەچی کەس لای گرنگ نەبوو دەیان وت: هیچ نییە گەرەکی ئـازادیە، دایکم دەیوت ئەو ڕاهـاتنەی خەڵـک بۆ من زۆر ناخۆش بوو، من هەموو کەسـوکارم لەو گەڕەکە بوون ئاخر چۆن هیچ نییە.

باوکم وتی: لە باوەنوور بووم، ناڵە و زرمە دەســـــتی پێکرد! لەو ناوچەیە بەوبەر ســــیروان دەڵێن ئەوبەریی، خەڵکەکە بەشــــێکی شـڵەژان ڕێبوارێک هاواری کرد هیچ نییە ئەوبەرییە، دەسـتگێڕێک لەو نـاوە کە دیـار بوو خەڵکی ئەوبەر بوو، تـازەش برایەکی هەر بەو تۆپانە شـــەهید بووبوو! یەخەی ڕێبوارەکەی گرت و وتی: "بۆ سەگباب ئەوبەریی بەشەر نین بۆ هیچ نییە؟"

ئەم ڕاهاتنە شـتگەلێ ئاسـایی دەکاتەوە کە قەت نابێت ئاسـایی بن، بومەلەرزە و تۆپباران و چونە ناو کێڵگەی مین! خزمێکمان کۆتایی نەوەتەکـان لەگەڵ ڕێکخراوێکی مین هەڵگرتنەوەی بیـانی کـاری دەکرد، ســـەرەتا جلی تایبەتی لەبەر دەکرد و کڵاویشـــی لەســـەر دەکرد، جوڵەکـان زۆر بە ئـاگـاییـانە دەکران دوای مـاوەیەک خزمەکەمان ڕاهات ئیتر جلی ئاســـایی لەبەردەکرد و نەعلی لەپێ دەکرد و دەچووە کێڵگەی مین بۆ گەڕان و هەڵگرتنەوەیان. دەیوت چەند بیانییەکان دەترسان و ئاگاداریان دەکردمەوە، دەموت فشەیە هیچ نابێت، بەڵام لە ڕاســـتیدا ئێســـتا ئەو خزمەمان چاوێک و قاچێکی نییە. بەداخەوە، با درووشـــممان وابێت بە هیچ خراپەیەک ڕانەیەین.

هۆکارێکی تر، ئێمە هاوکاری کەسـێک دەکەین بۆ سـەرکەوتن، بەڵام لە سـەرکەوتندا لەگەڵدابوونی بە شـەرم دەزانین، بیرمان نەچێت هەر ئەمە بۆشـایی و هەل بۆ ماسـتاوچییەکان درووسـت دەکـات تـا بڕۆنە پێشـەوە و بـاش بگۆڕن بە خراپ، تەنیـا بۆ بەرژەوەندی خۆیـان. هەر ئەمەش وای کردووە فرە سـەرکردە درووسـت بکەین بەڵام کەسـیان نەگەنە ئاسـتی ڕزگارکەر. بەڕای من، ئەمە هۆکاری درووسـت بوونی (فرەشـۆڕش و فرەحیزبی بێ جیـاوازیی و بێ ئەنجـامە) ئەمە ژاوەژاوێکی بێزارکەرە. توانـامـان بەفیرۆ دەدات. هەر ئەمەی کە پێمان شـەرمە هاوەڵی سـەرکەوتوو بین لە ترسـی ئەوەی نەڵێن ماسـتاوچییە هەر ئەمەش وا دەکات مەبدەئییەکان بێ هێزبن، یان خۆیان بێ هێز بکەن، و ماسـتاوچی و پارەپەرسـتەکان لە پێشـەوە بن و بڕیار بەدەسـت بن یان ئـاگـاداری بڕیـار بن. ئیتر وڵات دەکـاتە جێگەی تەراتێنی دەزگـا هەواڵگرییەکان و کارەسـات بۆ ئەم گەلە دێنن، چونکە تۆ چەند کـاڵایەکی هەرزانی عەرزکراوت دانـاوە دەی دیـارە گوزەرەکە پڕ دەبێت لە کڕیار. مـاسـتـاوچییەکـان بۆ پـارە و بۆ بەرژەوەندی چونەتە ئەوێ، بۆیە بە ئاسـانی لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانەوە دەکڕێن و ئاراسـتە دەکرین و زانیاریان لێ وەردەگیرێت، لەمپەر بۆ بڕیاری باش درووسـت دەکەن و هاوکار و پشـتیووانی ئەو بڕیارانە دەبن کە لە بەرژەوەندی کڕیارەکانیانە. تەنانەت ئەگەر بە زیانی گەلی خۆشیان تەواو ببێت.

ئێستا کابرا گەر تۆی مەبدەئی شەرمن نەبوایتایە و نەترسایتایە لە وشـــەی ماســـتاوچی بەردەوام بویتایە لە شـــەڕدا، ئێســـتا ئێرە نەدەبووە بازاڕ و جێگای شـــەڕی دەزگاکان. هەر ئەم بەزمە وای کردووە ڕزگـارکەری زۆری دژ بەیەک درووســـــت بکەین، ئێمە کێشـــــەی ڕزگارکەرمان هەیە وەک بەنی ئیســـــرائیل، وەک چۆن ئەوان پێغەمبەر بە دوای پێغەمبەردا بۆیان دەهات و یان لە هەمان کاتدا دوو یا ســێ پێغەمبەریان هەبووە، ئەمە ســەرلێشــێواوی بۆ گەل درووســـــت کردبوو، هەلی ئەوەی ڕەخســـــاندبوو درۆزنیش خۆی وەک ڕزگارکەر نیشـــــان بدات. ئەو هەموو ناوە جیاواز و نـاوەرۆک یەکســـــانە ئەو گەلەی دەدا بە یەکدا، وەک چۆن ئێمە دەدەین بە یەکـدا ئەم هەموو ڕزگـارکەرە (ڕاســـــت و چەپ و چەوت)ی تێکەوتووە بە مـل یەکـدا! گەل پڕ بووە لە ڕزگـارکەر گۆرەپانەکە هەمەجۆرە ڕاست و چەپ و چەوتی: تیدایە هەرکامیان ملی ئەوی تریانی گرتووە، بۆیە کەســـیان نەیانتوانیوە لە کۆتی نـاوخۆیی دەربچن نەیـانتوانیوە ڕزگـارکەربن؛ چونکە هەر ڕزگارکەرێک ملی بە دەست ڕزگارکەرێکی ترەوەیە، گەر دەتەوێت ڕوونتر لە وێنەکە تێبگەیـت برۆ یـادەوەرییەکـانی شـــــاخیـان بخوێنەرەوە دوورتر برۆ مێژوو بخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی لەو جوینەوەیە دەربازمان ببێت ئیتر با بنەماکەمان وابێت (ناوەڕۆک جێگەی قســـە بێت نەک ناو، هەموو ناوەکان فڕێدەن پێناســـەکان هەڵگرن) ســـێ چوار منداڵ یاری دەکەن و یەکێکیان هەڵەیەک دەکات، باوک بە مەبەســـتی ســـزادان دەڵێت کێ بوو؟ دایک بۆ

پاراســـتنی هارترین منداڵی لە ســزا دەڵێت: هەموویان بوون، ئەم قســـەیە وا دەکات منداڵە لاســـارەکە بێ ســـزا دەربچێ و منداڵە ســەلارەکانیش جیاوازی خۆیان و منداڵە هارەکە نەبینن. ئەم فەنی (دارولنەدوە[7])یە گەورە بووە لەگەڵمـانـدا و وایکردووە نـاتوانین بوێرانە بڵێین کێ دزە دەڵێین هەموویان، وەک ئەوە وایە وتبێتمان هیچیان چونکە تاوانی بەشـکراو بێ سـزایە، ئەها دیسـان کولتوور لە جوگرافیا کاریگەرترە بۆ ڕوئیا و ئەدای ســیاســی هەر گەل و حکومەتێک.

هەر بۆ وێنە ئەو گەلەی دەڵێ لە دوای بـاران فەرەنجیم بۆچییە؟ کەسـێکیشـی تێدا هەڵنەکەوێت بڵێت: بۆ بارانێکی تر، زسـتانێکی تر ئیتر ئەو گەلە چۆن دەتوانێت ژێرخانی هەبێت؟ چ جای بگات بە پلان و سـتراتیژ، بۆ ئەوەی کار بە پلان و سـتراتیژ بکەین دەبێت ویستێکمان هەبێت بۆ پێویستییەک کە پێویستییەکان ئەقڵ دیارییان دەکات دواتر بە کۆکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان دەتوانین پلان دابنێین و بە زنجیرە پلانێک ستراتیژ دادەڕێژرێت.

[7] (دارولنەدوە): ئەنجوومەنێکی خێڵەکی بوو لەناو قورەیشدا بۆ بەڕێوبردنی شاری مەککە لەلایەن هەموو خێڵە دەسەڵاتدارەکانی مەککەوە لە قۆناغی جاهیلیدا... هەر ئەم ئەنجومەنە پلانی تیرۆرکردنی پیغەمبەری ئیسلامی (د.خ) دانا، پلانەکەش وابوو لە هەر خێڵێک گەنجێک بەشداربێت بەم شیوەیە هەموویان بەشداردەبن، ئەو تاوانەی هەموویان تیایدا بەشدارن، ناتوانرێ سزای وەربگیرێت.

لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ مێژوو لەوەتەی مرۆڤ بیری کردۆتەوە و ئەقڵی بە دونیا شــکاوە هەوڵی داوە دەســتکاری دونیا بکات، ئەو مرۆڤانەی شــارســتانییەتیان درووســت کرد بەردەوام خەریکی پرسیار بوون. ئەوان خەریکی فەلسەفە بوون و لە ورد و درشتیان دەکۆڵیەوە و دەپرســی، هەر پرســیار جولاندوونی یان وەســتاندوونی. پرســیار دەوڵەتی پێ درووســت کردوون و بە پرســیار ئیمپراتۆریەتەکانیان ڕووخاندووە و بنیاد ناوە، پرســیار واتە بیرکردنەوە و فەلسەفە ئەو مرۆڤانەی کە شارستانیەتیان چێ کردووە پانتایی هزریی و جوگرافییان بە فەلسـەفە تەنیوە، بناغەی زۆر هێزیان بە فەلســەفە داناوە یان لێی تێگەشــتوون و کاریان لەگەڵ کردووە، لە جیهاندا ئەمە فەلســەفەیە. کەچی لای ماڵی ئێمەوە ســێ پرســیاری جەوهەری و بابەتیی بکە پێت دەڵێن: فەلسەفە لێ مەد...

زێوەر دەمێکە هاواردەکات:

با هەموومان وەک برا بین ڕەفیقی دین و دونیا بین
با لە وەحشەت تەوەللا بین نۆبەتی عیلم و عیرفانە
کورد میللەتێکی ناسراوە، لە مەعاریف بەجێ ماوە
ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە، بۆ ئەو کەسەی کورد زمانە

ئاخر دونیا بە فەلسـەفە و مەنتق و ئەقڵ پێشکەوتن و سیستەمیان درووســتکرد و وڵاتیان ســەقامگیر کرد. کەچی لای ئێمە عەیبی

عەیبانە فەلسەفەلێدان، بۆیە دوای تەواوبوونی دوو قسەی ڕەوا کە یان لە بەرژەوەندی یان لەناو ئەقڵی پوچی ئەوان دەدات. بۆیە هەر زوو هاوارت لێ دەکەن "بۆسـیە باوە بۆسـیە بەسـە ئیتر فەلسـەفە لێ مەدە"، کێ وای وت لە بن گوێی بدە، ئەی چی بکەم چی بڵێم قسەی نامەنتقی و نالۆژیکی و بێئەقڵانە؟!

دەمەوێ بەردەوام بم لە دەرخســــتنی پیســــییەکـان بە هیوای پـاککردنەوەیـان. گەر بەردەوامی بە خۆم بـدەم، بۆ وێنە بەزەیی یەکێکە لە جوانترین تـایبەتمەنـدییەکـانی ئەم گەلە؛ بەڵام چەنێـک جوانە، هەندێک جار بە جوانییەکەی ئێمەی فریوو‌داوە ئاخر دوای ئەو زوڵمە زۆرەی تورک بە درێژایی پێنج سەد ساڵ کە لە کوردی کرد دوای ڕووخــانی ئەو دەوڵەتە کورد یەکەم نەتەوە بوو لە جیهانی ئیسـلامیدا ڕاپەرین و شـۆڕشـی بۆ گێرانەوەی ئەوان کرد، شـێخ سـەعید بەیعەتی بە شـازادەیەکی منداڵی تورک دەدا و شـێخ مەحمود ئالای لە ئالایان درووست دەکرد، کەچی یەک تۆز خوارتر شــــەریفی مەکەش لەگەڵ بەریتــانییەکــان ڕێککەوتبوو، بۆیە حەزدەکەم بە هەردوو دەسـتم بکێشـم بە سـەرما بۆ ئەم سـۆزەی کە خۆمانی پێ زەلیل دەکەین.

گۆڕانکاری گەورە لە جیهـاندا لە ئەنجامی ڕێککەوتن و یەکگرتنی بەشــــێک لە دەوڵەتـانەوە ڕووی داوە بەڵام لە وڵاتی ئێمە ئەمە شـــەرمە گەلەکۆمەکی نیشـــانەی حیزەڵی و بێغیرەتییە، لامان وایە پیاوی مەرد بە تەنیا شـەڕدەکات، بۆیە ئێسـتا کورد تاکە نەتەوەیە لەم سـەدەیە لەم جیهانەدا شـۆڕش دەکات و بە تەنیا دژی هەموو

جیهان وەســـــتاوەتەوە تا بڵێن ئازایە یان دۆخی خۆی بەم دۆخە گەیاندووە کە ناتوانێت لەگەڵ جیهان ڕێکبکەوێت.
ئێمە نەمانتوانیوە ئەو هێڵە بکێشین لە کوێدا زیادەڕەویی لە چاکەدا دەبێتە خراپە، نیتچە دەڵێت: "هێڵەکانی نیوان چاکە و خراپە زۆر کاڵن." هەر بۆیە ئێمە بە واســـتە و یارمەتی دەڵێین هاوکاری، بۆیە خۆشیمان لەو بەڕێوەبەر و مامۆستایە یان کاربەدەستە نایەت کە جدییە. بە پێچەوانەوە ئەوەیانمان خۆشـدەوێ کە بە یاسـا کارمان لەگەڵ ناکات و چاو لە کەموکوورتییەکانمان دەخەوێنێت، ئیتر بە پارە بێت یا بە ناســـــیاویی! با ئەوەشـــــمان بیر نەچێت ئێمە دژی گەندەڵین! پرسـیار شـاڕێی گەیشـتنە بە زانین، بەڕاسـت دژایەتی گەندەڵی ئاوا دەکرێت؟!
پرسیارە گەورەکان کە ڕەنگە ڕەنگڕێژی ڕابردوومان تا ئێستاشی کردبێت هەندێک جار وەڵامەکانیان زۆر ســــادە و ســــانایە، ئەو پرســـیارە گەورەیەی کە کورد بۆ تا ئێســـتا نەچووەتە مێژووەوە! ئەی کورد ئیتر چۆن بتوانێـت دەســــتکـاری دونیـا بکـات؟ ئەم پرســــیارە زۆر گرنگە و دەبێت لە زۆر لایەنەوە بۆ وەڵامەکەی بگەرێیت بەڵام لێرە گەر بە ســــادەیی دەربارەی بدوێین، تۆ ئەو کەسانەت بینیوە کە بەوپەڕی لوتبەرزییەوە دەڵێن: دونیا ئاو بیبات هیچی منی تێدا نییە، باشــــە کە ئەم لە دونیادا نییە چۆن دەکرێت ببێت بە بەشــــێک لە مێژووی دونیا؟! ئەم نـازانێت و نـاتوانێت خاوەنداری لە شــتەکانی خۆی بکات: وەک نیشــتمان! ئەم نازانێت

ئەم خـاوەنی نەتەوەیەکە و دەبێـت ئـاگـای لێی بێـت، تەنـانەت شعورییەن نازانێت نەتەوەیەکیش چاو لە دەستی ئەوە.
قۆناغی دووی کۆلێژ بووم ســـیمینارێکم کرد بۆ هاوڕێکانم، لەژێر ناونیشـانی (چی بکەین؟) کە بووە بناغەی درووستبوونی گرووپی (ماددی نویێ) هەر لەو ســـیمینارەدا من قســـەیەکی خۆم بە ناوی جەنگیزخانەوە کرد، ئاخر بموتایە من وا دەڵێم بە کەمتر ئەیانبینی، هەربۆیە ڕۆژانە لە سـۆشـیاڵ میدیا و سـیمینارەکاندا و تیڤییەکاندا هەزاران درۆزنی وەک من یان ترسنۆک وەک من وتەکانی خۆیان بە ناوی خەڵکی ترەوە دەڵێن. دەزانیت بۆ؟ چونکە گەر بڵێت من وا دەڵێم لای زۆربەی وەرگر جێی ســـەرنج نییە، چونکە کولتوورمان پێمـان دەڵێـت: تـا نزیکتر بوو بە کەمتری ببینە لەبەر ئەوەی لێرە ترس و ڕێز تێکەڵە هەتا کەسەکە زیاتر بناسن کەمتر ترسیان لێی هەیە هەربۆیە ڕێزیش بۆی کەمە. بێئـاگـا تـا نەینـاســـێـت لێی دەترســـێـت، بۆیە ڕێزی زیـاتری لێ دەگرێـت. هەر لەپێنـاوی خۆگونجـانـدن لەگەڵ ئەم دۆخە و ڕادەربڕینە لەهەمـان کـاتـدا، کەســـمان ناوێرین یان زۆر بە کەمی ڕاکانمان بە ناوی خۆمانەوە بڵێین، ئەمە کولتوورمـانە بۆیە ئەمە گوزەرانەمـان دووبارە دەڵێم: بیرمان نەچێت گۆزەش هەر ئەوەی لێ دەچۆڕێت کە تێی کراوە.

## دوورپەرستیی

لە مرۆڤـایەتیـدا هەر کێشـــەیەک هەبێـت لای ئێمە گەورەترە، کێشـــەیەک هەیە بە ناوی بێگانەپەرســتی. ئەمە نەنگییە بۆ گەلان، بەڵام ئەم هەسـتە لای ئێمە ئەوەندە گەورەیە بۆتە هۆی زەلیلیمان. داخەکەم لای ئێمە جۆرێکی تریش هەیە کە ناوخۆییە و ناوم لێناوە (دوورپەرســتیی) ئەم دوورپەرســتییە ئەو هەســتەیە کە وامان لێ دەکات ئەوەی کە باش نایناســـین و نایبینین زیاتر بە گەورەی ببینین وەک لە کەس و خوشک و برا و برادەری خۆمان. هەمیشە بـازنەی یەکەمی خۆمـان بە هیچ نـازانین، دەی تـا لەوان ڕانەبینین خۆمان نابین بە هیچ! ئەوان و ئێمە هەموو گەلین، لەســەر زەمینی ئەم گەلە هەموو دوو شـــــارێکی نزیک لە یەکتر، هەموو قەزا و ناحیە هاوسێکان، ڕقیان لە یەکترە. چەندین سیفات و تایبەتمەندی خراپ لەســـەر یەک دەژمێرین هەردوو لا باوەڕ بە قســـەی یەکتر دەکەین، لە دەمی ئەوانەوە دەزانین خۆمان خراپین هەر خۆشـمان ئەوان بە خراپ دەزانین. ئیتر بـاش دۆزینەوە لە وەهـا گەلێکـدا دەبیتە ئەفسانە بۆیە هەموو گەل بە خراپ دەزانین. ئەم باکگراوندە دەچێتە نەست و بیرمانەوە و لە ئەنجامدا جنێو بە گەل دەدەین، بە شـایستەی هیچی نازانین جگە لە شتی خراپ. بێئاگا لەوەی ئەوان گەلن و گەلیش ئەوانە ســەرەتا ئەوان بە قســـەوتن و جنێودان بە دراوسێ شـارەکەی بە هاوسێ قەزاکەی دەستیکرد بەم پرۆسـەی بۆگەن بوونە. سـەرئەنجام لە نەسـتیاندا ئیتر هەموو گەل پوچە تا

وای لێدێت کەس لە کەس ڕانابینێت بۆ چاکەکاری. مادامەکی کەس لە کەس ڕانابینێت ئەم گەلە چلۆن هەڵبستێتەوە؟ ئێمە شەرم لە دەستخۆشی دەکەین، ڕقمان لە هەر کەسێکە لە نزیکمانەوە سەر بکەوێت، دەربکەوێت، سەرسوڕماوین بە هەر کەسێکی دەرکەوتوو و سەرکەوتویەکی دوور. هەر ئێمە هاندان و دەستخۆشیمان بۆ جیا ناکرێتەوە لە ماستاو و مەرایی. ئەمە وای کردووە هانی باشە کەمدەسەڵاتەکان نەدەین بۆ بەردەوامی و بە دەسەڵاتەکانیش بەردەوام ماستاوچییان لە دەورە. جیاوازی هاندان و مەرایی زۆرە و ئاسانە یەکەمیان ڕاست و دڵسۆزانەیە دووەمیان درۆیە، لە ستایشدا قسەکان لە دڵەوەیە لە مەراییدا قسەکان سەرزارەکییە، یەکەمیان خۆشەویستییە ئەوەی تریان خۆپەرستییە. هاندان ڕێزگرتنە و دووەمیان خۆ سووک کردنە، وتەیەک هەیە دەڵێت: "هیچ دوژمنێک بەقەد ئەو هاوڕێیە زیانی لێ نەداوم کە مەرایی بۆ دەکردم" مرۆڤ بەگشتی حەزی بە ستایش کردن هەیە بۆیە ستایشی هاوڕێیان بکەن نەبادا دوژمنێ لە کەنارگیردا مەرایی بۆ بکات و بە تەواوی ڕێگای لێ بگۆڕێت.

# ڕای باو

ڕای باو ئەو ڕایەیە کە هیچ لە دونیا ناگۆڕێت، بەڵکوو دونیا پێشکەوتووە بەهۆی دژایەتی کردنی ڕای زۆرینەوە، خۆمان و وڵاتە دواکەوتووەکان ڕوونترین پێناسەین بۆ ڕای باو و ڕای زۆرینە، ڕوونە هەر مرۆڤێک دید و بۆچونێکی تایبەت بە خۆی هەیە یان هەڵی بژاردووە کە هەندێک جار باش و ڕاستە، بەڵام زۆرجار لەژێر کاریگەریی زۆرینەدا خراپ و ناڕاستە، بیروڕا و بۆچوونە پوچەکان دەرەنجامی سڵەمینەوە و ترسە لە بیروبۆچوونی کەسانی لە خۆیان بچوکتر، ئەوانەی ڕاست دەڵێن کەمن، یان ڕاستی لای کەمینەیەک هەیە و ئەوانەی ناڕاست دەڵێن زۆرن و هەمیشە ڕاستبێژەکان لە چەوتبێژان دەترسن. بەم شێوەیە (ئەو کەمینەیەی ڕاستی لایە لە ترسان کەمێک ڕاستی بە تێکەڵاوی لەگەڵ ڕای باو دەڵێت وەرگرانیش دووبارە هەروا دەیگوێزنەوە بۆ وەرگری دوای خۆیان. ئەم هۆکارە وا دەکات، چینبەچین ڕاستی ون ببێت، ڕای زۆرینەی بنی بنەوە ترس و شاردنەوە درووستی کردووە، ئێ ڕایەک بە شاردنەوەی ڕاستی درووست ببێت چەوتە) و هەر ئەو ڕایەش دەبێتە ڕای گەل و دەسەڵاتی لێ پێکدێت. دەسەڵات بە جەهەنەم ئەم ڕایە هەڵوێستی گەلی ئێمە دەبێت، نازانم لە کوێدا، بەڵام تۆش لە خاڵێکدا دەچیتە ئەم هەرەمەوە (هەرەمی داپۆشینی ڕاستی لە ترسا) وەک چۆن منیش تا پێش ئەم نووسینە لە ترسان زۆر شتم قوت دەدایەوە کە

ڕاست بوون، بەڵام بۆ ئەو کات دەربڕینیان قوورس بوو لە ترسی گەمژەکان. دەزانم و دڵنیام زۆر کەسیش ڕاستی قوت داوەتەوە لە ترسی من، بۆیە من و تۆ، هەردوو، ئێمە بە گشتی پارێزەری ئەم هەرەمەین (هەرەمی داپۆشینی ڕاستی لە ترسا) هەرەمی ترس کە پەیکەری ڕای باوە، ئەگەر بمانەوێت دونیا بگۆڕین دەبێت ئەو پەیکەرە بڕوخێنین، کە ئێمەش تێیدا خشتێکین. بۆ ڕووخاندنی ئەوەندە بەش و زیادیشە کە خشتەکەی خۆمان لەو هەرەمە بجوڵێنین و لێی بێینە دەرەوە. ڕای باو هێندە ڕایەکی گەمژانەیە لە هەر وڵاتێکدا ساڵانە خەڵک لە دەست ئەم ڕایە جەڵدە لێیان دەدات یان خۆیان دەکوژن. من و تۆش زۆرجار لە خەفەتی ئەم ڕایە خەریکبووە بمرین و زۆرجار خۆشمان ئەم ڕایە بووین. چەند جێگای شەرمە ئەمە چ شەڕێکە، چ شارێکە، چ شەریکایەتییەکە، پف لەو بەرهەمەشی کە هەیەتی.

کاتێک بەشێکین لەو ڕایە یان قامچی دەستی نابوتین یان لاواز و پەڕپووتین، ڕای باو گەر بە داتا و ژمارە بمانەوێت باشترین نموونەکانی هەڵبژاردنە. ئێمە کەسانی وا هەڵدەبژێرین کە جگە لە ئێمە کەس چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکات خۆیان بگۆڕن چ جای دونیا، ئێمە نەبین کێی تر هەیە وا بزانێت ئەوان دونیا دەگۆڕن.

ڕای باو لە هاوکێشەی هێز تێناگات و پێی وایە کە کڕوزانەوەی چەوساوەکان کاریگەرترە لە زۆرداریی دەسەڵات و هێز، دەبێت بۆ ئەم بیرە چی پەنا بێت؟ وا دەزانیت ئەوانەی باسی دەکەم کێن؟ من و تۆین ئێمەین کە هەمیشە درەنگ و ناوەخت بە ئاگا دێینەوە

کاتێک لە باســـێک بە ئاگا دێینەوە، لە لایەکی ترەوە دووبارە فریو دراوین من ئاشـــــنام بەو دەرد و درمە، ئاخر کەس بەقەد من لە ئێمە تێ نــاگــات خۆ دەمێکە وتویــانە بە ســـــەد حەکیم بەقەد دەردەدارێکی لێ نـازانن. دەی منیش هەزاران جـار هەمووتـانم بە ڕووتی: بینیوە، بینیومن چ دامـاوبوون، من ئەوانم بێ مـاســـــک بینیوە، خۆشـــــمانم بێ پشـــتگیری بینیوە، خۆمانم بێ پســـــوڵەی دەنگدان بینیوە، ئا خۆمانم بینیوە لە خۆپیشـــــاندانـدا بەبێ کەس و تەنیا و ســـــوک خوێن بووین، خۆمانم بینیوە، لە کاتی فرمێســـــک ڕشـتن و تێهەڵدان و هاوار و ناڵە و گریاندا، سـەد جار خۆمانم وا بینیوە. ڕۆژانە گوێم لە ناڵە و ســـکاڵا گرتووە لە حاڵ و لە گیرفان لە زۆری خەم و کەمی هیوا، ئەرەوەڵا ئاگادارم هەموویم بینیوە و هەموویم بیرە. بەڵام، ڕای باو ڕۆژی دەنگدان ســـــەرەیان گرتبوو بۆ دەنگدان بە خوێنمژ یان گێژ یان بە نابوت و پەڕپوت، نازانم بۆ هەموویان لەبیرکردبوو! شـەڕی ئێمە شـەڕە لەگەڵ ئەو ڕایە.

# ترسی خەڵک

ئێمە زیرەکەکانمان لەسەر توانای قسەکردن هەڵدەبژێرین، ئەگەر کەسێک زمانپاراو بێت دەکرێت ببێتە موفتی یان ئەندام پەرلەمان یان وەزیر و سەرۆک وەزیران. ئەگەر کەسێک زمانپاراو بێت دەکرێت ببێتە سەرۆک حیزب و پلاندانەری هەموو شتێک تەنیا ڕەوانبێژ بێت، کە لە ئەسڵدا (بڕیار و پلان) کاری ئەقڵن نەک ئەدەبیات و ڕەوانبێژی. بۆ نموونە ستیڤن هاوکینگ خۆ نەی دەتوانی قسە بکات. یەکێک لە چەکەکانی پۆپۆلیزم یان چەکی سەرەکی پۆپۆلیستەکان ئەم ڕەوانبێژی و جوان وتنەیە. ئەم وتە بە ناو جوانانە، قووڵ نین و جوڵە بە وەرگر ناکەن. وەرگر ئازار نادەن بۆیە وەرگر حەزی پێیانە هەرچیش وەرگر حەزی پیی بوو، لە لای زۆرینە باوی بوو، ئەوا میدیا پەخشی دەکات بۆ میدیا باش و خراپی، ڕاستی و درۆ گرنگ نییە، میدیا گرنگی بە کۆکردنەوەی وەرگر دەدات. میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن قسەی ئەمانە پەخش دەکەن میدیاکانی دەسەڵاتیش چوون لەو قسانە و لەو کەسانە ناترسن لە پێناو دەرنەکەوتنی قسە و ڕەئی جدیدا دووبارە ئەوانیش فوو دەکەنە ئەم پۆپۆلیستانە و پەخشیان دەکەن. کێشەکە لە مەوە قووڵتر و قووڵتر دەبێت، ئیتر پۆپۆلیستەکان تەنیا قسە ناکەن بەڵکوو پلانیش دادەنین. پۆپۆلیستەکان جیاوازی دۆزەخی ئێستا و بەهەشتی خەیاڵییان بەستۆتەوە بە سەرداربوون و سەردار نەبوونی خۆیانەوە. ئەمانە مژدەی بەهەشت دەدەن بەبێ ئەوەی

دەرگای دۆزەخ دابخەن، ئەز ژی ژ هەمبەر وان درووشمان دبیژم هەموو ئەو تیزانەی کە پێیان وایە تەنیا بە گۆڕینی گرووپێک لە دەسەڵات بە گرووپێکی تر گەرەنتی درووست بوونی کۆمەڵگایەکی نوێیە، ئەوا دوورە لە واقیعەوە و مێژووش پێمان دەڵێت: ئەسڵ و ئەساسی نییە. ئێمە دەزانین دەسەڵات کۆمەڵگا بنیادی دەنێت کەواتە: ئەگەر دەستەیەک بگۆڕیت و کۆمەڵگە نەگۆڕیت کۆمەڵگە دەتوانێت و دەیکات دەستەیەکی هاوشێوەی دەستەی پیشوو درووست دەکات، زیاتر لەسەری دەڕۆم تا دەگەمە لای ئەو پیاوەی دە خاڵێکی نووسی بوو بۆ کەسێک کە کاروباری شار بەڕێوەدەبات، ئەم هاوڕێیە لای وایە کە چاکسازی کۆمەڵایەتی کارێکی زۆر ئاسانە و تەنیا ڕاوەستاوەتە سەر هەڵبژاردنی کەسێک کە ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بێت، ئیتر خەڵک دەحەوێنەوە و خۆشەویستی و برایەتی و بەختەوەری باڵ دەکێشێت بەسەر شاردا! ئەم بۆچوونە لە پێشنیاری مشکەکەی ناو چیرۆکەکەی د.عەلی وەردی دەچێت دەڵێت: ئەو مشکە پێشنیاری بۆ هاوەڵەکانی کردبوو زەنگۆڵەیەک بکەنە ملی پشیلەکە، بۆ ئەوەی کە دێت بۆیان گوێیان لە دەنگی زەنگۆڵەکە بێت و خۆیان بشارنەوە. ئەمە پێشنیارێکی جوانە و هیچ گومانی تێدا نییە، بەڵام کێشەی گەورە لە هەڵواسینی زەنگۆڵەکەدایە بە ملی پشیلەکەوە، چ مشکێ ئەوەندە گوندەیە بتوانێت ملی پشیلەیەک بگرێت و پەتی زەنگۆڵەکەی لێ ببەستێت و گرێی بدات و دوایی بێ زیانیش بگەرێتەوە لای مشکەکان؟ ئەم پێشنیارە زۆر جوان و کامڵە تەنیا یەک ناتەواوی

هەیە کە جێبەجێ ناکرێت. لەسـەر پێشـنیاری ئەو هاوڕێیەش، هەمووان دەزانن پێشـنیار بۆ چاکسـازی کارێکی چاک و ڕەوایە بەڵام دووبارە هەمووان زانییان تاقی کرایەوە چاکسـازی ئاوا ناکریت. ئاریشـەی ڕاسـتی ئەوەسـە کە کۆمەڵێک لەو خەیاڵاویانە بەڕاستی باوەڕیان وایە کە چاکسازی بەو جۆرە دەکرێت بەڵام بە گشـتی سـەرداری پۆپۆلیسـتەکان دوو جۆرن: یەکەم ئەو جۆرەیە کە سـاختەچییە و سـەر شـەپۆلی قسـەی خەڵک دەکەوێت. دووهەمیـان: ئەوانەن کە لە جۆری خەیـاڵاوییەکـان بوون، بەڵام ئێسـتا لە ترسـی خەڵک ناوێرن قسـەیەکی تر بکەن. دەنا دەزانن درووشـمەکانیان پووچە، پێیان وایە ترسـی خەڵک زیانی بۆ کێیە جگە لە خەڵکەکە خۆیـان. وشـەی خەڵـک هێزێکی هەیە ترس درووست دەکات، ئەگەر خەڵکەکە هۆشیار بوون ئەوا هیچ هێزێک نـاوێرێـت خراپەیـان بەرانبەر بکـات خۆ ئەگەر وا نەبوون هیچ کەسـێک ناوێرێت چاکیان بکات. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە بە هەموو هێزیانەوە پەلاماری دەدەن. جارێک کۆمەڵێک پیاو دەچنە گەشـت لەوێ شـێرێک دەبینن قاچی بووە بە تەڵەی ڕاوچییەکەوە ئەم پیاوانەوە هەرچەند دەیانەوێت شـێرەکە ڕزگار بکەن شـێرەکە زیاتر پەلاماریان دەدات، ئا لێرەدا دوو ڕێگا هەیە بۆ ڕزگارکردنی ئەو شـێرە یەکەمیان پیاوەکان بەهێزتر بن لە شـێرەکە ئیتر بە گرتن و لێدانی بێت یان بە بێهۆشـکردن و بەسـتنەوەی بێت یان شـێرەکە بە هێمنی بە ئەقڵ و مەنتق واز لە دڕندەیی خۆی بهێنێت تا ڕزگاری دەکەن. نە پیاوەکان هێندە ئازا بوون و نە شـێرەکە

ئەوەنــدە تێگەشـــتوو، بۆیە هیچیــان ڕووی نەدا و پیــاوەکــان شێرەکەیان بە تەڵەکەوە بەجێ هێشت. شێری دڕندەش لە برسـان گیانی دەرچوو، خەڵک دەتوانێت ترســێکی زۆر گەورە درووســت بکات وەک چنگ و کەڵبەی ئەو شێرە، ئەم هێزە دەکرێت بە باشی بەکار بێت لە دژی دوژمن و گەندەڵی ناوخۆیی و هەندێک جاریش ئەم هێزە سەری خۆی تێدا دەبات.

دەست خۆش دەزانم هەوڵتداوە و ویستووتە بتەکان بشکێنیت بۆ ئەوەی خەڵک ڕزگاریان ببێت. دەزانم هەر تۆ نەتوێراوە هەندێک لە بتەکان بشکێنیت لە ترسی خەڵک، سەیرە ئەو کەسەی بتەکەی درووستکردووە خۆی مردووە، کەچی ئێستا خەڵک نایەڵن بتەکان بشـــکێنین، ئەگەر دەڵێیت بۆ؟ دەڵێم تا یەک بت لە نەســـتی تۆدا هەبێت ناتوانیت بتشکێنی بکەیت، چونکە بتەکان برا و پشتی یەکن ئەگەر لە ڕووکاریشـــدا دژی یەک دیاربن بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر پشـــتی یەکن. بتەکەی زهنی تۆ بتەکەی زهنی ئەو دەپارێزێت، ئەوەی خۆت بشـــکێنە شـــکاندنی بتەکەی ئەو زۆر ئاســـان دەبێت. ڕاسـتە خەڵک تاوانبارە بە ڕێگریکردن، بەڵام ئێمەش تاوانبارین بە ڕاکردن و ترســـنۆکی لە ئەرکەکانمان (ئەی ماڵوێران ئەو گەلەی نیوە زیاتری نەزانە و زاناکانیشــی ترسـنۆکن) دەبێت شــەڕی ئەم ترســە بکەین و دەبێت ئەو خەڵکەش تێبگەیەنین کە ئێســتا و هیچ کات کاتی بتپەرســـتی نییە. ئێســـتا کاتی ئەوە هاتووە بزانین بە هـاتوهـاوار چ لە گۆڕێ نییە و ســـــەردەم ســـــەردەمی ڕامـان و بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پڕوردەکارییە.

(هێزی ترسی خەڵک)[8] گەر ڕووی لە دەسەڵات بێت کەمترین ماوە ئەو دەســـەڵاتە حوکم دەکات، یان بە ناچاری باشـــترین حوکم دەکات، بەڵام ئەگەر ئەم هێزە پارێزەری بتەکان بێت و ئەوانە بە پیرۆز بزانێت کە ئەم بەزمەیان ڕۆناوە، ئەوا ئەو گەلە شـــەڕێکی فکری نـاوخۆیی قەرزارە و دەبێـت هەر بیکـات. ئێمە بەرەی بتشـــکێنین، بەرەی بەرانبەر بەرەی بتپەرســـتن. زیـانی ئەو بتپەرســـتییە تەنیا بۆ خۆیان نییە، هەتا وازیان لێ بهێنین، بەڵکوو گەلێک بگرە جیهان بە دەســت ئەمانەوە دەناڵێنێت. بۆیە ئێمە دژی هەر گەمژەیەکی بتپەرستین هەر لێرەوە هەتا ئەوێ، چونکە دڵنیام ئەو هەر لەوێوە زیانی بۆ ئێمە دەبێت، وەک چۆن کاتێک کەســێک دەمرێت خۆی هەســت ناکات مردووە بەڵام ئازاری مردنەکەی بۆ نزیکەکانێتی، گەمژەکانیش بەم شـێوەیەن خۆیان نازانن کە چین و چی دەکەن بەڵام ئێمە باجی گەمژەیی و نەزانی ئەوان دەدەین.

---

[8]. هێزی ترسی خەڵک: ئەو هێزەیە کە هەر کەسێک بێهێز دەکات لە کردنی کارێک لە ترسی خەڵکەکە خۆی، خەڵک زۆر بە سام و شکۆن دەتوانن ڕێگربن لە هەر کارێک، لە هەر فکرێک لە هەر کەسێک کە دڵیان نەیەویت. ئەوەش هێزی ترسە لە خەڵک.

## سیستەمی نەمروودی

با بە چەند پرسـیارێک لەسـەر باسـەکەی پێشـوو بچینە ناو ئەم سـیسـتەمەوە، ڕەنگە خۆشـت ئەو پرسـیارەت هەبێت! ئەی ئەگەر ئەوان گەمژەن و بتشـکێنەکان وریان؛ ئەی بۆ گەمژەکان ترسـیان لە بتشـکێنەکان نییە؟ بۆ بتشـکێنەکان کەس بە گوێیان ناکات و گەمژەکان دەتوانن هێزی ترسـی خەڵک ئاراسـتە بکەن؟ بۆ خەڵک شوێن گەمژەکان دەکەوێت و ئازاری بتشکێنەکان دەدات؟

هۆکاری ئەو دیاردە نامۆیە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دینییەیە کە من ناوم ناوە (سیستەمی نەمروودی)[9]: لە سیستەمی نەمروودیدا کەسـێک یان چەند کەسـێک لە ڕووی خوێنەوە ئاغا و بەگ و سـەرۆک عەشـیرەتن واتە خانەدانن. لە ڕووی ئایینیشـەوە شـێخن و لە ڕووی ئابوورییەوە بازرگان و پارەدارن. لە ڕووی سیاسییەوە لە دەسـەڵاتدان و شـەرعیەتی شۆڕشگێڕییان بە باڵای

[9] نەمرود: فەرمانڕەوایەکی ستەمکار بووە لەساڵی ٢٠٣٥ پیش زاین لەدایکبووە و لە سەردەمی پەیامبەر ئیبراهیم دا فەرمانڕەوا بووە. ناوی تەواوی (نەمرود کوڕی کوش کوڕی حام کوڕی نوح)ە و لە نەوەی نوحە و خۆی بە خودای سەر زەوی زانیوە و خۆی بە نەوەیەکی پیرۆز هەژمارکردووە. هەرکەس ملکەچی فەرمانەکانی نەبوایە و نەیپەرستایە ئەو فەرمانی سوتاندنی بۆ دەردەکرد، هەروەک فەرمانی سوتاندنی بۆ پەیامبەر ئیبراهیم دەرکرد کاتێک دژی وەستایەوە و بانگەشەی یەکتاپەرستی دەکرد. چیرۆکی نەمرود لە کتێبە پیرۆزەکانی قورئان و ئینجیلدا باسکراوە.

خۆشیان دووریوە. لە جیهاندا ئەم پنتانەی هێز هەیە و هەر یەکەو لای کەسێکە بەڵام لە سیستەمی نەمروودیدا هەمووی لای یەک کەسە، یان لای چەند کەسێکی هاوشێوەیە. هۆکاری ئەم نەهامەتییەی ئێمە ئەم سیستەمەیە کە تێکەڵەیەکە لە سیستەمی فیوداڵ و سەرمایەداری نوێ، ئەمانە شوێنکەوتەی خوێن و تەریقەتیان هەیە. پارەپەرست و ماستاوچی دەسەڵاتیان لە دەورە، بە مێژووش خەڵکانێک فریوو دەدەن. بە گشتیی ئەم نەمروودانە سێ جۆر کەسیان لە دەورە: یەکەم؛ ئەوانەی بە هەر ڕێگایەک بێت فریویان خواردووە، دووەم؛ ئەوانەن تەنیا بۆ پەیداکردنی پارە شوێن نەمروودەکان کەوتوون، سێیەم؛ دەستەیەکی ساختەچین نەمروودەکە و شوێنکەوتووەکانیشی بەکار دەهێنن بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان. ئیتر ئەم هەرەمی گەمژە و پارەپەرست و زمانلوسانە دەبنە عەشرەت و باڵ و دامودەزگا و حیزب.

ئیتر هەر کەسێک دەست بۆ بتەکان بەرێت یان قسەیان لەسەر بکات، ئەوا ئەو هەرەمە گەورەیە کە هێزێکی مرۆیی و مادی و ئەقڵی گەورەیە دژی شکێنەرەکە دەبنەوە، کاری ئەم شۆڕشەیە دژایەتی ئەو بە ناو پیاوماقووڵ و سەرۆک عەشرەتانە بکات کە کاریان پێشێلی یاسایە بە ناوی دانیشتن و سازانەوە (سوڵح) ئەم بەناو ماقووڵانە لەو سوڵحانەدا ماف لە مافخوراو زەوت دەکەن. هۆکاری سەرەکییان قسە و پارە و هێزە، بە هۆیانەوە وا دەکەن تاوانبار باجەکەی زۆر بە سوکی بدات، دەبێت دژایەتی ئەو سەرۆک عەشرەتانە بکرێت کە پێشتر جاش بوون و ئێستاش

بازرگانی به دەنگی خزمەکانیانەوە دەکەن. ڕاگەیاندنی ئەم شـــەڕە فکریە سانا و سادە نییە. وەها شەڕێک کلکی کەری تێدا دەقرتێت، دەی وەک جیم هاریســـۆن دەڵێت: "هەرچییەکت هەیە لە پێناوی ژیاندا سەرفی بکە با مردن نەتوانێت هیچ لەگەڵ خۆی بەرێت".

هەر گەلێکی چەوساوە لە دونیادا یان سیاسییەکان، یان ئاغاکان یان پیاوانی ئایینی یان بازرگانەکان دەیانچەوســـێننەوە، بەڵام لە سیستەمی نەمرووودیدا هەموویان پێکەوە دەمان چەوسێننەوە. من زیاتری لەســـەر نارۆم مرۆڤ کاتێک مرۆڤە دۆخی ناهەمواری خۆی بگۆڕێت. تازە ئێمە دەرگای ژووری کێشەکانمان کردۆتەوە، ئیتر داخستنی بۆ ئەوان زۆر گرانە.

گەر کێشەکە بە کوورتی پێناسە بکەین دەڵێین: هەرەم و شێوازی حوکمی سیاسی لە هەر شوێنێک بەرهەمی پەیکەری کۆمەڵایەتی ئەو گەلەیە. گەر دەرگاکە زیاتر ئاوەڵا بکەین ئەو ڕاستییە دەبینین لەناو ژووری کێشـــەکاندا کە بۆ گۆڕینی ژیانمان شـــۆڕشـــی کۆمەڵایەتی لە پێشـــترە وەک لە شـــۆڕشـــی سـیاســی بۆیە ئێمە شۆڕشێکی فکری، کۆمەڵایەتی دەکەین لەپێناو گۆڕینی ژیانماندا.

من ئەوەم لە پێش چاوە کە هەر بانگەشـــەیەکی چاکســـازی نوێ دەبێتە هۆی لەیەک پچران و پەرت و بڵاوی ئەندامانی کۆمەڵگە، چونکە دەســـەڵاتداران لە پەرێزدان بۆ ئەو بانگەوازانە و تا بتوانن بە توندی بەرەنگاری دەبنەوە.

ئەگەر بینیتان کەســـانێک بۆ یەکڕیزی ئەندامانی گەل بانگەشـــە دەکەن، ئەوا بزانە ئەوان نایانەوێت هیچ شـــتێک لە جێی خۆی

بجولێنن. ئەوانە هیچ نووسـتویەک بە ئاگا ناهێننەوە، ئەنجامیش هەر نەمرووەکان بە نەمروودی دەمێننەوە.

ئەو یەکگرتنە بێ مانایە یان بێ سودە، شورای پشتی سەرداریی ئەوان و زەلیلیی ئێمەیە، ئێمە یەکڕیز و یەکگرتووبین لەسەر (ستەم و خراپە و جەهل)؟

با هەنگاو هەڵێنین بۆ چاکسازی و چاکە با تۆوی چاکە بچێنین لە زەویدا، زۆر لاشمان ئاساییە لەم کارەشدا توشی شەر و سزا و ژان ببین. ئێمە لێمان ڕوونە کە هیچ ڕێگایەکی خۆشگوزەرانی خۆش نییە، ئێمە دەزانین هیچ کەسێک ناچێتە بەهەشت تاکوو نەمرێ، ئێمە دەزانین و ئامادەین بۆ هەر بەهەشتێک جارێک بمرین. ئیتر ناکرێت بەناوی یەکڕیزی و برایەتییەوە ئەم نادادییە بەردەوام بێت چاک بوون و بەرەو چاک چوون لەو دەمەوە دەست پێدەکات کە کەسێک هاوار بکات و بڵێت من ئەمر دەکەم بە چاکە و نەهی دەکەم لە خراپە. ئیتر من هابیلی برای کەس نیم و ناهێڵم ژیانم وا بڕوات، قابیل با براشم بێت گەر واز لە ستەم نەهێنێ سزای دەدەم.

# زۆرینه

به درێژایی مێژوو هەرکاتێک دوو هێز یان دوو کاندید یان دوو فکر یان دوو کولتوور یان دوو شـــارســـتانییەت بە کوورتی هەر جارێک دوو بەرە لە ململانێدا بوون، ئەوا زۆرینە زۆربەی جاران لا خراپەکە، بێ فکرەکە یان بێ ڕەوشتەکەی هەڵبژاردووە، دەزانیت بۆ؟

لەبەرئەوەی زۆرینە تەمەڵن و باشـبوون ماندوویان دەکات، فکر و بیرکردنەوە ڕامـانی دەوێـت، ڕەوشـــــت مرۆڤ لە ئـارەزووە ئـاژەڵییەکـانی دوور دەخـاتەوە، ئێ زۆرینەش ئەوە نـاکـات. لە دەرئەنجامی ئەمەوە ژیان بەو شـێوەیە ڕۆشـتووە کە هەیە. بەڵام لە هەر کاتێکی مێژوودا زۆرینە پشـــتی لا باش و ئازادی خواز کردبێت، ئەوا ئەو ســـاتە بۆتە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی. لەو ســاتەوە شــارســتانییەت خۆشـگوزەرانی و داد و داهێنان دەسـتی پێکردووە، بەڵام داخەکەم زۆرینە نەفس و نەقس هانیان دەدات بۆ هەڵبژاردنی بەرەی بەد. بەرەی بەد جیـا لەوەی پـارە بە ڕێگـای نایاســـایی پەیدا دەکەن و خەڵکی پێ دەگرن و بەکرێگیراوەکانیش بەکـار دەهێنن بۆ ململانێیەکی دامـاڵراو لە هەموو بەهـایەکی ڕەوشـتی، کە ئەم کارە بۆ چاکەخوازان گرانە ئەنجامی بدەن. ئەمە وا دەکات کە زۆرینە زۆربەی جاران لای بەرەی بەد بن، زۆرینە لەوانە پێکدێت کە کەسـایەتییان لاوازە و شـوێنکەوتەن. زۆرینەی

شـوێنکەوتوو لە تەنیایی دەترسـن لە قەرەباڵەغیدا خۆیان حەشـار دەدەن.
زۆرینە بۆ هەر گرۆیەکی مرۆیی بەکار بێت کێشـەیە وەلێ ناکرێت بە هەموویان یەک شت بزانن و هەر ئەوەش بکەن، زۆرینە خۆیان مـانـدوو نـاکەن؛ ئـارەزوویـان بەوانەیە کە خۆیـان دەیزانن و ئارەزوویـان بەو ڕایەیە کە لێی ڕاهـاتوون. ئەگەر ڕایەکی بـاش و تازەش ببیسـتن بشـزانن ڕای بەرەی زۆرینە هەڵەیە، ئەوا تاقەتی شـــۆڕش و دژ بوونیان نییە. ئەگەر دەتەوێت لە زۆرینە تێبگەیت ئەوا سەیریان بکە کێ بە ماقووڵ دەزانن، سەیریان بکە کۆڕی کێ قەرەباڵغ دەکەن، ڤیدیۆی کێ بینەری زۆرە کام نووسراو و هەواڵ خوێنەری هەیە، کـام فیلم و کـام شـــانۆ ســـەرە بۆ بلێتی دەگیرێت...تاد. دەی سەیریان بکە و بزانە گوێ لەکێ دەگرن، بزانە لەناو زۆرینەدا باوی چییە، تاک لە زۆرینەدا ون دەبێت و ماســک دەکات ئەمەش مایەی ئارامییە بۆی، بەڵام تەنیا بوون خۆنیشاندانە کە ئەمەش بوێری دەوێت. ئەگەر تەنیـایەک بەهێز و ئـازا نەبیـت دەبیتە نێچیر بۆیە دەڵێن تەنیا بوون باوەڕی دەوێت، بە کوورتی تەنیا بوون شۆڕشە و تەنیا کەوتن دەستپێکی شۆڕشە،

خوای گەورەش هەر ئاوا باسـی زۆرینە دەکات[10] بەڵام لە باسـی تـاکدا مێژووی ژیـانی هەموو گەورەکـانی مێژوو پێمـان دەڵێت، هێزی کۆمەڵ بەرانبەر هێزی تاک خۆگر نییە، تاکی ناو زۆرینە نا، تاکی ئازاد بە دریژایی مێژوو ملی بە زۆرینە کەچ کردووە.

[10] ئایەتەکان:

(أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ) واتە: (زۆرینەشیان هەر باوەڕی پێ ناهێنن)

(أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ) واتە: (زۆربەیان نەزان بوون)

(أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ) واتە (زۆربەیان ناشکورن)

(بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡحَقَّ فَهُم مُّعۡرِضُونَ) واتە: (بەڵام ئەوان -زۆربەی زۆریان- لە ڕاستی سەریان دەرناچێ و لێی نەبانن.)

(أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ) واتە (زۆربەیان ئاوەزیان نییە)

(أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ) واتە (بەڵام زۆربەی زۆر لە ئێوە ڕاستیو دەدزا.)

واتای ئایەتەکان: قورئانی پیرۆز بە کوردی/ هەژار موکریانی.

# ئامانجە داتاشراوەکان

(شادومان ئەو کەسەیە کە خاوەنی تەنیا کراسێک نییە) مەبەست لەوە ئەوەیە کە خۆشحاڵ ئەو کەسەیە کە خاوەنی کراسێک نییە و نایەوێت کراسی هەبێت بەڵام هەمووومان گومانمان نییە ئەوەی کراسی دەوێت و نییەتی لەوپەری نەهامەتیدایە، ئەوەی سەرەوە قسەی کۆمەڵناسانە کێشەش ئەو دەمە دەست پێدەکات کە هەمووان یەک ئامانجیان هەبێت کە ڕەنگە ئامانجەکە بۆیان داتاشرابێت و بۆ هەندێکمان ئەوەندە گرنگ نەبێت و دەستکەوتنی ئەو شتە ئەوەندە لە ژیانیان نەگۆڕێت کە خەیاڵی بۆ دەکەن.

دەگێڕنەوە جارێک پیاوێکی گوندیی، لە سەرەتای سەدەی بیست دێتە شار دوکاندارێک دەبینێت لەناو دوکانێکی شیرینیدا دانیشتووە بێ ئەوەی یەک پاقڵاوەش بخوات، کابرای گوندیی دەڕواتە بەردەمی دەست ڕادەوەشێنێت

خاوەن دوکان خۆی تووڕە دەکات: "خێرە کابرا وادەکەی؟"

گوندییەکە دەڵێت: واتە تۆ چاوت دەبینێ و هیچ کام لەو شیرینیانە ناخۆیت!

دوکاندارەکە دەڵێت: لێیان تێر بووم!

گوندییەکە دەڵێت: من یەکجار خواردومە و چەند جارێک بینیومە وام بیر دەکردەوە هەرچەندێک لەمانە لەبەردەم هەر کەسێکدابێت لێی تێر نابێت و ئەوپەڕی خۆشییان لێ دەبینێت بە بەردەوامی.

ئێمە زۆربەمان وەک ئەم زاتە واین وشـە و مانای تێربوونمان بیر نییە، بۆیە هێنـدە حەزمـان بە پـارە و دەوڵەمەنـدییە، بۆیە هێنـدە حەزمان زۆرترە بۆ ئەو شـتانەی بەردەسـتمان نین و کەم دەیان بینین. تا ئێرە ئاســـاییە، خۆمان کۆمەڵێک ئامانجمان بۆ خۆمان داتاشــیوە و خۆمان پێوە خەریک کردوون، بەڵام کارەســات ئەو کاتە دەســت پێدەکات کە ئامانجمان بۆ دادەتاشــن. ئاخر دەبینیت مرۆڤ هەندێک جار حەز لە شــتانێک دەکات، کە ئەگەر بە وردی لێیـان بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە هیچ بەهـایەکیان نییە، ئێمە دەبینین کە کەسانێک خۆیان زۆر ماندوو دەکەن یان لە کەسایەتی خۆیان دەدەن بۆ ناوبانگ و شوهرەت، هەر ئەو کەسەش دەزانێت ئەمە هیچ ســودێکی پێ ناگەیەنێت، ئەو هەمووو شــتێک دەکا بۆ ئەوەی ناوبانگی دەست بکەوێت و گرنگی بە ئەرک و ماندوبوونی ناوبانگەکەی نادات و لاشـی گرنگ نییە بۆ ناوبانگ چی لە دەسـت داوە! ئەمانە بە هەر ڕێگەیەک بێت دەیانەوێت ناسـراو بن. هیچیان نییە کە جیگەی سەرنج بێت و پێی بەناوبانگ بن، ئیتر سرووشتی خۆیـان نیشـــان دەدەن و بەدنـاو دەبن. ئەمـانە لایـان وایە گەر نەتوانن بەناوبانگ ببن لایەنی کەم دەتوانن بەدناو ببن.

بە مانگی تەمووز قات و بۆینباخی پۆشـیوە تا سـەرنج ڕابکێشـێت. بەو سـەرما و بەفرە تەنوورەی کوورتی لەپێ کردووە تا سـەرنج ڕابکێشـێت. ئەمیان لە گەرما سـوتاوە و خۆی توشـی مەینەتی و بۆگەنی کردووە، ئەویان لە ســەرما ڕچیوە و کە دادەنیشــێت تەنوورەکەی ڕادەکێشــێت تا ڕانی داپۆشــێت. ئەی ســەرەتا بۆ

کوورت دوریت؟ بۆ چاکەتەکەت لەبەرکرد؟ و بۆ دای دەکەنی و دەیـدەیـت بەســـــەر دەســـــتتـدا؟ ئەم خۆمـانـدوکردنە بۆ؟ ئەم شــوێنکەوتنی ئامانجە داتاشــراوە بۆ؟ من نازانم خۆشــیان دەزانن بۆ یان نا! بەڵام ئێوە ڕۆژانە دەیانبینن ئەوە گوزەرانی ئەو زۆرینە بەدبەختەیە بە دەســــــت ئەو ئامانجانەوە کە بۆیان دیاری کراوە. ئێســــتا، ئێمە خۆمان ئامانجی خۆمان دیاری کردووە، ئێمە ئەو ئامانجەمان هەیە کە بۆمان پێویســـتە و ســـودمان پێ دەگەیەنێت. ئامانجمان ئامانجی گەلە و تێکۆشـــــانمان بۆ بە ئامانج گەیاندنی گەلە .

## بیر و پێوەر

ئەقڵی مرۆڤ چەقی هەموو شـــتێکە! ئەم وتەیە دەمانبات بۆ ئەو گفتوگۆیەی کە ئـاخۆ هەنـدێـک لە هەنـدێـک زیرەکترن، بە ئەزموونترن، ئەی ئەقڵی کامیان چەقە؟! هەر یەکەیان باشـــێک هەڵدەبژێرێت و شـتێک بە خراپ دیاری دەکات. ڕەنگە باشـەکەی ئەم خراپەکەی ئەو بێت بە پێچەوانەشـەوە، کێشـەکە لەو دەمەوە دەست پێ دەکات کە کێ باکڕاوندی باش و خراپ دیاری دەکات؟! کارڵ پۆپەر دەڵێت: (هیچ بیرکردنەوەیەک پاک نییە) جا حافزیش لای وایە کە بیروبۆچوونی مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی نییە، بەڵکوو سـەپێنراوە بە سـەریدا بە زۆر. منیش لام وایە هەر ئەوەی بەسـەریدا سـەپاوە بەزۆر دوای ماوەیەک بۆ ئەم مرۆڤە دەبێتە پێوەر، بۆ بیر، بۆ لێکدانەوە، بۆ هەڵبژاردنی بـاش و خراپ، بۆ دیـاری کردنی کردەی ئەخلاقی و نـائەخلاقی. تەنـانەت خوای گەورەش ئەو ڕاستییەمان بۆ بەیان دەکات یان لەگەڵ ئەو ڕاستییە مامەڵە دەکات و بە پێی ئەوەش دادگاییان دەکات یان داوایان لێ دەکـات. هەموومـان دەزانین خوای گەورە بە گوێرەی توانـای هەرکەسێک ئەرک دەخاتە سەرشانی، ڕەنگە ئەو دەق و نووسینە سـەیر دەربکەوێت، بەڵام گەلێ جاران ئێمەش مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخ و بڕیـارانە دەکەین و لێیـان تێـدەگەین. بۆ نموونە کـاتێـک کەسێک توشـی ڕەنگکوێری بووە زەرد و سـەوز بە سـپی ببینێت

یان ســور بە ڕەش دابنێت، ئێمە گلەیی لەو کەســە ناکەین چونکە ئەو هەر ئەوەندە توانای هەیە ڕاســتگۆشــە لەگەڵمان بەڵام وا دەیبینێت بەداخەوە. ئەوەی ڕێگرە لە ڕاستکردنەوە ئەوەیە کە ئەم برادەرە تا ســەر ئێسقان ئینکاری لە ڕاســت بوونی خۆی دەکات، ئەم هەڵە بینین و خۆ بە ڕاســت زانینە بۆ بابەتە فکری و ئەخلاقی و ڕامیارییەکانیش هەروایە.
منیش ئاوام، تۆش بەهەمان شــێوەیت، لە دەرەوەی مەودای بینین ناتوانین شــتێکی تر ببینین، ناتوانین بیبینین، ئەگەر داپۆشــرابێت یان چاوت بەســـترابێت یان ڕووناکی نەبێت یان ئەگەر کوێربیت، دەمەوێت بڵێم بۆ هەســت کردنت بە شــتێک پێویســتت بەوە هەیە هۆی هەست پێکردنی تەواوت هەبێت بەرانبەر بەو شتە، ئەگەر نا ئەو شتە لای تۆ وەک نەبووی لێ دێت. زۆرن ئەو زانایانەی لایان وایە کە بیرکردنەوەش وەک هەســتکردن ســنووری هەیە، چونکە ئێمە ناتوانین لە شتێک بگەین ئەگەر ئەو شتە لە چوارچێوەی ئەو چەمک و پێوەرە فکریانەدا نەبێت کە لێی ڕاهاتووین، ڕەنگە هاوڕام نەبیت چونکە ئەمە پێمـان دەڵێـت ئەوەی تۆ پێـت وابوو کە لە بیرکردنەوەدا سەربەستی و بە ئارەزووی خۆت بە هەموو لایەکدا دێیت و دەڕۆیت ئەوە هەر وەهمێک بوو و هیچی تر. ئەوە ئێرەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆ دۆخمان نەچۆتە پێش بەو هەموو پارتەی کە هەیە؟! چونکە ئەو پارتانە لە منداڵدانی یەک دایکەوە درووست بوون، ڕاستە لێرە شــەڕی براکان کراوە، بەڵام هەرگیز شـــەڕی بـاوکیـان نەکردووە، بۆیە بەو منداڵییەی خۆیـان تەنیـا

توانیویانە کەمێک بەلای ڕاســـت یان بەلای چەپدا بجولێن، بەڵام تەنیا هەنگاوێکیش بە ئاراســـتەی گۆڕینی دونیا بۆ پێشـــەوە نەچوون. لام وایە بەرەوپێشـــچوون لەگەڵ ئەوان لە هەموو ڕووەکـانەوە نـابێـت، چونکە ئەوان یەکێکیـان وەســـتـاوە و ڕکابەرەکانیش لەسـەر وەستاوەکە خۆیان پێناسـە دەکەن. دیسـان بەزمی ئاوێنەکەیە.

ســـەربازێک بە عومەر موختار دەڵێت: ئێمە زیندانییەکانی ئەوان ناکوژین بەڵام ئەوان دیلەکانی ئێمە دەکوژن.

عومەر موختار: ئەوان مامۆستای ئێمە نین.

عومەر دەتوانێت ئەو قســـەیە بکات چونکە خاوەنی ڕەوشـــتی خۆیەتی، بەڵام پارتەکـان لێرە مـامۆســـتـای یەکن و کـایەکە بێ ڕەوشـــتی تێکەوتووە بۆیە بەرەبەرە زیـاتر دادەمـاڵرێ لە بەهاڕەوشـتییەکان. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە بەســـەر ڕەوشـتی ئەم گەلەوە.

فرۆید دەڵێت: (کوڕ بۆ ئەوەی ببێ بە پیـاو دەبێت بـاوکی خۆی بکوژێ) ئەو باوک کوژییە دەبێت هێندە گەورەبێت بەرگێکی تر بۆ پەڕتووکی مێژوو بکـاتەوە، دەبێـت فکر لەتمـان بکـات، بـاوەڕ بە درووشـمەکانی (با یەکگرتوو و یەکڕیزبین)، (من شـا و ئێوە گەدا) مەکەن! تا لەسەر فکر لەت نەبین یەک ناگرین، تا لەت نەبین کەری

ناو جۆگە[11] ناتۆپێت، تا لەت نەبین باشـــەکان گوڵبژێر نابێت، قورەیش دەیانوت محەمەد(د.خ) هۆزەکەی لەتکرد، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو ئوممەی عەرەبی بگرە چەنـدین نەتەوەی تری لەگەڵ عەرەب لەژێر یەک ناودا یەکخست.
باوک زۆربەی پێوەرەکانی داناوە، باوک چاوی گرتوین، باوک پەردەی داوە بەسـەر زۆر ڕاسـتییدا. وەک ئیبراهیم پەیکەرەکانی باوکت بشـکێنە. باوەڕ بکە ئەوکات ئاگریش ناتسـوتێنێت. چونکە ئەو سـوتانە وەکوو ئەوە وایە ئانیشـکت دابێتی بە دیواردا، ڕاسـتە زۆر بە ئـازارە بەڵام کەم و کوورتە. ئێمە بڕیـارمـان داوە وەک ئیبراهیمی باپیرمان شکێنەریبت و پەیکەر بین.

[11] کەری ناو جۆگە: لە زمانی دەوڵەمەندی کوردیدا ناو و وشەی وەسفی زۆرە، کەری ناو جۆگە ئەو کەرەیە کە لە هاویندا بەناو جۆگەدا دەڕوات و لە سەوزیی هەردوولای جۆگەکە دەخوات، بەشێوەیەک هەم جێگەی فێنکە و هەم پشتی ئەو سەوزیەی ئەو ئیتر گرەی هاوین زەردی کردووە، بەڵام ئەم کەرە نە گرە نە زەردی هیچ لایەک نابینیت.

## کاردانەوە یان کار؟

لە جیهاندا یەک کار هەیە ئەویش دروستبوونی مرۆڤە، ئەوەی دوای ئەو هەمووی کاردانەوە و بەرەنجامە. ئەمە ئەو ڕوانینە وەبەردەهێنێت کە هەموو کێشەکانی ئەمڕۆ و بڕیارەکانی ئەمڕۆ بەرەنجامی کێشەیەک یان کارێکی لە پێشترە. مادام کۆی کارەکان کاردانەوەیە، کەواتە کاردانەوە پاساو نییە بۆ ئەو هەڵانەی کردومانە و دەیکەین. بە کورتی؛ ناکرێت هەڵە بکەین و بڵێین کاردانەوە بووە بۆ کارێک، مرۆڤی خاوەن ژیریی دەبێت کۆی کارلێکراوەکان لەسەر خۆی سفر بکاتەوە تا بتوانێت کارێک بکات کە ئەوان یان ڕووداوەکانی مێژوو بۆیان دیاری نەکردبێت. بەم سفرکردنەوەیە ئەو کەسە یان ئەم گەلە دەتوانێت لەو داو و هەڵە مێژوویانە دەربازی ببێت، کە بڕیار و کاری لێ هەڵە و مەرجدار دەکەن. هەر کەسێک ئەوە بکات دەبێتە ئادەمێکی تر. کۆمەڵگە هەروا دروست دەبێت وەک چۆن ئادەم یەکەم کۆمەڵگەی دروست کرد، تەنیا بە وازهێنان لە کاردانەوە دەکرێت هەر پێشەنگێک ببێت بە ئادەمێکی تر و ئەو خەڵکەش لەم بارودۆخە بۆ ئەبەد داببڕێت، ئەوە بنیادنانە کە کاری ئێمەیە.

هەر کەسێک بەرکەوتەی ژینگە و جیژیانییەتی بەڵام بەرهەمی (ئەندێشە و هزری) خۆیەتی بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە کەسێکی بێ خەوش، پێویستە جێکەوتی: جیژیانی لەسەرخۆی سفر بکاتەوە،

ئەمەش بەرەیەکی تری شەڕەکەیە کە لەناو خۆماندایە و بەردەوام بەردەوامە، ئەم گەلە ئەوەندە لەژێر کاردانەوەدایە، جوڵە هەیە ئەمڕۆ دەیکات دوو هەزار و خوردەیەک ساڵ پێش ئێستا ئاراستەکراوە، کاردانەوەی هەیە هیی پێنج سەد ساڵ پێش ئێستەیە، دەی وەک شێخ سەلام دەڵێت:

هەستە لەخەو، ئەی لاوی کورد!
تێبکۆشە بە دەست و برد
هاوار دەکات، دایکی وەتەن
وا گیان ئەدا، پیادا بگەن
خاک و گڵ و گوڵ و گیا
شاخ و چەم و چڵ و چیا
ڕەنگا و ڕەنگی کەژی سیا
هاوار ئەکەن بەجیاجیا
وا مەزانن خاکی وەتەن
ئاو و گڵە و دار و دەوەن
ئەم وەتەن و ئاو و گڵە
پشت و ئەژنۆ و جەرگ و دڵە

# باوچی

باوچی یان مرۆڤی باو جۆرێکن لە مرۆڤ کە بیرکردنەوەیان بە کەسانی تر سپاردووە، یەکەم و گرنگترین کار بیکەیت موناقەشە و گفتوگۆیان لەگەڵ مەکە، چونکە بێ ئەنجامە لەمەوە ئەو چیرۆکەی (دیڵ کارینگی)م بیردەکەوێتەوە، کە بە دەستکاریەوە لێرە دای دەنێم دەڵێت: (پیاوێک پەردە بۆماڵەکەی هەڵدەواسن کە پسوڵەکەی دەدەنێ توشی شۆک دەبێت، لەبەر گرانیی پەردەکە، زۆر مامەڵە دەکات بە هەرحاڵ پارەکە دەدات و پاش ماوەیەک هاوڕێیەکی دەبێتە میوانی. دوای پیرۆزبایی پرسیاری نرخی پەردەکەی لێ دەکات و کاتێک بە گرانیی پەردەکە دەزانێت میوانەکە بە خانەخوێ دەڵێت: زۆریان لێ سەندوویت بە نزیکەیی دوو ئەوەندەی نرخی خۆیەتی. خێرا خانەخوێ وەڵام دەداتەوە دەڵێت ئەگەر شتی باش و جوانت بوێت دەبێت پارەشی پێ بدەیت. ئەم دەڕوات و پاش ماوەیەک میوانێکی تریان دێت، میوانەکە پاش پیرۆزبایی ماڵە تازە و پەردە جوانەکە پرسیاری نرخی پەردەکەی لێ دەکات، خانەخوێ دەڵێ من زۆرم پێداوە ڕەنگە تۆ بتوانی بە نیوەی ئەو نرخەی من بیکڕیت) ئەو باوچیانە لە کاتی گفتوگۆدا بەشێک لە قسەکانت هەڵدەبژێرن بۆ مشتومڕ و درێژدادڕی. قسەکە بەو شێوەیە وەردەگرن کە خۆیان دەیانەوێت، تۆش دەبێت کتوپڕ تێبگەیت کە ئەم گفتوگۆیە گرنگ نییە، چونکە ئەمانە گوێ بۆ تەواوی قسەکان ناگرن، بۆیە ناچار بە ڕوونکردنەوەت دەکەن

و له ئەسـڵی بابەتەکە دوورت دەخەنەوە. لێیان گەڕێ مەهێڵە کات بکوژن و مـاندوت بکەن، کـاتی تۆ گرنگە و کـاری ترت هەیە! تۆ تەنیا بەرپرسی لەوەی کە خۆت دەیڵێیت ئەم باوچیانە دووبارە مل بە ڕوونکردنەوەکەشت نادەن، ئەو باوچیانە قیرسیچمەن بەڕاستی قیرســـیچمە و منجڕن هەر جارەو لە بەرەیەکن بۆ موناقەشـــە تا وای نیشـــان بدەن زیرەکن و بیردەکەنەوە، بەڵام کڵاوێکیان بۆ دابنێ سێ ڕۆژ موناقەشەی لەگەڵ دەکەن مادەم تۆ کڵاونیت پێیان بڵێ مونـاقەشـــەت نـاکەم، ئێوە بیرکردنەوەتـان بە کەســـانی تر سپاردووە بۆیە لەگەڵ خاوەن بیرەکانتان موناقەشە دەکەم. ئەگەر پێویســـت بوو ئەم جۆرە نەک بە گفتوگۆی لۆژیکی باوەڕ ناهێنن بەڵکوو گەر دادگـایشـــی بکەیـت لەگەڵی نـاگەیتە ئەنجـام، چونکە مێشکیان پوت و پوچ و دەرس دراوە. ئەم باسە دادگای ئەو دزەم بیر دەخاتەوە کە دادوەرەکە لێی پرســـیبوو: چۆن ڕێگات بە خۆت دا لە نیوە شەودا بچیتە نێو ماڵی خەڵکییەوە؟

دزەکەش خۆی تورە کرد: جەنـابی دادوەر تەواو ســـەرتـان لێ تێکداوین جاری پێشـوو وت چۆن بە ڕۆژی ڕووناک دەچیتە ماڵی خەڵکییەوە، ئێوە قســـە دەگۆڕن و هەر جارەی قســـەیەک دەکەن، کەس لێتان تێناگات، ئەگەر سزاشم بدەن نادادپەروەرانەیە. ئەمەیە جۆری تێگەشـــتنی مرۆڤی باو لە وتەکانت لە کاتی گفتوگۆدا. ئەم باوچیانە خۆیان زۆر بە کەم دەبینن بە ڕادەیەک بۆ هەرشـــتێکی بچوک و گەورە دەڵێن: کێ یەکەم کەس بێ من دووەمم، تەنانەت لە سڵاوکردنیشا کاتێک بە لاتدا تێ دەپەڕن ئەگەر تۆ سڵاوت کرد

ئەو زۆر بە گەرمی وەڵامتدەداتەوە، خۆ ئەگەر بە هەر هۆکارێ تۆ سـڵاوت نەکرد ئەوانیش زۆر بە ڕقەوە بەلاتدادەڕۆن وەک ئەوەیماڵیانت خواردبێت و باوکیانت کوشـــتبێت، هەر دەڕۆن و مۆڕەت لێدەکەن.

باوچیەکان جگە لە ئاوێنەیەک زیاتر هیچی تر نین، بۆیە ئەم مرۆڤە باوانە چ جاران نابنە وێنەیەکی جوان. ئەوان وەک با وان بەلای بۆنی خۆشدا بڕۆن هەڵیدەگرن بەلای شتی بۆگەنیشدا بڕۆن هەر بۆنەکەی هەڵدەگرن، هیچ ناکەن و ناڵێن و بە بیریاندا نایەت جگە لەوەی تۆ پێیان دەڵێیت. کە وابوو تا دەکرێت وەک زەردەشـــت وتی: (باش بڵێن و باش بکەن و باش بیربکەنەوە) تا ئەوانیش وایان لێدێت باش بڵێن و بکەن و بیربکەنەوە، مرۆڤی باو باش و خراپ، بەپێی چۆڵی و قەرەباڵغی لێک جیا دەکەنەوە، ئەم باوچیانە پێیان وایە زۆرینە لەسەر حەقە.

ئەم باوچیانە هەمیشـــە لە دوای دواوەی ڕەوەکە ڕێ دەکەن بۆیە پێش خۆیان نابینن و ڕێ نازانن، تەنیا شــوێن قەڵەباڵغی دەکەون، ئەم باوچیانە لەوانەی پێش ڕەوەکە زیاتر بەرگری و شـــانازی بە بەرە و ڕێی خۆیانەوە دەکەن بۆ ئەوەی وای نیشـــان بدەن کە بە بیر بڕیاری شـــوێنکەوتنیان داوە شـــوێن هەرکێ کەوتبن زۆر گەورەی دەکەن. ئەمانە لە کا کێو درووســـت دەکەن، مرۆڤی باو سیاسەت و فکریشی بە جل و قژ و ڕیش تێگەشتووە، چی باو بێ ئەوە دەپۆشــێت ڕاســتیش بە پێی مۆدێل دەبڕێت، لەو ناوچەیەی لای ئێمە جارێکیان قەڵەباڵغییەک درووســـت بووبوو ســـەرە لەم

سـەر تا ئەوسـەر گیرابوو، پیاوێکی پیر چووبووە سـەرەوە لێیان پرسـی بوو ئەرێ حاجی تۆ چیت دەوێت؟ یان ئەم ڕیزی سـەرەیە بۆچییە؟ بۆ لە سـەرەدایت؟! وتبووی بۆ شـتی باش، بێژی ئەم عالەمە گشـتی کەر بێ، وەک ئەو خەڵکە، خەڵک بۆ شـتی باش خڕ دەبێتەوە، ئەگەر ئەوەی دابەشـی دەکەن باش بوو با بەر منیش بکەوێ، ئەگەر خراو بوو، چیم لە وان زیاترە، ڕۆڵە دەمێکە دەڵێن لەگەڵ عام دەچینە شام. ئەم پیاوە خوا لێی خۆشبێت نموونەیەکی جوانی مرۆڤی باوە، تەمەنێکی لە سەرەگرتندا بەڕێ کرد.
ناسـینی مرۆڤی باو ئاسـانترین ڕێگامان نیشـان دەدات، ئەویش بۆ تێگەشـتن لە ئاپۆڕای پارتەکانی دەسـەڵات باوچییەکان قەرەباڵغیی، قەرەبـاڵغتر دەکەن. ئەمـانە شـەیـدای قەرەبـاڵغین لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکە قەرەبـاڵغە ئەمـانیش دەچن واتە لەبەر قەرەبـاڵغی لەوێن مرۆڤی بـاو دەڵی کوێ پڕبوو لە خەڵک واتە پڕە لە عەقڵ، واتە پڕە لە هێز خۆنەویسـتانە دەڵی مادەم من بێعەقڵ و بێهێزم، ئەوێ بۆ من باشـترین شـوێنە، مرۆڤی باو بە سـادەیی نامێنێتەوە لە ناو پارتەکانی دەسەڵاتدا کار و ناویان دەگۆڕێت پێیان دەوترێت سـەگی دەسـەڵات. هەرچەندە بەوەفانین ئەوان لە سـەگ بوونەوە تەنیا هاربوون فێربوون. ئەوەی خەڵک لێی دەترسـێت یان ئەوەی ڕێگرە لە گۆڕانکـاری مرۆڤی بـاوە. بەڕای من ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە ئەو بـاوچیـانە لەگەڵ هـاتنی هەموو بـایەکـدا ڕوو وەردەچەرخێنن، ئەمـانە نە ڕێگرن نە هـاوکـارن، بە کوورتیی نە دەتوانن ڕێگری لە گۆڕانکارییە بکەن کە ئێمە دەیکەین نە هاوکاری

بەرپرسانی خۆیانن بۆ مانەوە. لە داهاتووشدا پشتیان پێ مەبەستە و لە ئێستادا لێیان مەترسن، هەر بایەکی تازە هەڵبکات ئەوان پێیان ناخۆشە و دژایەتی دەکەن (با) ش چ باکی بەوانە و هەر بەردەوامە ئیتر ئەوان هەر دوای توڕەبوون، تڕۆ دەبن و لەگەڵ بای تازە ڕادێن و لە کوێ بای بێ لەوێ شەن دەکەن.

ئەمجارە ئێمە (با) کە درووست دەکەین، نا (با) نا بەڵکوو گێژەڵوکە و بارەشێک بەڕێدەخەین کە بەدی وەپێچێ و نەک ڕوویان پێ وەربگێڕێ. بەڵکوو پاڵیان پێوەبنێ و بەڕێیان بخات بۆ خۆشگوزەرانی ئەوانیش سەرەڕای گەمژەییان بەڵام مافی خۆیانە خۆش بژین.

## پاڵەوانی مێژوو

بێ پێشـــەکی ڕەنگە موســـڵمانەکانی ئەمڕۆ لایان وابێ ئەگەر لە ســەرەتای بڵاوبوونەوە ئیسـلامدا بژیانایە، هەر لەگەڵ بانگەشـەی ئەو ئایینەیان بەرگوێ بکەوتایە، یەکســـەر باوەڕیان پێ دەهێنا، منیش درۆی لەمە گەورەتر و قســەی بێ ســەر و بەری لەمە بێ ماناترم نەبیســتووە. لەســـەر موســـڵمانان پێویســـتە هەزارجار شــوکری خوا بکەن چونکە لەو ســەردەمە ســەختەدا درووســت نەکرابوون، ئەگەر ئەمانە لەو ســەردەمەدا بوونایە هیچیان لە ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب کەمتریان نەدەکرد، یان لای کەمی دەبوون بە پەیڕەوانیــان و بەردیــان دەگرتە خــاوەن پەیــامەکە و پێی پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکرد، بە قورئان و بە میعراجەکەی، ئەی خوێنەری بەڕێز وای دابنێ کە تۆ لە مەککەدای و لە سەردەمی بانگەشــەی ئاینی ئیســلامدایت، پیاوێکی بێ دەســەلات دەبینیت کە خەڵک ئازاری دەدەن و بەردی تێدەگرن و گاڵتەی پێ دەکەن و پێی دەڵێن ئەو شێتە، شاعیرە، ساحیرە. هەروەها وای دابنێ کە لە مەککەدا پەروەردە بوویت و باوەڕت بەوە هەیە کە باو و باپیرانت باوەڕیان پێی هەبووە لە پیرۆزی بتەکان و دەســـت دەهێنیت بە بتەکاندا وەک مفەڕک و داوای یارمەتی و خێر و بەرەکەتیان لێ دەکەیت. دایکی میهرەبانت لەســـەر ئەمە پەروەردەی کردوویت تۆش لە منداڵییەوە ڕاهاتوویت لەســـەری و هیچی تر نابینیت جگە لەوە، پاشــان پیاوێکی داماوی بێ دەســەلات دێت جنێو دەدات بەو

بتانەی کە تۆ بەلاتەوە پیرۆزە و خزم و کەسوکار و دۆستان و خەڵکی شارەکە هەموویان ڕقیان لێی دەبێتەوە چی توانج و ڕەوشتی ناشرین هەیە دەیدەنە پاڵی.

تۆ لێرە هەڵوێست چی دەبێت؟ تکایە پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەیتەوە بە قووڵی وردبەرەوە! بەشێک لەوەی سەرەوە پرسیاری د.عەلی وەردییە، دەی گرنگ ئەوەیە بۆ هەر کاتێک و بۆ هەر کۆمەڵگایەک دەبێت، ئێمە کاتێک مێژوو دەخوێنینەوە وا هەست دەکەین لەو سەردەمەدا بووینایە دەبوینە پاڵەوانی مێژوو بەڵام بێ ئاگا لەوەی ئەمڕۆش مێژووی سبەینێیە و ئەمڕۆ بوونیادی داهاتووی ئەو گەلەیە، مەولانای ڕۆمی لە مەسنەویدا دەڵێت: موسا و فیرعەون نەمردوون لەناو و دەوری تۆ دان، هەر بەڕاست ڕۆڵی ئێمە چییە لەو مێژووەی کە تێیدا دەژین؟ ڕۆڵمان چەند جێی شەرمە؟! ئەوتا ئێستاش نەمروود دەژی پرسیارەکە ئەوەیە نەوەکانی ئیبراهیم کوان؟

ئەبێ ئێمە لە شتەوە ببین بە مرۆڤ ئەوکات قەبارەی کاریگەرییمان لەسەر ئەم هەسارەیە وەک کاریگەریی مانگ دەبێت لەسەر زەوی نەک زیخ و ڕیخ، لام وایە کە شت بە پێوەری بیرکاری دەپێورێ بەڵام لۆژیکی پێوانەی مرۆڤی خاوەن سەنگ جیاوازە بۆ نموونە لە بیرکاریدا دوو کۆ دوو دەکاتە چوار و گرنگ نییە ئەو دووانە لە کوێوە هاتوون یەکیان دە بووە و هەشتی لێ دەرکراوە یان یەک و یەک بوون و کۆ کراونەتەوە بەڕاستی ئەمە گرنگ نییە لە بیرکاریدا، بەڵام لە پێوانەی کۆمەڵایەتیدا بەهای دوودانە یەک

یەکســـــان نین. بۆیە لە پێوانەی کۆمەڵایەتیدا دەبێت بزانین ئەو یەکانە لە کوێوە هاتوون بۆ نموونە کەســـێک دەتوانێت چەند کەسێک دابنیشێنێت ئەگەر مامۆستا بێت، یەکێکی تر دەتوانێت بە دەستێک چەندان ئۆتومبێڵ ڕابگرێت ئەگەر پۆلیسی هاتوچۆ بێت، ڕەنگە کەســـێک بتوانێت لێرە لە خەڵک بدات و ســـوکایەتییان پێ بکات بێ ئەوەی کەس پێی بوێرێت ئەگەر کوڕە بەرپرس بێت. ڕەنگە لێرە کەسێک بتوانێت دزی بکات و نەگیرێت ئەگەر بەرپرس بێت، لەمەوە تێدەگەین یەک یەکســـــان نییە بە یەک لە لۆژیکی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە دەبێت بزانین ئەم یەکە چۆن و لە کوێوە هاتووە بەرەنجامی کۆکردنەوەی دوو نیوە یان لێدەرکردنی نۆیە لە دە، پێوەری کۆمەڵایەتی کۆهۆکارە تەنانەت ڕەچاوی گیرفان و قەبارە و هێز و تەمەن و ڕەچەڵەکیش دەکات. کەواتە دەبێت بەها بدەین بە خۆمان تا بتوانین ڕۆڵمان هەبێت لە دیاری کردنی گوزەرانی ئێستا و ڕابین بە ڕۆڵی مێژووییمان، مامۆستا تەحسین حەمە غەریب دەڵێت: جاران شێخ و شێخ، مەلا و مەلا، بازرگان و بازرگان کێبڕکێیان دەکرد بەڵام ئێستا هەمووان پێکەوە کێبڕکێیانە، بۆیە لەو گۆڕەپانە گەورەیە ســـەرکەوتن گرانە و بارگرانی و ماندووبوونی زۆری دەوێت، کە ئەمە نائارامی زۆر دەکات و ئەنجامەکەشـــی بە دڵمان نابێت. فەیلەســـوفی فەرەنســـی ئالان دووباتن لای وایە ئێمە هەمووان لە ڕاڕایی پێگەداین و دەمانەوێت پێگەی خۆمان هەبێت، لەم دۆخە تێکهەڵچووەی جیهاندا پێکەوە

ڕکابەرین کە ســــەرەنجام کەس ســــەرکەوتوو نابێت وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت.

ئەی چی بکەین؟! بە ڕام دەبێت خۆمان لەگەڵ خۆمان ڕکابەر بین هەموو ڕۆژێک لە خۆمان ببەینەوە و ئەمڕۆ لە دوێنێ باشــتر بین ئەمە پاڵەوان بوونە، ئەوەندە باشـــتر بین ببینە کەســـێکی خاوەن پێگە، پێگەیەکی وا کە بتوانین دەســـــتکاری دونیای خۆمان بکەین، ئەم شـــەڕە لەگەڵ خۆماندا دەکەین، گەر ئەم شـــەڕەی خۆ باشــتر کردنەوە نەکەین بەردەوام هێرش نەکەین لەپڕ جیلێک (نەوەیەک) دوای خۆمان پێشـــمان دەکەون، ئیتر بۆ هەتایە دەچینە مێژووەوە بێ ئەوەی مێژوویەکمان تۆمار کردبێت.

## پەیمان

لە شـــارێکی دوور لێرە ڕۆژانەی هەر کرێکارێک ســـی دینار بوو، ڕۆژێکیـان ژن و پیـاوێـک دەڕۆنە مەیـدانی کرێکـارەکـان و لەو مەیدانەدا کرێکارەکان دەوەســـتن تا کاری ئەو ڕۆژەیان دەســـت بکەوێت، پیاوێک دەچێتە ناو کرێکارەکان و دەڵێت: "پێویســـتم بە ســـێ کرێکارە بەڵام ڕۆژی پانزە دیناریان پێ دەدەم"، زۆربەی کرێکـارەکـان دوور دەکەونەوە بەڵام لەنـاو ئەو کرێکـارانەدا دوو کرێکار کە بیانویان ئەوەیە زۆر پێویســـتیان بە پارەیە و چەند ڕۆژە کـاریـان نەکردووە داوای خـاوەن کـارەکە قبوڵ دەکەن و دەڕۆن بۆ ئیشـــکردن لەگەڵیدا، کاتێک دەگەنە شـــوێنی کارەکە پێشـــوازیەکی باشـــیان لێ دەکرێت و تا ئێوارە کاریان پێ نادەن، ئێوارە کرێی خۆیـــان وەردەگرن و دەڕۆنەوە، بۆ ڕۆژی دواتر خاوەن کارەکە دەڕواتە هەمان شـــوێن و دەڵێ پێوســـتم بە دە کرێکارە بە هەمان نرخی ڕۆژی پێشوو واتا پانزە دینار ئەو ڕۆژە دوو کرێکـارەکە لە خـاوەن کـارەکە زیـاتر هەوڵ دەدەن بۆ ڕازی کردنی کرێکارەکانی تر و پێیان دەڵێن ئیشـــەکە ئاســـانە و هەر دانیشـتنە، ئەم جارە لەگەڵ خۆیان هەشـت کرێکار دەبەن، کۆتایی ڕۆژ هەموو کرێکـارەکـان پـارەی خۆیـان وەردەگرن بەبێ ئەوەی کارێکیان کردبێت. ئەم جارە خاوەن کارەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک دیـار نـامێنێت و هەڵای ئەم ئیشـــە ئـاســـانە بە تەواوی لەنـاو کرێکارەکاندا بڵاوبووبووەوە. دوای هەفتەکە کاتێک خاوەن کارەکە

دەچێتە مەیدانەکە ئەمجارە کرێکارەکان هەموو لێی کۆدەبنەوە و داواکارن بیان بات بۆ ســـەر کار ئەمجارە زیاتر لە پێنج ســـەد کرێکار دەبات و دەست دەکات بە درووستکردنی سەدان یەکەی نیشـــتەجێبوون و بە هەر کرێکارێک پانزە دینار دەدات کە ئەم نرخە نیوەی کرێی کارکردنی جاران بوو لەو ڕۆژەوە کرێکاری کرێکەی لە ســـی دینارەوە بو بە پانزە دینار. ئەمەش بە هۆی شـــکاندنی ئەو پەیمانەوە بوو کە لە نێوان کرێکارەکاندا هەبوو کە ڕێککەوتبوون بە سی دینار کار بکەن، ڕۆژانە هەموو کرێکارەکان باجی دوو هەڵەیان دەدا، یەکەم ئەو خیانەتەی دوو کرێکارەکە بە بیانوی پوچ کردیان. هەڵەی دووەم ئەوەبوو؛ لە کاتی خۆیدا هەڵوێســتیان وەرنەگرت لەســـەر ئەو پەیمان شـــکێنییە. (ڕۆژێک کەرێک لە خۆیەوە پێ دەکەنی وتیان بەچی پێ دەکەنیت؟ وتی: بە نوکتەکەی دوێنێ) هەر کەســێک بۆ هەر ڕوداوێک زوو تێنەگات و هەڵوێســـت وەرنەگرێت و کێشـــەکە نەبینێت و چارەســـەری بۆ نەدۆزێتەوە، درەنــگ قســـەکردن لەســـەری وەک پێکەنینە بە نوکتەکەی دوێنێ.

دوای تەواوبوونی پرۆژەکە کە زیاتر لە هەزار ڕۆژ کارکردنی تێدابوو هاوڕێکانی خاوەن کارەکە لێیان پرســـی چۆن توانیت کرێکارەکان ڕازی بکەیت بە نیوەی کرێی ڕۆژانە کارت بۆ بکەن؟ خاوەن کارەکە وتی: تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم پارەی بەلاشـــم دا بەچەند کەســێکی تەماڵ و بندیوار کە خۆیان و هاوڕێکانیشـــیان ناچاربوون بەو کرێ کەمە کاربکەن.

دەمەوێــت بڵێم گەنــدەڵی و نەزانی دووانەی لەدایکبووی یەک کۆمەڵگەن، کرێکـارەکـانی ســـەرەتـا گەنـدەڵ بوون ئەوانەی کە قســـەیان نەکرد لەســـەر ئەو گەندەڵییە ترســنۆک و نەزان بوون، باجەکەشی هەژاری و نادادی بوو بۆ هەر هەموویان. زۆر پەیمانی کۆمەڵایەتی هەیە کە دەبێت بە هەمووومان دەســـتی پێوە بگرین و ڕێ بەکەس نەدەین بۆ تەنیـا ڕۆژێکیش لەو پەیمـانە لابـدات و هەندێک پەیمان هەیە کە بۆتە کولتوورێکی خراپ و زیانی هەیە بۆ هەمووان، بۆ نموونە ئێمە بەتەواوی بە شـەو نووسـتوین تا ئێسـتا ئەوانەی بە ڕۆژ کاریان دەســـت ناکەوێ نەیان توانیوە بۆخۆیان کارێکی شـــەوانە بدۆزنەوە، گەر نیوەمان بە ڕۆژ کاری هەبێت، ئەوا دەکرێـت نیوەکەی تر بە شـــەو کـار بکـات. کورد دەمێکە وتویەتی: ئـاســـن بە گەرمی بکوتە، هەر لەمڕۆوە لەو پەیمـانـانە دەربچۆ کە ڕێگرن لە کارکردن و پێشـــکەوتن، و بە توندی دژی ئەو بندیوارانە بە کە لەپێناو تەمەڵی و ئیســـراحەتی خۆیان باری ئێمە گران دەکەن دەبێت داهاتوو لەمڕۆوە دەســـت پێ بکەین نەک سبەی.

## دەستکاری دونیا

ئەم باسـە کاتێک دێتە بەر باس واتە دونیای ئەمڕۆمان بەدڵ نییە و دەبێت دەسـتکاری بکەین و باشـی بکەین. مادام بیرۆکەی هەوڵدان بۆ ژیانێکی باشـترت هەیە، ئەوە ئەنجامدان و ئەنجام نەدانی ئەوەندە لەیەکەوە دوور نییە تەنیا وەسـتاوەتە سـەر بیر و بڕیار و کاری تۆ، ئەم دەسـەڵاتەی ئەمڕۆ ئەوەی بەرهەم هێناوە کە هەیە، کەواتە داوا لە لایەکەی ترە بۆ دەستکاری دونیا.
بەرەی دژبەر دوو بەشـە، گەورەکەیـان پۆپۆلیزمە و هیچی نەکردووە، بچوکەکەشـیان کە بەرنامەی هەیە و نەگەیشـتۆتە خەڵک، با یەک یەک باسـیان بکەین، پۆپۆلیزم گۆڕانکاری پێ ناکرێت، چونکە ئەو سـاتەی پۆپۆلیزم دوژمنەکەی لەناو دەبات خۆشـی لە بەین دەچێت. ئاخر پۆپۆلیزم کارێکی نییە جگە لە دوژمنایەتی کردنی دوژمنەکەی. خۆ ئەگەر هێزێـک بەرنـامەی تەواوی هەبێـت نە کـاری بە دوژمنـایەتی هەیە، نە بە لابردنی بەربەسـتەکان کاری تەواو دەبێت، بەڵکوو کاری سـەرەکی ئەو ئەودەمە دەست پێدەکات.

بۆ نموونە؛ ڕاوچییەکە زیاتر لە تەڵەی پۆپۆلیزم تێدەگەین، ڕاوچی ماسـییەک کە خۆی حەزی بە یاپراخ بوو، کەچی کە دەچووە ڕاو کرمی دەکرد بە قولاپەکەیەوە، چونکە ماسـییەکان حەزیان بەوە بوو. ماسییەکان بەوە ڕاودەکران کە حەزیان لێی بوو، کام ماسییە

تێـدەگەشــــــت کە ڕاوچی ئـامـانجی تێرکردنی خۆی بوو نەک ماســــییەکان؟ ئەو ماســــییەی کە دەمی بە قولاپەکەوەیە. چ بێ سوودە ئەو زانینە، ئەو گەلەی کەوتووە وەک لاشـەیەکی بێ گیان، بۆ هەسـتانەوە پێویسـتە هەموو لاشـەکە پێکەوە ببەسـترێتەوە بە دەمار تا بتوانێت هەڵبستێتەوە سـەرپێی خۆی، ئەوە پێی دەوترێت ڕێکخسـتن، ڕیکخسـتن مانادانە بە وشـە و بە بیر هەر قسـەیەکی سـیاسـی لە ڕیکخســـتندا نەکرێت بێ ئەنجامە بۆڵەبۆڵ و سـەرگەرمییە تەنیا ڕیکخسـتن قسـەی سیاسـی دەگۆڕێت بە کاری سیاسی، تەنیا کۆمەڵە کەسانێکی کەم دەتوانن ببنە خانەی دەماری بۆ ئەم لاشـــە بێ گیانە. کەواتە ئەندامەکانی ڕێکخســــتن، ئەوانە کۆمەڵە کەسـانێکی تایبەتن کە درووسـت ناکرێن بەڵکوو خۆبەخۆ هەن، تەنیا ڕێک دەخرێن. لەوانەیە لێم بپرسی: واتە چی درووست ناکرێن و خۆبەخۆ هەن؟ دەگێرنەوە پیرە هەڵۆیەکی ئەو کێوانە کە چەنـد نەوەیەک هەڵۆی پێگەیـانـدبوو هەمووی هەڵۆی بەرزەفڕ و ئـازا و ئـازادی ئەو هەردانە، ڕۆژێـک لێکۆڵەرێـک هێلانەکەی دەدۆزێتەوە و هێلکەکـانی دەگۆڕێت بە هێلکەی مریشــــک، پیرە هەڵۆی دایکی ســــەدان هەڵۆ لەســــەر هێلکەکان کڕ دەکەوێت و هەڵیـان دەهێنێـت، ئەم جوجەڵانە کە لەنـاوەوە مریشــــکن هەر گـارەگـاریـان دەکرد و گەورە نەدەبوون و نەدەبوونە بەرزەفڕ و پاشـــای کێوان، کێشــــە لە دایکەهەڵۆکەدا نییە کە نەتوانێت هەڵۆ پەروەردە بکـات، بەڵام چی بکـات کە ئەم جوجکـانە لەنـاوەوە مریشکن و چ جاران نابنە هەڵۆ.

بۆیە داوام وایە لە ڕێکخستندا بۆ هەڵسانەوەی ئەم گەلە چ جاران خۆ دگەڵ وان مریشکان خەریک نەکەن، ئەوەی سیاسەت دەکات دەبێت ئەوە بزانێت سیاسەت باشترین هەڵسوکەوتە لەگەڵ ناهەمووارترین دۆخدا و ڕاسترین تێگەشتنە لە قەزا و قەدەر و بەجۆرێک کار بکەن وەک ئەوەی نەبەخت بوونی هەبێت و نە قەدەرێکی نووسراو، دەبێت بزانن ئەوەی ڕوو دەدات هەمووی وەستاوەتە سەر ئامادەگی و تێکۆشان، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە خوا حوکمی جیهان دەکات و تەنیا ئەو بڕیار لە سەرکەوتن و کەوتن دەدات، ئەمەش مایەی بوێری و ئومێدە لە بێ دەسەڵاتیدا و مایەی ترس و بە ئاگابوونە لە کاتی بە دەسەڵاتیدا.

چیرۆکی دەروێشەکەی سەعدی بۆ ئێرە گرنگە سەعدی لە بوستاندا، باسی دەروێشێک دەکات کە ڕێوییەکی بێ دەست و پێی بینیوە سەرسام بووە بە لوتف و کاری کردگار، دەروێشەکە سەرسام بووە کە ئەم ڕێوییە بەم حاڵەوە چۆن بژێوی بە دەست دێنێت و چۆن ژیان دەکات، هاوکات شێرێکی بینی کە ئاسکێکی ڕاوکردبوو، شێر تێر و پڕی لێ خوارد و بەجێیهێشت بوو، ڕێویەکەش چووە سەر بەرماوەکە و سکی خۆی تێرکرد، ڕۆژی دواتر دەروێشەکە هەمان ڕاو و ڕووداوی بینی لە دڵی خۆیدا گەشتە ئەو ئەنجامەی کە خودا ڕۆزیدەرە و پەکی کەس ناخات، بۆیە لە کونجی ماڵدا لێی دانیشت و دەستی لە کار و خۆماندووکردن هەڵگرت و پاڵی لێ دایەوە و چاوەڕێی کەرەمی

خوا بوو، چەند ڕۆژ تێپەری هیچ هەواڵێک نەبوو، دەرویش لە برسان زۆر تەنگەتاو بوو لەم حاڵەدا نیدایەک لە ئاسمانی غەیبەوە درا بە گوێی دەرویشدا: چونکە تۆ لە داستانی شێربوونەوە بەخشین فێر نەبوویت، بەڵکوو سوودت لە ئەزموونی ڕێوی مشەخۆر وەرگرت بۆیە دەبێت زەلیل بیت.

ئێمەش دەبێت ئومێدمان بە خوا بێت، بەڵام نابێت بە پاڵکەوتنەوە چاوەڕێی ڕەحمی خوا بین، مێژوو شایەتی ئەوە دەدات هیچ کەسێکی گەورە قەرزاری شانس نییە، هەڵۆ گەر مریشکیش هەڵی بهێنێت هەر هەڵۆیە، هەڵۆ لە چیا و لەناو قەفەزدا هەر هەڵۆیە وەک چۆن مریشک چ جاران نابێتە هەڵۆ. وەک ستالین دەڵێت: مریشک پەر و باڵی بکە و برسی بکە هەمان ئەو کەسەی کە پەڕ و باڵی کردووە دوو دەنک گەنم بەدەستییەوە بێت مریشکەکە بە دوایدا ڕادەکات. بێ ئەوەی بیربکاتەوە کە هەمان کەس کە گەنمی دەداتێ ئەو کەسەیە کە پێشتر پەڕ و باڵی کردووە، بیر لە تۆڵەی خۆیان ناکەنەوە لە پێناو دوو دەنک گەنمدا. هەم بێ دەنگ دەبن هەم شوێن کەوتە، ئەم جۆرە لە مرۆڤیشدا هەیە، ئەمانە قەت نابنە هەڵۆ، نابێت چاوەڕێیان لێ بکرێت ببنە خانە دەماری هەستانەوەی ئەو گەلە، چونکە ئەوە کاری مەردە نەک بودەڵە.

دەگێرنەوە جارێکیان بودەڵەیەک شۆفێری دەکات دەبینێت هەموو سەرنشینەکان نووستوون، دەست دەکاتە هاتوهاوار و دەنگەدەنگ: بۆ کێ شۆفێری دەکەم؟ بێ ئاگا لەوەی خۆشی وەک ئەوان دەگات، ئیتر منەت کردنی بۆچییە؟ ئەویش شۆفیری نەکات

کەسـیکی تر دەیکات. هەڵۆکان ئەوەی دەیکەن بە ئەرکی دەزانن و کەس بە قەرزاری خۆیـان نـازانن و چون کـارەکە کـاری مەردانە بەکـاری خۆیـانی دەبینن، کـارکردن بۆ دەســــتکـاری دونیـا و هەڵســــانەوەی گەلێک کـاری هەموو کەس نییە و گلەیی لەوانە ناکرێت کە پێیان ناکرێت بەڵام وەک بێکەسی شاعیر دەیوت:

چارەسازان، کاربەدەستان
بۆچی وا مات و بێدەنگ و دوورن
ئۆباڵی قەومی کورد لە ئەستۆی ئێوەیە

# شەڕەکە

لە یەکێک لە زانکۆکانی وڵاتی سوید، دکتۆرێک پرسیاری لە خوێندکارەکانی کردبوو: "ئەگەر حەبێک هەبێت دوای خواردنی تا کۆتایی تەمەن بیان خەوێنێت و قەت لەخەو هەڵنەسنەوە بەڵام لەو خەوەدا بگەن بە هەموو خەونەکانیان ئامادەن ئەو حەبە بخۆن یان نا؟" لەو گرووپەدا کە نزیکەی بیست و پێنج خوێندکاری تیادابووبوو، کەس ئامادە نەبوو کە بیخوات، چونکە غەریزەیەکی سرووشتی مرۆڤە کە دەیەوێت بژی و زیندووبێت و بەخەبەربێت. خۆی ئەوە بەدەست بهێنێت کە دەیەوێت، بۆیە ئێمەش دەبێت ئەو شەڕە بکەین و ئەوەی دەمانەوێت بەدەستی بهێنین. بەردەوام ئەوترێت کە ئەم شەڕە زۆر کراوە ئەنجامی نەبووە! ئەم قسەیە ڕاستە بەڵام سەرەکیترین هۆکار بۆ شکست لەم شەڕە شەڕکەرانی پێشوو بوون، چونکە خۆیان لەسەر بەرانبەر پێناسە دەکرد و دەیان وت: "من دژی ئەوم، یان من وەک ئەو نیم"، بەڵام بۆ ئەنجامی شەڕەکە گرنگ نییە تۆ دژی کێیت یان وەک کێ نیت پرسیارەکە ئەوەیە خۆت کێیت؟ ئەو نەمێنێت دەبیت بە چی؟ وەک پێشتر وتمان نابێت لەم شەڕەدا ڕۆڵی ئاوێنەی پێچەوانەی ئەوان بگێڕیت، بە نەمانی ئەوان ئاوێنەکەش هیچ نیشان نادات، و بە بوونی ئەوانیش ئاوێنەکە هەر ئەوان نیشان دەدات، بۆ ئەم شەڕە دەبێت خۆمان وێنەیەک بین بۆ خۆمان، ئێمەی جەنگاوەری ئەو مەیدانە دەبێت پێناسەیەک بین بۆ ژیان و بوژانەوە و بوونیادنان.

گرنگی جەنگاوەر وەک گرنگی لێدانی دڵە بۆ لاشـــەی کەوتوو و پێکراومان وەک (چاوە و ڕێبوار) دەڵێن:

ئەوێستە تۆی لە شەوی تار مۆمی هەڵگیرساو

لەنێو دڵی شەوەزەنگا وەکوو گڕێک ڕاســـاو

کاتێک سـەیری وێنەیەکی بە کۆمەڵ دەکەیت کە لە وێنەکەدا خۆتی تێدا بێت، یەکەم شـوێن کە سـەیری دەکەیت کوێیە، بێگومان لەناو هەمووواندا سـەیری خۆت دەکەیت و دەتەوێت دەرکەوتنی خۆت لە وێنەکەدا هەڵبســـەنگێنیت، ئەی لە وێنەی جیهاندا ڕۆڵی تۆ چییە؟ وێنەی ئەمڕۆی گەل کە بووە مێژوو تۆ لە کوێی ئەو وێنەیەدا دەبیت؟ ئەم شـەڕە هەر کەسەو بەپێی شوێن و تایبەتمەندی خۆی دەبێـت بیکـات ڕاســـتە مووس تیژە بەڵام نـاتوانێ دار ببڕێـت، تەوریش بەهێزە بەڵام ناتوانێ موو بتاشێت، بۆ ئەم شـەڕەش هەر یەکەمان بەپێی کار و شـــوێن و پێگەکەمان ئەم شـــەڕە دەکەین لەســـەر کار، لە ژینگە، لە کۆمەڵگە، لە کۆلێژ، لە هەر شـــوێنێ کە پێویستە هەبین.

ئێمە پێویســـتە تەنیا خۆمان تاوانبار بکەین ئەگەر ئێمە ملیۆنان کەســـی گەندەڵ و بوودەڵە بە تەنگ بەرپرســـیاری ئەخلاقی و ویژدانی و نەتەوەییەوە بچوینایە ئێستا ژیانمان وا نەدەبوو. دەڵێن ڕۆژێک کۆمەڵێک منداڵ لە ژوورێکدا بە تۆپێکی هەوری یارییان دەکرد، تۆپەکە کەوتە لای ئاگردانەکە و ئاگری گرت، کەســـیان نەیان کوژاندەوە یەک بۆ یەک هەڵیان دەدا، تا وای نیشـــان بدەن خەتای ئەو کەســـەیە کە تۆپەکەی لایە، ئەم یاری کردن بە ئاگر و

ڕاکردن لە بەرپرســـــیاریێتییە ئەم خەتا بەخشـــــینەوەیە وای کرد ماڵەکە بسوتێ و ئەوانیش لەنێو ماڵەکەدا بوون.
پف لەو دونیایەی کە بە ڕاکردن لە بەرپرسیاریێتیمان درووستمان کردووە، نەک نا بەرپرسیارین بەخوا هەر ئێمە پیاوە گەورەکان و کەسە دڵسۆزەکانمان بە ئازاری بێباکی و خەم ساردییەوە کوشت، بەڵام هەرچی لەژێر ڕۆشنایی خۆردا ڕوو بدات ڕوویەکی ڕۆشن و ڕوویەکی تاریکی هەیە، ئەم شـــــەڕی ڕووناکییە با بکەین، با بیکەین بەورە و بەوردی ئەم شـــــەڕی ئیرادەیە بکەین، ئەم کارە دوو ڕەهەندە ڕاستە ئەمە شەڕی ئیرادەیە بەڵام مەرجی سەرەکی و ســـــەرکەوتن ئیدارەیە، پێویســـــتییەکی یەکلاکەرەوەیە ئیدارەی ئیرادەی ئەم شـــــەڕە، دەبێت وەک ماکیاڤیلی بگەین بەو ئەنجامەی کە دەکرێت لەسەر کاغەز بڕیار لەسەر ئەنجامەکانی شەڕ بدەین، بەڵام شەڕەکانی ناو کۆمەڵگە دەرخەری ئاستی زانین و پێگەشتنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەن. ئەرێ بەڕاســـت، شـــەڕەکانی ئێمە لەســـەر چین؟ چەند شەرمە شەڕێکی تر بخەینە پێش ئەم شەڕە، گرنگترین کاری ژیانت ئەوەیە کە بزانیت گرنگترین کاری ژیانت چییە. هەر ئەوەی کە ڕیزبەندی بۆ باســـە گرنگەکان ناکەین وامان لێ دەکات کە دەڵێین خۆزگە دە ســـاڵ پێش ئێســـتا ئەو شـــتەم بکردایە، من دڵنیام دە ســـاڵی تریش ئێمە دەڵێین خۆزگە دە ســـاڵ پێش ئێســـتا ئەمەمان بکردایە. دەی لێتان ڕوون بێت لە ئێســـــتادا کارکردن لەســـــەر خۆزگە شـــــەڕی دەوێت، گۆڕینی دونیا گۆڕینی خراپ بە باش شەڕی دەوێت، لە ئێستادا ژیان شەڕی دەوێت، ئاخ هەڵکێشان

بۆ بوون بە جەنگاوەر لە شـــەڕێکی حەقدا، ڕەخنەگرتن لە خەڵکی ئەو ســـەردەمە کە بۆ بەرەی حەقیان نەگرتووە، من لەوێ بام لە بەرەی حەقدا دەجەنگام ئەو ئاخ و باســە درۆی هەموو درۆزن و ترســنۆکێکە لە هەر ســەردەمێکدا. هەر بۆ نموونە، ئێســتا ئەو دۆخەیە، ئەو کاتەیە کە دەکرێت من و تۆ، ئێمە تێیدا جەنگاوەر بین، باش بین بڵێین بەئەخلاق بین، بەڵام بەئەخلاق بوون جەنگاوەر بوون قوورســە وەڵا قوورســە، کاتێک داغڵی شــەڕێکی ڕاستی دەبین بە دەگمەن کەسێک هەیە بتوانێت لەسەر ئەو عەهد و پرەنسیپ و بنەمایانە بمێنێتەوە کە بانگەشەی بۆ دەکرد، لەگەڵ ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکەدا زۆر کەس بەرگی جوامێری فڕێ دەدەن و ســـەرکەوتنیش تەنیا بۆ جوامێری ڕاســـتی و مەردی مەیدانە.

ئەم شـــەڕە لە مەملەکەتی چوار کەســـەکەدا ناکرێت ئەم مەیدانە جێگەی (هەموو کەســـێک) نییە و لە مرۆڤە باوەکان چاوەڕێ نین کە (کەســـێکیان) بیکات، چونکە (هەرکامێکیان) بیانویەکی هەیە بۆ نەکردنی و (هیچ کەســـێکیـان) مرۆڤی ئەم مەیـدانە نین، ئەم مەملەکەتە جێی ژیانی ئێمەیە، هەر ئێمە، من و تۆ ئەم شـــەڕە دەکەین.

## کۆتایی

لە کۆتایدا وەک مامۆستا هێمن دەڵێت:

گەرچی توشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمـن<br>
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن<br>
من لە لۆمە و تانە و زنجیر و دار باکـــم نییە<br>
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن<br>
گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمرۆ ڕەقهەڵێم<br>
نۆکەریی بێگانە ناکەم تا لەسەر عەردم ئەمـــن

منیش بە هەموو نووسراوەکانی ناو ئەم پەڕتووکە ویستوومە بڵێم بە دڵنیـاییەوە دەکرێ و دەبێت گوزەران و دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان لە ئێستا زۆر باشتر و خۆشتر بێت، و ئەگەر نەمتوانی بێت هانی ئێوە بدەم لێرەوە بڕۆن بۆ ئەوێ، خەتاتان لێ ناگرم و تاوانبارتان ناکەم بەوەی کە خەمســــاردن یان تێنەگەیشـــتوون، بەڵکوو ســـوچی منە کە پەیامەکەم باش نەگەیاندووە و بەڵگەکانم ڕوون و ڕەوان نەبوون، ڕێگاکانم باش و جێ باوەڕتـان نەبووە، بەڵام لاتان ڕوون بێت ئەو ســەفەرەی کە باســم کردووە حەتمیە، هەر دەبێت لێرەوە بڕۆین بۆ ئەوێ.

2021-04-24

کات 2:58 ی شەو (ڕەمەزان)


تەوێڵە، ئەو شوێنەی حەزرەتی ئیبراهیم تێیدا نەسووتا..

تکا لە خوێنەرانی دڵسۆز دەکەم هەر سەرنج و پێشنیارێک و تێبینیەکیان هەیە لە ڕێگەی ئیمێڵ، ژمارەی مۆبایل، فەیسبووکەوە ئاگادارم بکەنەوە و دیدمان فراوانتر و ڕێمان ڕۆشنتر بکەنەوە .


revan.osmanj@gmail.com

Revan Osman

0750 104 5924


کاتێک سەیری وێنەیەکی بە کۆمەڵ
دەکەیت کە لە وێنەکەدا خۆتی تیا بیت
یەکەم شوێن کە سەیری دەکەیت کوێیە ؟
بێگومان لەناو هەموواندا سەیری خۆت
دەکەیت و ئەتەوێت دەرکەوتنی خۆت لە
وێنەکەدا هەڵبسەنگێنیت ئەی لە وێنەی
جیهاندا ڕۆڵی تۆ چییە؟
وێنەی ئەمڕۆی گەل کە بووە مێژوو تۆ
لە کوێی ئەو وێنەیەدا دەبیت؟